# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.558 Tue 1/ 12/ 2009

نرخ 750 دینار

ژمارە 558 سێشەممە 1/ 12/ 2009







٤

## بەڵگەی تێوەگلانی چەند بەرپرسێک لە گەندەڵییەوە دەدرێتە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان

## جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە:

# ئەگەر هێزی چەکدار بەدەست حیزبەکانەوە بێت مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆی لێدەکرێت

**ڕۆژنامە**

وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەترسی خۆی نیشاندا لەوەی ئەگەر بارودۆخی هێزی چەکداری هەرێم وەک ئێستا بمێنێتەوە، ئەگەری هەموو مەترسییەکی ناوخۆیی دەکرێت، هەروەک وتی: «ئەگەر هێزی چەکدار بەدەست حیزبەکانەوە بێت مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆی لێدەکرێت».

جەعفەر شێخ مستەفا وتیشی: «بوونی هێزی حیزب لە دەرەوەی یاساو نیزام، خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ئەمنو ئاسایشی کوردستان، بەبێ سێو دوو، هەر کەسێک دەڵێت وا نییە، ئەی حیزب هێزی بۆ چییە!؟».

وەزیری پێشمەرگە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە شەخسی خۆی قەناعەتی سەد لەسەدی بە یەکهێزیی حکومەتی هەرێم هەیەو لەگەڵ بوونی هێزی حیزبیی نییە، «ئیرادەو هەوڵێکی جدیش لەئارادایە بۆ یەکگرتنەوەی ئەو هێزانەو خستنیانە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە».

**لە ل٦ و٧دا دەقی چاوپێکەوتنەکە بڵاوکراوەتەوە.**

## ئەو ٩٠٠ خانووەی د.بەرهەم بەردی بناغەکەی دانا، لەسەر بودجەی کۆمپانیایەکی بیانییە نەک حکومەت

**ڕۆژنامە**

ئەو (٩٠٠) خانووەی کە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دروستدەکرێتو لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا لە چەمچەماڵو لەلایەن بەرهەم سالح سەرۆکی حکومەتەوە بەردی بناغەکەی دانرا، لەسەر بودجەی کۆمپانیایەکی بیانیی نەوت دروستدەکرێت، نەک حکومەتی هەرێم.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئیدارەی گەرمیان، لەوبارەیەوە وتی: «ئەو بودجەیەی کە بۆ ئەو پرۆژە نیشتەجێبوونانە خەرجدەکرێت، بودجەی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵکو بودجەی کۆمپانیایەکی بیانیی نەوتە، ئەو (٩٠٠) خانووەش کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە چەمچەماڵ بەردی بناغەکەی دانرا لەسەر ئەو بودجەیەیە».

**لە ل٣دا بەدواداچوونێک بڵاوکراوەتەوە.**

## گۆڕان داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیرێک دەکات

ل٢

## نەوشیروان مستەفا : هێشتا کەرکوکییەکان قسەی خۆیان نەکردووە

ل٣

٨



## ئێریک گوستافسن: ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان لەژێر فشارێکی ئێجگار گەورەدایە

١١

## ئەو ناحیەیەی ٤٨ ساڵە تاپۆی نییە

١٥

## حکومەت هانا بۆ مۆەلیدە ئەهلییەکان دەباتەوە




# نەوشیروان مستەفا: کەرکوکییەکان هێشتا قسەی خۆیان نەکردووەو هێزگەلێک گەرووی خەڵکی شارەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە

ڕۆژنامە_ کەرکوک

نەوشیروان مستەفا داوای لەخەڵکی کەرکوک کرد تەلەفزیۆنی گۆڕان بەهی خۆیان بزانن و دوورلە هەر سانسۆڕێکی حیزبیو سیاسیی پێویستە ئەو تەلەفزیۆنە کێشەو خواستەکانی خەڵک ئاشکرا بکات.

لەکاتی کردنەوەی کەناڵی محەلیی تەلەفزیۆنی گۆڕان لەشاری کەرکوک نەوشیروان مستەفا وتارێکی پێشکەشی خەڵکی شارەکەکرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

خوشکو برایانی بەڕێز سڵاو

بەناوی خۆمو سەرجەم بزووتنەوەی گۆڕانەوە پیرۆزبایی کردنەوەی ئەم کەناڵەتان لێدەکەمو هیوادارم هەمووتان بە کەناڵی خۆتانی بزانن‌و چی خواستو ئارەزوو کێشەکانتانە لە ڕێگەی ئەم کەناڵەوە دەریببڕن.

دەمێکە لە هەوڵو کۆششی ئەوەداین کەناڵێکی تایبەت بە شاری کەرکوک بکەینەوە، کە ئاوێنەی ڕاستەقینەی خواستو ئارەزووەکانتان بێت، کەناڵێک بێت دەنگی خەڵکی کەرکوک بگەیەنێتو دوور لە هەر سانسۆڕێکی حیزبیو سیاسیی کێشەو خواستەکانی خەڵک ئاشکرا بکات، ئەم کەناڵە بۆ ئێوەو لەپێناو ئێوەدا دروستبووە، بۆ ئەوە دروستبووە ئێوە خۆتان قسەی تیابکەن‌و خۆشتان ئاراستەی کارەکانی دەستتینشان بکەن، ئێمە بڕوامان وایە هێشتا کەرکوکییەکان خۆیان قسەیان نەکردووەو ئەوەی هەبووە هێزگەلێک بوون کە گەرووی خەڵکی کەرکوکیان بردووە بەوشێوەی ویستوویانەو لە بەرژەوەندییان بووە بەکاریانهێناوە.

لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا کەرکوک یەکێک بووە لەو گرفتە سەرەکییانەی هەموو بزووتنەوەی کوردی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، کێشەیەک بووە کە خاڵی سەرەکیی ناکۆکی نێوان بەغداو بزووتنەوەی کوردی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەم گرنگییە گەورەیەشداو لە ئەرزی واقیعدا شارێک بووە لە هەموو ڕوویەکەوە فەرامۆشکراوو بێدەنگ کراو، ئەم شارە لەکاتێکدا یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی سەرەکیی عێراق، بەڵام لە ڕووی خزمەتگوزارییو ئابوورییو بووژانەوەی شارەکەوە لە خوار هەموو شارەکانی دیکەوەیە. مەحسوبیەتو حساباتی حیزبیی هیچ دەرفەتێکی ڕاستەقینەی لە ئەرزی واقیعدا بۆ هاوڵاتییان نەهێشتووەتەوەونادادپەروەرییەکی‌گەورەی لە دابەشکردنی سامان‌و لە دابەشکردنی پۆستەکان‌و لە دۆزینەوەی هەلی کارو لە لێپرسینەوەی یاسایی دروستکردووە.

ئەمڕۆ نە لە کەرکوکو نە لە هەرێمی کوردستان‌و نە لە عێراقیشدا شتێک نەماوە ناوی مافی هاوڵاتیو یەکسانی هاوڵاتییان بێت لە ئەرکو مافەکاندا، بەڵکو ئەوەی هەیە چەمکی هاوحیزبیو مەحسوبیەتو نزیکییە لە بەرپرسە حیزبیو حکومییەکانەوە. ئەم کەناڵە خوازیارە ببێتە دەنگی هەموو غەدرلێکراوو ستەملێکراوێکی ئەم شارەو پەردە لەسەر هەموو ئەو بێدادیانە لاببات کە دەرهەق بە هاوڵاتییانی ئەم شارە کراوە.

ئێمە بڕوامانوایە لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە هەلێکی گەورە لەبەردەم هێزە کوردییەکاندا هەبووە بۆئەوەی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییو مامەڵەی یەکسانی خەڵکی ئەم شارەو پەیڕەوکردنی دادپەروەریی لە دابەشکردنی سامان‌و هەلی کاردا جۆرێکی بەڕێوەبەرێتی نموونەیی دروستبکەن، کە هەموو خەڵکی کەرکوک، هەم سەرجەم هێزە عێراقییەکانیش بەجۆرێک ڕازی بکات کە ئاسان نەتوانن دژی خواستی دێرینی بزووتنەوەی کوردی بن بۆ گێڕانەوەی ئەم شارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوەبوو چوونی هێزە کوردییەکان بۆ کەرکوک بە مانای چوونی دیموکراسی زیاترو ئازادیی زیاترو مافی زیاتر بێت بۆ یەک بە یەکو هەموو پێکهاتەکانی ناو شاری کەرکوکو دەوروبەری، بەمانای کرانەوەی زیاترو دادپەروەریی زیاتر بێت بۆ هەموو خەڵکی ئەم پارێزگا خۆشەویستە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا پێچەوانەبوو، هێزە کوردییەکان ئەو دابەشکردنە ئیداریانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو، گواستەوە بۆ کەرکوکو موونافەسەی حیزبییان بەشێوەیەک لەوێ دووبارەکردەوە، کە بووەتە هۆی زویربوونی خەڵکێکی زۆری کەرکوک. ئەم کەناڵە دەیەوێت هەموو ئەم کەموکووڕیانە ئاشکرابکاتو لە ڕێگەی ئەم ئاشکراکردنەشەوە هەمووان پێکەوە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی بدەین.

هاوڵاتییانی بەڕێزو خۆشەویست لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانەوە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئەوە بووە بزووتنەوەیەک بێت لە پاڵو تەنیشتو نزیک لە خەڵکەوە، بزووتنەوەیەک نەبێن پێش خەڵک بکەوێتو خواستو ئارەزوو تەماعە تایبەتییەکانی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، بەڵکو بزووتنەوەیەک بێت کە تەنیا پاش ئەوەی گوێی لە دەنگو خواستەکانی خەڵک دەبێت، بەرنامەڕێژیی دەکاتو بەپێی داواکارییو ئارەزووەکانیان گۆڕان بەسەر دروشمو ئامانجەکانیدا دێنێت. هەر لەسەرەتاوە نەمانویستووە هەڵەی هێزە سیاسییەکانی دی دووبارەبکەینەوە، کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیان بۆ پڕوپاگەندە بۆ بەرپرسە حیزبیو گەورەو بچووکەکانی خۆیان بەکاردەهێنن‌و بیروبۆچوونی حیزبیو ئایدیۆلۆژی خۆیان بەناو خەڵکدا بڵاودەکەنەوە، بەڵکو دەمانەوێت جۆرێکی تازەو ئازادانەی ڕاگەیاندن پێکبهێنین کە خەڵک تێیدا قسەدەکەن‌و هێزە سیاسییەکانیش گوێ دەگرن، بۆئەوەی خواستو ئارەزوو کێشەکانیان بکەن بە بەرنامەو کار بۆ ئەوان بکەن، بزووتنەوەی گۆڕان لەپێناوی ئێوەو بۆ ئێوە دروستبووە لەبەرئەوە ئەم کەناڵەشی دروستکردووە تا لە نزیکەوە گوێی لە دەنگی خەڵکی ئەم شارە بێت، پێ بەپێی ئەوەش کارنامەی سیاسی دابڕێژێت.

لەکۆتاییدا دووبارە پیرۆزبایی لە خۆمان‌و لە ئێوە دەکەم بۆ کردنەوەی ئەم کەناڵەو هیوادارم ئەمە سەرەتایەکی تازە لە پەیوەندیی خەڵکو هێزی سیاسی دروستبکات.

خۆشیو سەرکەوتنتان ئاواتی هەمیشەییمانە.



# خانووی کەسوکاری ئەنفالەکان لەسەر بودجەی کۆمپانیایەکی بیانیی دروستدەکرێت، نەک حکومەت

شارا عەبدولڕەحمان

ئەو (٩٠٠) خانووەی کەسوکاری ئەنفالەکان کە لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا لە چەمچەماڵو لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بەردی بناغەکەی دانرا، لەسەر بودجەی کۆمپانیایەکی بیانیی نەوت دروستدەکرێت، نەک حکومەتی هەرێم، هاوکات ئەو (١٢٠٠) خانووەی دیکەش کە بڕیاری جێبەجێکردنی دراوە هەر لەسەر بودجەی ئەو کۆمپانیایەیە.

ڕۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٢) نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێم، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانیی نەوتدا مۆرکردووە، کە بڕی (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری پارەکە بۆ چەند پرۆژەیەکی ئاودێرییو نیشتەجێبوون‌و پەروەردەو ڕێگاوبان لە دەڤەری گەرمیان خەرجدەکرێت، هەر لە کۆنگرەکەشدا سەرۆکی حکومەت باسی لە دروستکردنی (١٢٠٠) خانوو کرد بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوانی ناوچەکە، کە لەسەر ئەو بودجەیە جێبەجێدەکرێتو لە قۆناغی یەکەمدا (٦٠٠) خانووی دروستدەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە لە ڕۆژی (١١/٢٧) لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا لە سەردانێکیدا د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەردی بناغەی ئەو (٩٠٠) خانووەی دانا، کە سەرۆکی حکومەتی پێشوو بڕیاری لێدابوو، واتە پرۆژەکە هی کابینەی پێنجەمی حکومەتە نەک ئەم کابینە نوێیە، هەر لەسەردانەکەشیدا د.بەرهەم دووبارە باسی لە دروستکردنی (١٢٠٠) خانووی دیکە کردەوە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئیدارەی گەرمیان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد، ئەو بودجەیەی کە بۆ ئەو پرۆژە نیشتەجێبوونانە خەرجدەکرێت، بودجەی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵکو بودجەی کۆمپانیایەکی بیانیی نەوتە، ئەو (٩٠٠) خانووەش کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە چەمچەماڵ بەردی بناغەکەی دانرا لەسەر ئەو بودجەیەیە، سەرچاوەکە وتی: «پێویستە بەرپرسان سەرچاوەی بودجەکە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان ئاشکرابکەن، نەک بیکاتە بودجەی خۆیو بەناوی کارو چالاکی حکومەتەوە بە خەڵکی هەژارو ئەنفالکراوانی بفرۆشێتەوە».

هاوکات سەعید ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئیدارەی گەرمیان، نکۆڵی نەکرد لەوەی کە ئەو پرۆژە نیشتەجێبوونانەی کە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکرێن لەسەر بودجەی کۆمپانیایەکی بیانییە، نەک حکومەتی هەرێم. بە ڕۆژنامەشی ڕاگەیاند: لیژنەیەک بۆ خەرجکردنی ئەو (٢٠٠) ملیۆن دۆلارە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێکهێنراوە کە بەپێی گرێبەستێک لەلایەن کۆمپانیایەکی بیانیی نەوتەوە دابینکراوە، چەند پرۆژەیەکیش لەو بودجەیە ئەنجامدەدرێت وەک ڕێگاوبان‌و ئاودێرییو دروستکردنی قوتابخانەو یەکەی نیشتەجێبوون، ئەو یەکانەش کە لە ئێستادا بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دروستدەکرێت لەسەر ئەو بودجەیەیە».

هەرچەندە پرۆژەی دروستکردنی خانووەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوانی چەمچەماڵ لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵام لە میانەی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتدا بۆ چەمچەماڵو دانانی بەردی بناغەی ئەو پرۆژەیەدا لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتییەوە باس لەوەکرا، کە سەرۆکی حکومەت وەک چۆن لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی بە خەڵک دابوو، لەئێستادا بەڵێنەکەی دەباتەسەرو خانووی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دروستدەکات.




# سبەی سێ پەرلەمانتاری نوێی گۆڕان دەستبەکاردەبن

ڕۆژنامە

بڕیارە لە دانیشتنی سبەی چوارشەممە ١٢/٢ی پەرلەماندا، سێ ئەندامە نوێکەی فراکسیۆنی گۆڕان سوێندی یاسایی بخۆن، کە بەهۆی ریزبەندی ناوەکانیان‌و دەستلەکارکێشانەوەی سێ ئەندامی دیکەی فراکسیۆنەکەوە بوونەتە پەرلەمانتار، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە ماوەی (١٠) ڕۆژە وادەی یاسایی بۆ ئامادەبوونیان لە هۆڵی پەرلەماندا لایداوە.

بەپێی یاسای هەمواركردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە حاڵەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان بەبێ هیچ هۆیەکی ڕەوا، ئەوا دوای (٩٠) ڕۆژ لە مێژووی سوێندخواردنی ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستاندا مافی ئەندامێتی لەدەست دەداتو پاڵێوراوی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە، بەهۆی ئەوەش کە سێ ئەندامی ریزبەندی سەرەتای فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەستیان لەکارکێشایەوە، بەپێی ئەو یاسایە دەبوو سێ ئەندامی دیکە لە ریزبەندی دواوەی لیستی ناوەکان بێنە جێگەکەیان، بەڵام لە (١١/٢٠)ەوە ئەو وادە دیاریکراوە بەسەرچووەو تائێستا سێ ئەندامە نوێیەکەی فراکسیۆنی گۆڕان، کە بریتین لە هەریەکە لە (عەبدولڕەحمان حسێن (دهۆک)، شێرزاد عەبدولحافز (چەمچەماڵ)، ئاشتی عەزیز (سلێمانی)، نەچوونەتە پەرلەمان.

کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نامەیەکمان داوەتە سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە لە ڕۆژی دووشەممەی هەفتەی ڕابردوودا ئەو سێ ئەندامەی فراکسیۆنەکەمان سوێندی دەستبەکاربوون بخۆن، بەڵام بەداخەوە نە دوو شەممەو نە ڕۆژەکانی دوای ئەویش دانیشتنەکە ئەنجامنەدرا، وتیشی: «بڕیارە لە دانیشتنی سبەی چوارشەممە ١٢/٢ ئەو سێ ئەندامە نوێیە سوێندی یاسایی بخۆن، پێدەچێت لەهەمان دانیشتندا وەزیری کارەباش ئامادەبێت بۆ سوێندخواردن».

## لەسەر مووچەی چاودێریی کۆمەڵایەتی
# فراکسیۆنی گۆڕان داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری کۆمەڵایەتی دەکات

**بەهادین یوسف**

فراکسیۆنی گۆڕان داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم دەکات سەبارەت بە چۆنێتی دابەشکردنی هاوکاریی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتیو ژمارەی ئەو خێزانانەی کە سوودمەندن لەو هاوکارییەو دەستێوەردانی حیزب لە دابەشکردنیدا.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەساڵی (٢٠٠٥) وەزارەتی کاری عێراقی ڕووپێوییەکی کردووە بۆ دانیشتووان و دەرکەوتووە (٦٪)ی خەڵکی عێراق لەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین، بۆ ئەو مەبەستەش تەعلیماتی دەرکردووە بە ناوی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەو تەعلیماتە کوردستان دەگرێتەوە بۆ هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی کە پیرن یان تەمەنیان لەسەرەوەیەو ئەوانەی بێکارن مووچەیەکی مانگانەیان بۆ دەبڕدرێتەوەو بڕیارەکە لە مانگی (کانوونی یەکەم)ی ساڵی (٢٠٠٥)ەوە کاری پێدەکرێت.

بەپێی تەعلیماتەکانی وەزارەتی کار، سەرۆکی خێزان (٥٠) هەزاری بۆدانراوە، منداڵیش (١٠) هەزارو ئەگەر کەمئەندامیشیان هەبێت (٥٠) هەزار دیناری دیکەی بۆ زیاددەکرێتو هەندێک خێزان هەیە هاوکاریی مانگانەی لەچوارچێوەی تۆڕی چاودێریدا دەگاتە (١٢٠) هەزار دینار تا ئەوکاتەی کارێکی بۆ دەدۆزرێتەوە.

بە وتەی کاردۆ محەمەد: «بەشێکی ئەو هاوکارییە بەر کوردستان کەوتووە، لە سلێمانی (١١) هەزار خێزانو لە هەولێر (٨) هەزار خێزانو لە دهۆک (٦) هەزار خێزان ئەو بڕیارە دەیانگرێتەوە، لە کوردستان دەبینن ئەم هاوکارییە زۆر کەمتر دەدرێت، هەر خێزانێک (٣٠) هەزاری مەقتوعی دەدرێتێ، جگە لەوەی حیزب ناونووسی خەڵکی کردووە بۆ ئەوەی ئەو یارمەتییە وەربگرێت».

بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی (١١/٢٥) فراکسیۆنی گۆڕان لەڕێی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم کردووە دەربارەی ئەوەی چەند خێزان ئەو هاوکارییە وەردەگرێتو چۆن دابەشدەکرێت؟ بۆچی حیزب دەستی هەیە لە دابەشکردنی ئەم هاوکارییە، کە پەیوەندارە بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو حکومەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چاوەڕوانی وەڵامی وەزیر دەکەن.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژەی بەوەشکرد؛ لەوەڵامەکەی وەزیر ئاگاداری شەفافیەتی کاری ئەو بەرنامەیە دەبین کە پەیوەندیدارە بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندیی هەیە بە خەڵکێکی زۆرەوەو لەو ڕێگەیەوە دژایەتی ئەو گەندەڵییە بکەن لە دابەشکردنی هاوکاریی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوای بەدەستگەیشتنی وەڵامەکان لەلایەن وەزیرەوە، پێویستە لەماوەی (١٥) ڕۆژدا وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بداتەوە، لەو بارەیەوە کاردۆ محەمەد ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەگەر موقنیع نەبووین لەسەر ئەو وەڵامانەی وەزیرو بەپێی ئەو زانیارییانەی هەمانە لە ڕووی یاساییەوە هەستمانکرد ناعەدالەتی هەیە لە دابەشکردنی هاوکارییەکەدا، ئەوکاتە بەدوادچوونی زیاتری بۆ دەکەینو داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر لە وەزیر دەکەین یان بانگی دەکەین بۆ بەردەم پەرلەمان».

# بەراز کەرکوک هەراسان دەکات

**ڕۆژنامە**

ڕێژەی پەتای ئەنفلۆنزای بەراز لە پارێزگای کەرکوک لە بەرزبوونەوەدایەو تائێستا (٨٦) حاڵەت تۆمارکراونو (٢) هاوڵاتییش گیانیان لەدەستداوە، هەفتەی ڕابردووش قوتابخانەیەکی ناوشاری کەرکوک داخرا.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی فەرمانگەی تەندروستی پارێزگای کەرکوک، لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای کەرکوک (٨٦) هاوڵاتی تووشی نەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز بوونو دوو هاوڵاتیش بوونەتە بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە.

د.سدیق عومەر، جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە سەرجەم نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکاندا جێگەی تایبەتیمان تەرخانکردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پەتایەو هەموو پێداویستییەکمان دابینکردووە، جگە لەوەش چەند تیمێکی گەڕۆکمان پێکهێناوەو هاوڵاتییان هۆشیاردەکەنەوە»، مەترسی خۆشی نیشاندا لە تەشەنەکردنی زیاتری پەتاکە.

## لەبەر ململانێی حیزبیی
# شەش مانگە پۆستە سیادییەکەی کورد لە بەغدا چۆڵە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

ماوەی شەش مانگە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بە بەتاڵی هێڵراوەتەوەو چاودێران هۆکاری پڕنەکردنەوەی ئەو پۆستە دەگەڕێننەوە بۆ ململانێی نێوان یەکێتیو پارتی، هاوکات ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت لەوبارەیەوە لێپرسینەوە لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بکرێت.

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، کە پێشتر جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو لە مانگی حوزەیرانەوە بەمەبەستی بەشداریکردن لەهەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەغدای بەجێهشێتووەو لە مانگی ئابدا دەستی لەکارکێشایەوەو لەوکاتەوە تائێستا ئەو پۆستە بە چۆڵیی هێڵراوەتەوە.

ئازاد چالاک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەهۆی ناکۆکی نێوان یەکێتیو پارتییەوە ئەو پۆستە بە چۆڵیی ماوەتەوە، جگەلەوەش بە بۆچوونی من سەرۆکایەتی هەرێم نایەوێت ئەو پۆستە پڕبکرێتەوە، ئەویش لە بەر خاتری مالیکی، ئەوەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەیەو ئەو پۆستە پۆستێکی گرنگە، تەنیا کورد زەرەر دەکات.

بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچــووە، پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانو لە دیاریکردنی پەیوەندیی دەستووریی لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەوپێیەش پەرلەمانی کوردستان مافی بانگهێشتکردنو لێپرسینەوەی نوێنەرانی کوردی لە بەغدا هەیە.

هاوکات د. زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی بڕیاری ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥، پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانو مامەڵەکردنمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، تائێستا دابڕانێکی نیمچە تەواو هەیە لەنێوان نوێنەرانی کورد لە بەغداو پەرلەمانی کوردستان، ئەوەش وایکردووە کێشەی مەرجەعییەتمان بۆ دروستدەبێت، لەبەرئەوە ئێمە لە بەردەم دۆخێکداین کە لەلایەک دەقێکی یاسایی هەیە پەرلەمانی بە مەرجەع داناوە، بەڵام لە واقیدا ئەو دەقە کاری پێنەکراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پێشووتر نوێنەرانی کورد لە بەغدا هەمان دەموچاوەکانی نوێنەرانی کوردن لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئێستا نەخشەی نێو پەرلەمانی کوردستان گۆڕاوەو نوێنەرانی کورد ناوێرن بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

وتیشی: «دەکرێت ئەو دەقە یاساییەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە بە تاکە مەرجەع بەهەند وەربگیرێت بۆ لێپرسینەوە لە نوێنەرانی کورد».

هاوکات ئەندامێکی دیکەی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە؛ نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەرپرسی یەکەمن لە پڕنەکردنەوەی ئەو پۆستە.

د. سەباح بەرزنجی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وتی: «بە پلەی یەکەم نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەرپرسن لە پڕکردنەوەی ئەو پۆستەو پەیوەندیی بە یەکێتیو پارتییەوە هەیە، پێمباشە لە پەرلەمانی کوردستاندا ئەو مەسەلەیە تاووتوێبکرێت».

## (٦) ئەندامی هاوپەیمانیی دەنگیان پێنەداوە
# پێدانی دەنگە زیادەکان بە لیستە براوەکان کێشە دروستدەکات

**هەستیار قادر**



لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی و (٦) ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگیان بە هێشتنەوەی مادەی تایبەت بە پێدانی دەنگە زیادەکان بە لیستە براوەکان نەداوەو سەرچاوەیەکیش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو هەنگاوە بۆ لێدانی لیستە بچووکەکانی هەرێم بووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، بەرلە دانیشتنی (١١/٢٤)ی پەرلەمانی عێراق، کە بۆ تاووتوێکردنی ڤیتۆی یاسای هەڵبژاردن تەرخانکرابوو لەلایەن تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمارەوە، مشتومڕێکی زۆر لەنێو پەرلەمانتارە کوردەکاندا سەبارەت بە هەموارکردنەوەی بڕگەی چوارەمی مادەی (٣)ی یاسای هەموارکراوی ژمارە (١٦) ساڵی (٢٠٠٥) دروست بووە، کە ئاماژە بەوە دەکات؛ دەنگە زیادەکان بەسەر لیستە براوەکاندا دابەش بکرێنو هاشمیش لە ڤیتۆکەیدا داوا دەکات ڕەچاوی فرەیی سیاسیی بکرێتو ڕێ بە لیستە بەهێزەکان نەدرێت کۆنترۆڵی گۆڕەپانی سیاسیی بکەنو مشتومڕەکان بەو ئاراستەیە بووە، کە (٦) ئەندامی لیستی هاوپەیمانیو پەرلەمانتارانی یەکگرتوو داوایانکردووە، کە دەنگە زیادەکان بەسەر سەرجەم لیستەکاندا دابەشبکرێت، نەک براوەکان، تا ئەو لیستە بچووکانەی چەند دەنگێکی کەمیان ماوە بۆ کورسییەک بتوانن لەو دەنگە زیادانە سوود وەربگرن و بچنە پەرلەمان و ئەمەش لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە ڕەتکراوەتەوەو دواتر لە میانەی تاووتوێکردنی ئەگەری هەموارکردنی ئەم مادەیەدا (١٦) پەرلەمانتار دەنگیان لە دژی دانانەوەی مادەکە داوە داوایانکردووە، کە هەموار بکرێت تا لیستە بچووکەکانیش بتوانن بچنە پەرلەمان.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، هەریەک لە پەرلەمانتاران د.بایەزید حەسەنو ئازاد چالاکو د.ڕەئوف عوسمانو ئەحمەد شەبەکو مەحمود عوسمانو ئەکرەم بابان لە لیستی هاوپەیمانییو ئەندامانی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی و چەند ئەندامێکی دیکەی پەرلەمانی عێراق کە ژمارەیان (١٦) کەس بووە، دەنگیان لە دژی دانانەوەی ئەو مادەیە داوە.

عومەر بادی ئەندامی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «یاساکە لە بەرژەوەندیی لیستە گەورەکانەو دژی لیستە بچووکەکانەو لە دژی ڕۆحی دەستووری عێراقیشە، کە لە دیباجەکەیدا ئاماژە بە هێنانەدی دادپەروەریی دەکات، وتیشی: «ئەو هەنگاوە کاریگەریی خراپی لەسەر دەنگی کورد دەبێت لە پارێزگاکانی دیالەو سەلاحەدین».

هاوکات ئەکرەم بابان ئەندامی حیزبی شیوعی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانیش ئاماژەی بەوەدا، کە لەوانەیە هەموارنەکردنەوەی ئەو مادەیە کار بکاتە سەر هاوپەیمانیی کوردستانیش، بەوپێیەی بە درێژایی چوار ساڵی ڕابردوو پەرلەمانتارانی یەکگرتوو شیوعیو سۆسیالیست لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی بوونو ئەگەر هەیە ئەو هاوپەیمانییە وانەمێنێتو ئەو حیزبە بچووکانە نەتوانن بچنە پەرلەمانو بەوەش زیان لە کورد دەکەوێتو ڕەخنەشی لە لیستە گەورەکانی پەرلەمانی عێراق گرتو وتی: «ئەوانە لە چی ترساون، دەسەڵاتیان بەدەستە، ئەوە کەمینەکانیش نین بارودۆخەکە خراپ دەکەنو ڕێگەنەدانیش بە کەمینەکان بۆ ئەوەی بێنە پەرلەمان لە دژی دیموکراسییە».

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئامانجی لیستی هاوپەیمانی لە قبووڵنەکردنی داوای ئەو پەرلەمانتارانە بۆ دابەشکردنەوەی دەنگەکانی بەسەر لیستەکاندا بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە لەبری براوەکان، بۆ لێدانی لیستە بچووکەکان بووە لە هەرێمی کوردستاندا.


Dylan City
دیلان سیتی
من دیلان سیتی هەڵدەبژێرم، چونکە:
• ڕووبەری شوقەکانی لە هەموو پڕۆژەکانی تر زیاترەو نرخەکانیشی لەهەموویان کەمترە.
• نرخی شوقەیەکی (١٠٠م٢) تەنها (٤٢) هەزارو (٤٤٥) دۆلارەو نرخی شوقەیەکی (١٢٠م٢) تەنها (٤٩) هەزارو (٩٣٨) دۆلارە.
• سندوقی نیشتەجێبوون لە (٥٠٪)ی ئەم پارەیەتان بە قەرزی (١٠) ساڵ پێدەدات.
• کۆمپانیا بڕی (٢) هەزار دۆلار دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە سندوقی نیشتەجێبوون سوودمەند نابن و هەمان بڕیش دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی بە نەقدی شوقەکان دەکڕن.
دوا مۆڵەت بۆ گەڕاندنەوەی فۆرمەکان ٢٠٠٩/١٢/١٥
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان
بە پێشەکیی تەنها (٣) هەزارو (٤٠٠) دۆلار
(١٢٠م٢):
سێ ژووری نوستن
هۆڵ، مطبخ، دوو تەوالێت و
دوو حەمام و بالکۆنێک
(١٠٠م٢):
دوو ژووری نوستن
هۆڵ، مطبخ، تەوالێت و
حەمام و بالکۆنێک
IRECT
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئۆفیسی پڕۆژەکە بکەن: شەقامی سەحەتری - گەڕەکی هۆمەرەکۆێر
٠٧٧١٠١٢٢٢٢١ - ٠٧٤٨٠١٧٠٥٠٥ - ٠٧٥٠١١٣٥٣٢٢

# بەڵگەی تێوەگلانی چەند بەرپرسێک لە گەندەڵییەوە دەدرێتە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەبەوەدەکات، فراکسیۆنی گۆڕان چەند بەڵگەیەکی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی لیژنەکە کردووە، کە تایبەتە بە تێوەگلانی ژمارەیەک بەرپرس، هاوکات جەخت لەوەدەکاتەوە، فراکسیۆنەکەیان سوورە لە سەر نەهێشتنی گەندەڵیو ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسان.

لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا هەموارکردنی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، بەپێی هەموارکردنەکە لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمان پێکهێنرا. هەروەها لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٩)ی لیژنەکاندا پەرلەمانی کوردستان سەرۆکو جێگرو بڕیاردەری لیژنەکانی دیاریکرد.

هەرچەند لیستی کوردستانیی ئامادەنەبوو سەرۆکایەتیی لیژنەی نەزاهە بداتە فراکسیۆنی گۆڕان، بەڵام لەنێو لیژنەکەدا (٢) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانی تێدایەو وەکو خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەوان چاودێریی کارەکانی لیژنەکە دەکەنو هیچ دەستتێوەردانێک قبووڵ ناکەن.

د.زانا ڕەئوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕانو ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەندامانی لیژنەکە ڕێکەوتوون پێکەوە کاربکەنو کەس سەربەخۆ کارنەکات، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان لە لیژنەی نەزاهە تا ئەو کاتەی لیژنەکە بە بێلایەنی کاردەکات پشتگیریی دەکەینو چاودێریی کاری لیژنەکە دەکەین، چونکە ئامانجی لیستی گۆڕان بەدواداچوونو نەهێشتنی گەندەڵییە، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئێمە دەستلەکاردەکێشینەوە.

ئەوەیشی خستەڕوو، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان چەند بەڵگەیەکیان لەبەردەستدایە کە پەیوەندییان هەیە بە تێوەگلانی چەند بەرپرسێکەوەو ئەوەیان بە سەرۆکایەتیی لیژنەکە گەیاندووەو سوورن لەسەر بەدواداچوونی ئەو بەڵگانەو لێپرسینەوەی بەرپرسەکان.



لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان لە (١١) ئەندام پێکهاتووە، نزیکەی سێ مانگە پێکهێنراوە، بەڵام تائێستا یەک کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، هەروەها لیژنەکە شوێنی کۆبوونەوەی لەناو پەرلەماندا نییەو لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا هیچ کارنامەیەکی نییە بۆئەوەی کاری لەسەر بکات. پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ئەوە بە کێشە وەسفدەکات، «لیژنەکەمان شوێنی کۆبوونەوەی نییەو هەروەها بەرنامەی کاری نییە، ئێمە داوای کارنامەی لیژنەکەمان کرد، بەڵام تائێستا ئەوە جێبەجێنەکراوە، ئەمانە کێشەنو پێویستە چارەسەربکرێن، چونکە خەڵکێکی زۆری کوردستان ئومێدیان بە لیژنەی نەزاهەیەو چاوەڕوانی کاری باشی لێدەکەن».

زانا ڕەئوف پێکهێنانی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان بە کارێکی پێوست دەزانێتو لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە مەترسیی دەستتێوەردانی حیزبیی دەکات. وتیشی: «کێشەی ئێمە لە کوردستان نەبوونی یاسا نییە، بەڵکو چۆنێتیی کارپێکردنی یاساکانە، ترسی گەورە ئەوەیە کە دەستەی نەزاهە دروستبکرێت، بەڵام وەکو دیوانی چاودێریی دارایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە تەنیا بۆ مەرامی حیزبیی بەکاردەهێنرێتو بووەتە بەشێک لە زیادکردنی گەندەڵیی، نەک کەمکردنەوەی گەندەڵیی».

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان بەپێویستی دەزانێت لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان هەمان کاری لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق ئەنجامبدات، هەروەک ڕایدەگەیەنێت: لیژنەی پەرلەمانی عێراقیی سێ ئەرکی هەیە، بەدواداچوونی بۆ گەندەڵیی دارایی دامودەزگا ئیدارییەکان، دووەمیان سەرپەرشتیکردنی ئەو دامەزراوانەیە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبەسترێنەوە بە لیژنەی نەزاهەوە، ئەوی دیکەیان پێداچوونەوە بەو پرۆژانەی کە دێنە بەردەم لیژنەی نەزاهەو تایبەتن بە گەندەڵیی ئیداریی، ئەمە سەرەڕای ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسانی وڵات، پێویستە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان هەمان ڕۆڵی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق ببینێت».

هاوکات د.سەروەر عەبدولڕەحمان، بڕیاردەری لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان هێما بۆئەوەدەکات، کاری لیژنەکەیان قورس دەبێتو دەڵێت: « کاری ئێمە قورس دەبێت، بەڵام ئێمە لەنێو لیژنەکەدا بەهەموو بیروڕایەکی جیاوازەوە بڕیاری ئەوەمان داوە کە بەجدیی کاربکەینو لەگەڵ ئەوەشدا سڵ لە هیچ شتێک ناکەینەوە.

# ئۆپۆزسیۆنی کوردستان تا چەند توانیویەتی چاودێریی حکومەتی هەرێم بکات؟

**بەرهەم خالید**

پاش سێ مانگ تێپەڕبوون بە سەر یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا، ڕەخنە لە ئەدای ئۆپۆزسیۆن دەگیرێت، پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆنیش هۆکاری ئەوە بۆ درەنگ پێکهێنانی لیژنەکانی پەرلەمان دەگەڕێننەوە، چاودێرێکی سیاسیش پێیوایە، تائێستا ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی ڕوونی نییەو فراکسیۆنی دەسەڵات خستویەتیە گەمەیەکەوە کە ئەرکەکانی خۆی بیرچووەتەوە، بۆیە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە خۆی ڕێکبخاتەوەو خۆی لەو گەمە سیاسییانە دەربازبکات، بۆئەوەی هەیبەتی ئۆپۆزسیۆنبوون لە یەکەم ئەزموونیدا شکست نەهێنێت.

بوونی لیستی جیاواز لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو پێکهاتەی خولی سێیەمی پەرلەمانو مانەوەی (٣٥)کورسی لە دەرەوەی فراکسیۆنی دەسەڵات، گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو لە سیمای نەخشەی نوێی سیاسیی هەرێمدا کە ئەوەش لە ئاکامی نزیکەی (١٨)ساڵ لە مۆنۆپۆڵی دەسەڵات لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوو.

ئەگەرچی تائێستا ئۆپۆزسیۆن نەیتوانیوە بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی هەڵسێت، بەڵام شۆڕش حاجی، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە، ئۆپۆزسیۆن بە (٣٥)کورسییەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبێت، ئەویش لە ڕێگای پێشکەشکردنی پرۆژەو هەروەها گفتوگۆکردنی ئەو پرۆژانەی لەلایەن فراکسیۆنی دەسەڵاتو فراکسیۆنەکانی دیکەوە پێشکەش دەکرێن، ئەوەش لە کۆتاییدا بە سوودی خەڵک دەشکێتەوە.

حاجی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە فراکسیۆنی دەسەڵات هەر پرۆژەیاسایەکی هەبوو بەبێ گفتوگۆکردنو ڕەخنەیەک ببێتە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان».

بە بۆچوونی ئەو، ئەرکی گرنگو کاریگەری ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە کە چاودێری وردی ئەدای حکومەتی هەرێم بکات، بۆئەوەی بتوانن ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە بگێڕن لە پەرلەمانی کوردستاندا، لەپێناو خزمەتکردنی پرۆسەی سیاسیو دیموکراسی لە کوردستاندا.

لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا کە تایبەت بوو بە متمانە بەخشین بە کابینەی نوێی حکومەت بە سەرۆکایەتیی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، هەردوو فراکسیۆنی گۆڕانو یەکگرتوو دانیشتنەکەیان جێهێشتو پەرلەمانتارانی کۆمەڵیش ئەگەرچی لە ناو هۆڵی پەرلەمان مانەوە، بەڵام دەنگیان بە کابینەکە نەدا کە ئەوەش بەپێی وتەی پەرلەمانتارانی ئەو لیستانە، سەرەتای کاری ئەوان بووە وەک فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا.

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان وەک ئۆپۆزسیۆن هەستاون بە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان، ئەوەشی بە نموونە هێنایەوە کە لەو چەند کۆبوونەوەیەی پەرلەماندا، هەموو کات موداخەلەو قسەی خۆیان هەبووە لەسەر بەرنامەی دانیشتنەکان، ئەوەش کاریگەریی باشی هەبووە، لە هەمانکاتدا ئەوەشی نەشاردەوە کەمیی دانیشتنەکان یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم کارابوونی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن کە پەیوەندی بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە هەیە، نەک پەرلەمانتاران، هەربۆیە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا پێشنیازیانکردووە کە پەرلەمان بە ئیلزام هەفتانە لانیکەم دوو کۆبوونەوە ئەنجامبدات.

دەربارەی چۆنێتیی چاودێریکردنی ئەداو کاری حکومەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بە گشتیی بەردەوامن لە بەسەرکردنەوەی شارو شارۆچکەکانی هەرێم بۆ ئەوەی سەرنجو ڕەخنەو داواکانی خەڵک بگەیەننە سەرۆکایەتیی پەرلەمانو لەلایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی ئاگادارکردنەوەی وەزارەتەکاندان، بۆئەوەی دەربارەی کارنامەو پرۆژەکانیان زانیارییان پێبدەن لەپێناو لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە کارەکانیان، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر نییە حکومەت پێکهێنراوە، هەروەها لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشەوە بەردەوام ڕەخنەکانو کەموکوڕییەکانی دەسەڵات دەگەیەننە خەڵکو وتیشی: «دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتیش هۆکارێکە بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن نەتوانێت بە قورسایی خۆیەوە دەربکەوێت».

کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمو خراپی کارەکانی حکومەت لە رابردوودا کەرەستەو ڕەخنەی سەرەکیی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن بوون لە هەڵبژاردنی تەمموزی رابردووی هەرێمی کوردستاندا، هەرئەوەش وایکرد کە د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتەی دەستبەکاربوونیدا وەک سەرۆکی حکومەت بڵێت «با ئۆپۆزسیۆن بە کاری لابەلاوە سەرقاڵمان نەکات»، بەڵام بە بڕوای چاودێرانی سیاسی، ئۆپۆزسیۆن لە تەمەنی سێ مانگەی خۆیدا نەیتوانیوە لە ئاست ئەرکەکانیدا بێت.

ڕێبین ڕەسوڵ، ڕۆژنامەنووسو چاودێری سیاسی دەربارەی ئەو پرسە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن ئەزموونێکی تازەیە لە هەرێمداو تائێستا زەمینەسازییەکی لەبار نەبووە بۆ ئۆپۆزسیۆن، ئەوەی ئێستاش ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان پیادەی دەکات لەسەر بەرنامەیەکی هەمەلایەنەو دەوڵەمەند نییە، بە واتایەکی تر ئامانجو ستراتیژیەتی ئۆپۆزسیۆن دیارنییەو زیاتر بە شێوەی ڕیکلامی ڕاگەیاندن کاردەکات، نەک لە شێوەی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، هەندێکجار پەرلەمانتارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دوای دانیشتنەکان دەڵێن، سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕێگەی نەداین قسەبکەین، وەک ئەوەی ئەوان میوان بن لە پەرلەمان، لە کاتێکدا ئەوان ئەرکیانە قسەی خۆیان بکەنو ڕۆڵی پەرلەمانتار ببینن نەک ڕۆژنامەنووس، ڕێبین بە ڕۆژنامەی وت: «تائێستا ئۆپۆزسیۆن بەرنامەی ڕوونی نییەو لە ئاست بەڵێنەکانیدا کەمتەرخەمەو بە پێچەوانەوە دەسەڵات گەمەکە بە شێوەیەک بەڕێوەدەبات کە ئۆپۆزسیۆن سەری لێبشێوێت، لەوەشدا سەرکەوتوو بووە، بۆیە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە خۆی ڕێکبخاتەوەو خۆی لەو گەمە سیاسییانە دەربازبکات، بۆئەوەی هەیبەتی ئۆپۆزسیۆنبوون لە یەکەم ئەزموونیدا شکست نەهێنێت».

بە بڕوای ئەو چاودێرە سیاسییە، لەسەر ئۆپۆزسیۆن پێویستە خۆی لە کاری نمایش دەرباز بکات، چونکە ئەو شەڕانەی تائێستا کراون شەڕی ئۆپۆزسیۆن خۆیان بووە نەک خەڵک، بۆیە دەبێت بە بەرنامەی کارو پرۆژەیاسا بیسەلمێنن کە ئەوان ئۆپۆزسیۆننو وتیشی: «دەبێت ئۆپۆزسیۆن ئەو پرۆژانە پێشکەش بکات کە لە بەرژەوەندیی خەڵکدان، هەر کاتێکیش فراکسیۆنی دەسەڵات قبووڵی نەکرد، ئەوکاتە بۆ ڕای گشتی ڕوونبکرێتەوە، بەوەش پاڵپشتی جەماوەری بۆ ئۆپۆزسیۆن زیاددەکات».

ژمـاره (558) سێشەممە 2009/12/1
hewal. rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# ــــدار بەدەست حیزبەوە لەوەدایە کە حیزبەکان ــــنو شەڕی ناوخۆی لێبکەوێتەوە



**قەناعەتی سەد لەسەدم بە یەکهێزیی حکومەتی هەرێم هەیەو بڕوام بە هێزی حیزب نییە**

سەرەکییەیە.

*** ئێستا کاری حوکمڕانیو دەوڵەتداریی دەکەین، ئێوە پێتانوایە، ئەگەر هێزەچەکدارەکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت بن، مەترسی ئەم حاڵەتە لەچیدا دەبینیتەوە، بۆچی پێویستە ئەوهێزانە لەژێر دەسەڵاتی حکومەت بنو لەژێر چنگی حیزب دەربهێنرێن؟**

– من یەک شتت پێدەڵێم، ئەگەر حکومەتینو یاساو نیزاممان هەیە، هیچ شتێک لە وڵاتدا نابێت لەدەرەوەی یاساو نیزام بێت، بەتایبەتیش کە باسی هێزی پێشمەرگەو چەکداردەکەین، جا هێزی پێشمەرگەیە یان پاسەوانی هەرێمە، سوپایە، پۆلیسە، ئاسایشە، هەر چەکدارێکی دیکە کە پێیدەڵێن هێزە چەکدارەکان، پێویستە بەپێی یاسو نیزام رێکبخرێتو ئەرکو واجباتی جێبەجێبکرێت، لەهیچ وڵاتێکی دنیادا نییە لە دەرەوەی یاساو نیزام چەکدار هەبێت کە چەکدار هەبوو دەبێت ناوێکی بۆ بدۆزرێتەوە ئەو ناوە چییە؟، بۆیە من پێموایە، ناتوانیت ئەو ناوە پیرۆزەی لێبنێین کە ئەمرۆ حکومەتین، دوێنێ تا موعارەزەی بەعس بووینو لەشاخ بووینو حکومەتمان نەبوو هەموو ناوێکی پیرۆزو باش قابیلمان بوو، بەڵام کە ئەمرۆ حکومەتین، دەبێت ئەو ناوە پیرۆزە بەپێی یاساو نیزام رێکبخرێت، چونکە ئەو دەستکەوتانەی کە کورد بەدەستی هێناوە لەهەرێمدا، بەهێزێکی نیزامی حکومیی دەپارێزرێت، نەک بەهێزی حیزب. هێزی حیزب بۆ بەرژەوەندیی خۆی کاردەکات، دەبێت هێزێکی یەکگرتوو هەبێتو یەک قیادەو یەک تەوجیهی هەبێتو پڕچەک بێت، دەتوانین بەوە هەرێم بپارێزین. من بەشبەحاڵی خۆم پێموایە، بوونی هێزی حیزب لە دەرەوەی یاساو نیزام، خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ئەمنو ئاسایشی کوردستان بەبێ سێو دوو، هەر کەسێک دەڵێت وا نییە، ئەی حیزب هێزی بۆ چییە!؟ حیزب هێزی بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتو بەرژەوەندیی خۆی پێ بپارێزێت، ئەی حکومەت هێزی بۆ چییە، حکومەت هێزی بۆ ئەوەیە کە سنووری حوکمڕانیو دەسەڵاتی خۆیو گیانو ئەمنو ئاسایشی هاوڵاتییانی پێ بپارێزێت، لەبەر ئەوە هێزی حیزب بە خەتەر دەزانمو یەکێکم لەوانەی بە جدییو بەقەناعەتەوەو سەرسەختانە ئیش لەسەر ئەوەدەکەم کە ئەو هێزانە بێنە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەوەو زۆر دڵخۆشم بەلێدوانو بڕیارەکانی جەنابی مام جەلالو کاک مەسعودو سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو بەرپرسانی باڵای دیکەی حیزبو حکومەت، کە بە راستی هەموویان لەگەڵ ئاراستەی یەکگرتنتدان.

*** باسی خەتەری نەهاتنە ژێر دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکانت کرد، ئایا مەترسی ئەوەدەکرێت، لە کاتی ناکۆکی سیاسیی لەنێوان پارتیو یەکێتی یاخود لەنێوان یەکێک لەو دوولایەنەو لایەنێکی دیکەی سیاسیدا، ئەم حیزبانە هێزی چەکداریان بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانیان بەکاربهێننو شەڕی ناوخۆی لێدروستبێتەوە؟**

– ئەوە موناقەشەی ناوێتو سەدی ملیۆن وایە، مەترسییەکە ئەوەیە کە لەکاتی بوونی خیلافێکی سیاسیدا، یان ڕووداوێک کە جاری واهەیە دوو کەس یان دوو هێز نەزانانە بەیەکدا دەدەن، شەڕ دروستبێت، هەروەها ئەو شەڕانەی کە روویانداوە هەمووی وا دروستبوون، لەبەرئەوە خەتەرەکە زۆر گەورەو مەترسیدارە کە ئەو حیزبە هێزی لەبەردەستدایەو بەکاریدەهێنێت بۆ مەبەستێکی تایبەتی، یان بۆ بەرژەوەندییو دەسەڵاتی حیزبەکەی، یان بۆ هەرشتێکی دیکە.

*** گەشبینیت بەوەی کە لەماوەی ئەم چوارساڵەی داهاتوودا لەژێر دەسەڵاتی جەنابتاندا لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەم هێزانە یەکبخەنەوە؟**

_ناتوانم ماوە دیاری بکەم، بەڵام دڵنیامو قەناعەتم بەوەهێناوە کە دەبێت ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، خۆشبەختانە ئەو ئاراستەکردنەش هەیەو گوێمان لێیدەبێت لە هەموو لایەکو ئەو تەوجیهانەی کە بەمنی دەدەن هیچ رێگرییەکی ئەوتۆ نییە لەبەردەم یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەدا، جگە لەوەی ماوەیەکمان پێویستە، هەروەها میزانییەمان پێویستە، پێشموایە لەم رۆژانەی دوای جەژنی قورباندا، هەنگاوی بەرچاودەنرێت لەو رووەوەو هەنگاوی عەمەلی دەبینین.

*** یەکخستنی ئەو هێزانە، رێگر دەبێت لەوەی کە رێکخستنی حیزبیی لەناو هێزە چەکدارەکاندا هەبێت، چونکە خۆتان دەزانن پارتیو یەکێتی ئۆرگانی رێکخستنیان هەیە لەناو هێزە چەکدارەکاندا کە بەپێی یاساو دەستوور قەدەغەیە حیزب رێکخستنی هەبێت لەناو هێزی چەکداردا؟**

_با بە هەڵە لەوشتانە تێنەگەین، پێشمەرگە پێشمەرگەی حیزبەکاننو ئەندامی حیزبن، پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانن، چۆن دەتوانیت لەناو ئەو هێزانە کە هێزی حیزبن، تۆ بڵێیت نابێت رێکخستن بکەیت، ئەی چۆن پێیدەڵێیت هێزێکی عەقایدیو مەبدەئی؟ ئەی چۆن شەڕ دەکات بۆ حیزبەکەی خۆی، ئەگەر ئەندامی نییەو لە رێکخستنو شانەیدا نەبێت!؟ بەڵام لەکاتێکدا ئەم هێزە کە یەکدەگرێتەوەو دەچێتە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەوە، خەڵک ئازادە لەدەرەوەی واجباتی خۆی ئەندامی هەر حیزبێک بێت، بەڵام خەڵک ئازاد نییە لەناو تەشکیلاتی وەزارەتدا شانە دامەزرێنێتو کۆبوونەوەبکات، لە وەزارەت ئەمە قەدەغەیە، چونکە دەبێت هێزێک دروستبکەین کە سیمای حیزبایەتی پێوە نەبێت.

*** هەر لەو چوارچێوەیەدا، ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاسایەک هەیەو بەمزووانە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بەمەبەستی قەدەغەکردنی رێکخستنی حیزبیی لەناو هێزە چەکدارەکاندا، ئایا پشتیوانی لە بوونی وەها پڕۆژەیاسایەک دەکەن؟**

– ئێمە پێشتریش کە لەزاری سەرۆکی هەرێمو حکومەتو منیش گوێتان لێبووبێت، وتوومانە، ئەو هێزەی کە دروستدەکرێت نابێت بەهیچ شێوەیەک سیمای حیزبایەتی پێوەبێتو ملکەچی حیزب بێت، لەبەر ئەوە ئەگەر یاسایەکی وا لەپەرلەمان دەربچێتو بەشێوەیەکی یاسایی ئەم مەسەلەیە رێکبخات، بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی لەدواوە بێت، ئێمە زۆر پشتگیری دەکەین، چونکە ئەوە بڕوای خۆمانەو کە بوو بە یاساش باشتر جێبەجێیدەکەین.

# ــــی کورد، عێراق بکات بەخاوەنی ئەو دوو کۆلێژە

لیوا سەروەر قادر، فەرماندەی پێشووی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوالانو پسپۆڕ لە بواری زانستیی سەربازی، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند، ئەو هەوڵەی حکومەتی عێراق تازە نییەو پێشتریش لە ساڵی (٢٠٠٦)دا هەوڵی داخستنی ئەو کۆلێژانە دراوە، بەڵام بە هەوڵی سەرۆک کۆمارو ئەمریکییەکان ئەوکات جێبەجێ نەکرا، بە بڕوای ئەو پسپۆڕە سەربازییە، بڕیارەکە لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی سوپادا دەرکراوە بۆ ئەوەی وەزارەتی بەرگریی سەرپەرشتی ئەو بوارە بکاتو تەنها کۆلێژێک بهێڵرێتەوە کە کۆلێژی رۆستەمییەیەو وتیشی: «بە شێوازێکی زانستیو توانایەکی دارایی باش، کۆلێژەکە بەرێوەبچێت، ئەوەش لەپێناو یەکخستنەوەی سوپایەو بەپێی دەستووریش نابێت حکومەتی هەرێم سوپای هەبێت، بەڵکو هێزی پاسەوانی سنوورو پۆلیسو ئاسایشی دەبێت».

پسپۆڕە سەربازییەکەی هەرێم ئەوەشی ئاشکراکرد کە پێویستە حکومەتی هەرێم لە بری کۆلیژی سەربازی، بیر لەوە بکاتەوە کە کۆلێژی ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم دابمەزرێنێت، بۆئەوی خوێندکاری کورد پێبگەیەنێت، ئەوەش مافێکی دەستوورییەو شێوازێکی زانستیشە بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لەچوارچێوەی هێزێکی نیزامیدا.

هەردوو کۆلێژی سەربازیی زاخۆو قەڵاچوالان لە دوای راپەرینی ساڵی (١٩٩١)ەوە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دامەزرێنران، بۆئەوەی بە شێوازێکی ئەکادیمیو زانستی ئەفسەری کورد پێبگەیەنێت، بەڵام دوای ساڵی (٢٠٠٣)و رووخاندنی حکومەتی عێراق، ئەو دوو کۆلێژە خرانە ژێر رکێفی وەزارەتی بەرگریی عێراقەوە.

بەپێی لێدوانی جەبار یاوەری وتەبێژی هێزەکانی پاسەوانی سنووری هەرێمی کوردستان «پێشمەرگە»، د. بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە نوری مالیکی کردووە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر بڕیاری داخستنی هەردوو کۆلێژی سەربازیی زاخۆو قەڵاچوالان رابگرێت، ئاماژەی بەوەش کرد، ئەو بڕیارەی مالیکی زیان بە بوونی کورد لە سوپای عێراقدا دەگەیەنێت.

یاوەر بە دەزگاکانی راگەیاندنی راگەیاندووە: مالیکی لەسەر داوای وەزیری بەرگری بڕایاریداوە کە هەردوو کۆلێژە سەربازییەکەی هەرێمی کوردستان دابخرێن بە بیانووی ئەوەی ژمارەی کۆلێژەکانی سەربازیو ئەفسەران لەعێراقدا زۆرنو وتیشی: «بڕیارەکە کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر خوێندکارانی کورد کە ناتوانن بچنە کۆلێژە سەربازییەکەی بەغداو بەوەش ژمارەی کورد لە ریزەکانی سوپای عێراقدا کەمدەبێتەوە».

لەلای خۆیەوە سیروان کاکەیی، ئەندامی لیژنەی ئاسایشو بەرگری لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند، بڕیاری داخستنی ئەو دوو کۆلێژە لە وەختی خۆیدا نییە، هەرچەندە لە دوای پێکهێنانی حکومەتی عێراقەوە ئەو دوو کۆلێژە خرانە ژێر رکێفی وەزارەتی بەرگرییەوە، بەڵام ئەوە بەو واتایە نایەت کە دایانبخات، کاکەیی بە دووریشی نەزانی کە ئەو بڕیارە بەشێک بێت لەو هەوڵانەی لەپێناو بێهێزکردنی هەرێمو کەمکردنەوەی رۆڵی کورد لە سوپای نوێی عێراقدا دەدرێنو وتیشی: «پێویستە حکومەتی هەرێم کاردانەوەی هەبێتو نەهێڵێت ئەو بڕیارە جێبەجێبکرێتو ئێمەش دوای پشووی پەرلەمان، ئەو بابەتە دەوروژێنین بۆ ئەوەی بزانین هۆکارە راستەقینەکانی پشت ئەو بڕیارە چین؟».

بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، بڕیارەکەی مالیکی بە پیلانێک دەزانن بۆ ئەوەی رۆڵی کورد لە سوپای نوێی عێراقدا لاوازببێت، هێزی پێشمەرگەش نەزانێت بە شێوەیەکی نیزامی خۆی رێکبخات.

# شێخ جەعفەر، وەزیری پێشمەرگە: مەترسی هێزی چەک لەکاتی ناکۆکی سیاسیی بەکاری بهێ

سازدانی: سیروان ڕەشید

**چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە زۆرئاسانە، چونکە شێخ جەعفەر پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ میدیاکان هەیەو ڕۆژنامەنوسان بە ئاسانی دەتوانن لێدوان و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لە گەڵی ئەنجامبدەن. ڕۆژی عەرەفەی پێش جەژن کاتێک بەمەبەستی دیدارێکی ڕۆژنامەوانی تەلەفۆنم بۆ مۆبایلە شەخسیەکەی شێخ جەعفەرکرد بۆ سەرلەئێوارەکەی لە شاری هەولێر گەڕایەوەو لە یانەی وەرزشی پێشمەرگە لەسلێمانی چاوپێکەوتنەکەمان سازکرد، چونکە شێخ جەعفەر لەهەمانکاتدا سەرۆکی یانەی پێشمەرگەشە.**

**زانینی بیروبۆچوونی وەزیری پێشمەرگە لەبارەی ئەو دۆخەی ئێستا هێزە چەکدارەکانی هەرێم هەیەتی زۆر گرنگە.**

**ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا لەچوارچێوەی ئەو هەڵمەتە ڕۆژنامەوانییەدایە کە ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دیکەی کۆمپانیای وشە ماوەیەکە وەک کارێکی ڕۆژنامەوانی و ئەرکێکی نیشتمانی لەهەوڵی کۆدەنگیەکدان بەمەبەستی بەدامەزراوەییکردنی هێزەچەکدارەکانی هەرێم و کۆنترۆڵکردنیان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و دەرهێنانیان لەژێر چنگی حیزبەکان.**

**شێخ جەعفەر بەر لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە، بەگشتیی ڕەخنەی لە ڕۆژنامەکان هەبوو کە هەندێکجار بۆ گەرمکردنی بازاڕیان دێڕێکی سەرنجڕاکێش دەکەن بە تایتڵ و ئیحراجییان بۆ دروستکردووە. من بەڵێنم پێدا (ڕۆژنامە) بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم چاوپێکەوتنەو هەموو بابەتێکی ڕۆژنامەوانی دەکات. شێخ جەعفەریش پێیوتم: «مادام وایە بەڕاشکاوانە قسەت بۆ دەکەم».**

*** جەنابی وەزیر سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، پێمخۆشە لەسەرەتاوە بپرسم؛ لە ١٥ساڵی ڕابـــردوودا، هیچ وەختێک هێندەی ئەم چەند هەفتەیەی ڕابــردوو لەسەر زاری بارزانیو ئێوەو بەرپرسانی دیـکـەی بـالآی حیزبو حــکــومــەتــەوە بـــاس لـــە زەرورەتـــــی یەکگرتنەوەی هێزەچەکدارەکانی هەرێمو دەرهێنانی ئەو هێزانە لەژێر چنگی پارتیو یەکێتیداو ڕێکخستنەوەیان لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەقینەی حکومەت، نەکراوە، ئەم مەسەلەیە بۆ لەئێستادا بەو گەرم و گوڕییە قسەی لەسەر دەکرێتو خوێندنەوەی ئێوە چۆنە؟**

– سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەمو بەخێربێن، زۆر خۆشحاڵم بۆ ئەو چاوپێکەوتنە، ئەم مەسەلەیە پێویستی بەوەیە کە تۆزێک بگەڕێینەوە بۆ دواوەو ئینجا قسەی لەسەر بکەین، لەسەرەتای ئەزموونی حومکڕانی کوردی لەساڵی ١٩٩٢دا کاتێک پەرلەمانو حکومەت دامەزرا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هـــەمـــووی یەکیگرتەوەو بەتایبەتی هێزەکانی یەکێتیو پارتیو هەرهەمووی یەکیگرتەوەو بەشێوەیەکی نیزامیش ڕێـکـخـرا لـــە لـیـواو فـــەوجو سریە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو قیادەی مەنتیقە دامـــەزرا لەسەرتاسەری کوردستان، کە چـوار قیادەی مەنتیقەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو بارودۆخە نەویستراوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوو، شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگە لەیەکترازا کە هەموومان دەزانین ئەم لێکترازانەی هێزەکانی پێشمەرگە، خەڵکانێکی زۆری لە پێشمەرگە شەهیدکردو ئـاوارەیـــیو نەگبەتیو قوڕبەسەریی بەسەر هێزی پێشمەرگەدا هێنا، هەربۆیە کارێکی ئەوەندە ساناو سکار نەبووە کە وا بەئاسانی ئەم هێزانە تێکەڵ بکرێنەوە، پێموایە مەسەلەی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەش ئـاواتـی هــەمــوو خەڵکێکی دڵـسـۆزو پیاوێکی نیشتمانپەروەربووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئـەم هێزانە یەکبگرنەوەو بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵی سەربازی نێودەوڵەتیی، ئەم هێزە ئاستی توانای سەربازیی بەرزبێتەوەو چەکی پێبێت، تا بیەوێت ئەو دەستکەوتانەی کە خەڵکی کوردستان بەدەستی هێناون، بیپارێزێتو گەرەنتیەکیش بێت بۆ گەڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بەڵام پاش ١٠ساڵ شەڕی یەکتری کوشتن ئەوەندە ئاسان نییە کە وا بەئاسانی هێزی پێشمەرگە یەکبخەینەوەو حکومەتی هەرێمیش بووبوو بە دوو ئیدارە، بـەڵام ئێستا بەخۆشحاڵییەوە ئیدارە بووەتەوە بەیەکو وەزارەتـەکـان یەکخراونەتەوە، ئێمە وەک وەزارەتـی پێشمەرگە، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەین کە هێزی پێشمەرگە بکرێت بە یەک هێزی یەکگرتوو و هیچ هێزێک لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە نەمێنێت، دیارە ئەمەش کارێکی قورسە، چونکە ئێستا دەتوانم بڵێم، زیاتر لە ٢٠٠هەزار پێشمەرگە لەکوردستاندا هەیە، هی هەموو حیزبەکانو ئێستا هەموو حیزبەکان هێزی خۆیانو پێشمەرگەی خۆیان هەیەو هیچی ملکەچ نەبووە بۆ بڕیارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە.

**بوونی هێزی حیزب لە دەرەوەی یاساو نیزام، خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ئەمنو ئاسایشی کوردستان بەبێ سێو دوو، هەر کەسێک دەڵێت وا نییە، ئەی حیزب هێزی بۆ چییە!؟**

*** واتــە جگە لە پارتیو یەکێتی، حیزبەکانی دیکەش هێزی چەکداریان هەیە، کامانەن ئەو حیزبانە؟**

_حیزبی شیوعیو سۆسیالیستو زەحـمـەتـکـێـشـانو هـەنـدێـک لە ئیسلامییەکان هەیانەو هەتا ئەوانەشی کە دەڵـێـن نیمانە، هەیانە، ئەگەر بە پۆلیسیش بـێـت لـەبـەردەرگـاکـەی مولکی خۆیانو ملکەچی خۆیانن، بۆیە ئێمە وەک وەزارەت، هەنگاومان نـاوە بۆ یەکخستنەوەی ئەم هێزانەو چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە، ئەویش یاسای وەزارەتی پێشمەرگەبوو کە پەیوەندی بە ڕێکخستنو هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە، هەر لەناو وەزارەت تا دەگاتە ئەو وەحدانەی کە دروستدەکرێن، هەروەها یاسەیەکمان پێویست بوو بۆ خانەنشینی پێشمەرگەو کەمئەندامانی پێشمەرگەو یاسایەکی ڕێزلێنانی پێشمەرگەمان پێویست بوو، کە خۆشبەختانە هەرچواریاساکە لەپەرلەمان دەنگیان لەسەر دراو لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕەزامەندییان لەسەر دراوەو ئێستا لەبواری جێبەجێکردندان بۆ چارەسەری ئەو کێشانە، لەبەرئەوە ئێستا بڕیاری سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو سەرۆکایەتیی هەرێمو حکومەت ئەوەیە کە ڕێگە نەدەین هیچ چەکدارێک بەناوی پێشمەرگەوە لـەدەرەوەی یاساو نیزام هەبێتو دەبێت هەمووی ملکەچبن بۆ ئەو یاسایانەو لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەدا بن.

*** پێتوایە ئیرادەیەکی جدییو بەهێز هەبێت لەلایەن پارتیو یەکێتیو ئەو لایەنانەی باستکردن بۆ یەکخستنەوەی ئەو هێزانە؟**

– من خۆم بڕوام بە یەکهێزییو هێزی حکومەتی هەرێم هەیە، بڕوام بە هێزی حیزب نییە، لەبەرئەوە قەناعەتی سەد لەسەدم هەیە بەو مەسەلەیەو بۆ ئەوەی تۆ بیزانیت، هەروەها ئیشی بۆ دەکەینو بۆی دەکرێت کە هەروەک پێشم وتی، عەمەلییەکە ئەوەندە ئاسان نییە کە دەڵێم ئەوەندە ئاسان نییە بۆ نموونە، پێداویستی دروستکردنی فەوجێک هەر لە ناوەندی ڕاهێنانو سەربازگەو چـەکو خـواردنو پێداویستی دیکەی لۆجستییەوە، بۆ دروستکردنی ئەو فەوجە لە سنووری ٣٠ملیۆن دۆلارمان پێویستە، ئایا ئەگەر ئێمە بمانەوێت (٦٠-٧٥) فـەوج دروستبکەین، بزانە بودجەکەی دەگات بەچی! ئەمە هەر بۆ دروستکردنەکەی، ئینجا بزانە مانگانە چی دیکەی پێویستە، ئێمە ئێستاش وەک وەزارەت کێشەی بودجەمان هەیەو بە سلفە پارە لە حکومەتی هەرێم وەردەگرین بۆ مووچەدان بە پێشمەرگەو کڕینی پێویستییەکانی پێشمەرگە لە ئازوقەو نەسریەو شتی دیکە.

*** ئێستا سروشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەرووی تەشکیلەو ئیدارەدانەوە چۆنە؟، ڕوونتر بڵێم چەند لەو هێزانە لەژێر دەسەڵاتی حیزبدانو چەندی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدایە؟**

– کەمترین ژمارەی هێزەچەکدارەکان لـــەژێـــر دەســـەڵاتـــی وەزارەتـــــی پێشمەرگەدان، بەشی هەرە زۆری لەژێر ڕکێفی حیزبەکاندانو بەنموونە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فەرماندەیی گشتیی هەیەو پارتی دیموکراتی کوردستانیش فەرماندەیی لەشکری (فەلەک)ی هەیەو هەر حیزبێکی دیکەش ناوێکی دیکەی بۆ هێزەکەی هەیە.

*** بەڵام ئەوەی کە لەبەرچاوە ئەوەیە کە لەکوردستان زۆربــەی زۆری هێزی پێشمەرگە هی پارتیو یەکێتییە؟**

_بەڵێ بە تەئکید ئەو قسەیە ڕاستە، بەشی هــەرەزۆری، نەک بەشی زۆری، هێزە فەعالەکە لەلای ئەو دوو حیزبە

## بۆچی مالیکی بڕیاری داخستنی کۆلێژە سەربازییەکانی دا؟

# ئەنوەری حاجی عوسمان: نەدەبوو سەرکردایەت



بەرهەم خالید

**بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم، بڕیاری داخستنی کۆلێژە سەربازییەکانی زاخۆو قەڵاچوالان بە پیلانی دژ بە کوردو کەمکردنەوەی ڕۆڵی سوپا وەسفدەکاتو پابەندبوون بە بڕیارەکەشەوە بە توندی ڕەتدەکاتەوەو ئەندامێکی لیژنەی ئاسایشو بەرگریی پەرلەمانی عێراقیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو مەسەلەیە دەخەنە گفتوگۆوە بۆئەوەی لە هۆکارەکانی پشت ئەو بڕیارە بکۆڵنەوە.**

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عـێـراق بـڕیـاریـدا سـەرەتـای ساڵی ئایندە، هـەردوو کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالانو زاخۆ دابخرێنو تەنها یەک کۆلێژی سەربازی لە عێراقدا هەبێت، ئەو بڕیارەش کاردانەوەی جیاوازی لای لایەنە جیاوازەکانی هەرێم لێکەوتەوە.

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزیـری پێشمەرگەی هەرێم لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، بەشێک لە کاربەدەستانی بەغدا پێیان خۆش نییە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز بێتو نیگەرانن لە یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگەو بەهێزبوونی، ئەوەش نیازخراپی ئەو کەسو لایەنانە دەردەخـات بەرامبەر بە کورد، بە بۆچوونی ئەو، بڕیاری داخستنی کۆلێژە سەربازییەکانیش بەشێکە لـەو هەنگاوانەی لەپێناو لاوازکـردنـی ڕۆڵـی کـورد لە سوپای عـێـراقو سـنـووردارکـردنـی توانا سەربازییەکانی هـەرێم دەنرێن.

بریکاری وەزارەتـــی پێشمەرگە ڕەخـــنـــەی لـــە ســـەرکـــردایـــەتـــیـــی سیاسیی هـەرێـم گـرت بـــەوەی کە کـۆلـێـژە سەربازییەکانی زاخـۆو قەڵاچوالان موڵکی کورد بوون، بەڵام سەرکردایەتیی سیاسیی کورد عێراقی کرد بە خاوەنیان، وتیشی: «ئێمە بە هیچ شێوەیەک کار بەو بڕیارە ناکەینو ڕەتی دەکەینەوە، چونکە ئەگەر ئێمەش قبوڵی بکەین میللەت لێمان قبوڵ ناکات، هەربۆیە سەرۆکی هەرێم وەک فەرماندەی هێزەچەکدارەکانی هەرێم، بە ڕەسمیی وەڵامـی ئـەو بڕیارەی مالیکی دەداتەوە».

## (١٦٥) دەنگ، یاسای (٢٠٠٥)، قەیرانی مەرسومی کۆماریی

# سیناریۆکانی دوای ڤیتۆی دووەمی هاشمی

هەستیار قادر

ڤیتۆکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان بۆ جاری دووەم لەلایەن تاریق هاشمییەوە پێشبینی چەند سیناریۆیەکی بۆ دەکرێت، لەوانە: ڕەتکردنەوەی ڤیتۆکە بە دەنگی (١٦٥) ئەندام پەرلەمان، یان شکتسهێنان لەو هەنگاوەو گەڕانەوە بۆ یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١٦)ی (٢٠٠٥)و چاوەڕوانیش دەکرێت مەرسومی کۆماریی بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن بە هەمان ڕێگەی لە سێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفالدا بچێتەوە.

### هەڵوێستی هاشمی:

لە پاش ئەوەی پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی (١١/٢٤)دا بە زۆرینەی (١٣٣) ئەندامی ئامادە بوو و بەبێ ڕەزامەندیی سوننەکان ڤیتۆی تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)یان ڕەتکردەوە، کە پەیوەندیدار بوو بە کورسییە قەربووەکانو دەنگدەرانی دەرەوە ئەگەرەکانی ڕەتکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن تاریق هاشمییەوە زیادی کردووە، بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵیش دوای کۆتایی هاتنی جەژن هاشمی دواهەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە ڕادەگەیەنێت.

لە ڕوونکردنەوەیەکدا، کە لە (١١/٢٧)و دوای سێ ڕۆژ لە ڕەتکردنەوەی ڤیتۆکەی لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە، تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار ئاماژە بەوە دەکات؛ کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران ڕێڕەوی گفتوگۆکانیان لەسەر ئەو یاسایە لاداوەو چەند مادەیەکیان هەموار کردووە، کە پێشتر ڤیتۆ نەکراونو دەڵێت: «هاشمی هەموو جۆرە هەموارکردنێک لە دەرەوەی سنووری ڤیتۆتەکەی ڕەتدەکاتەوە».

لە بەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکەی هاشمیدا هاتووە: «هەندێک پێیانوایە؛ کە شەڕە یاساییەکە لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکان کۆتایی هاتووە، بەڵام هێشتا ئێمە لە ناوەڕاستی ئەو ڕێگەیەداینو هاشمی تا کۆتایی کار بۆ هێنانەکایەی دادپەروەریی دەکات.

ئەم ڕوونکردنەوەیەی هاشمی هاوکات بوو لەگەڵ پەسەندکردنی هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن هەریەک لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو عادل عەبدولمەهدی جێگریدا، کە بەپێی بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتی کۆمار لە (١١/٢٥)دا ئاماژەی پێکراوە.

بەپێی بڕگەی چوارەمی مادەی (١٣٨)ی دەستووری عێراق سەرۆکایەتی کۆمار بۆی هەیە بۆ جاری دووەم ڤیتۆ لە بەرامبەر یاسایەک بەرکاربهێنێتو ڕەوانەی پەرلەمانی عێراقی بکاتەوە لەو ڕوانگەیەشەوە ئەگەرەکانی ڕەتکردنەوەی هەمواری دووەمی یاساکە لەلایەن هاشمییەوە چوارچێوەیەکی دستووریی هەیە.

### کۆکردنەوەی ٣ لەسەر ٥ی دەنگی پەرلەمانتاران لە دژی ڤیتۆی دووەم:

ئەگەر تاریق هاشمی هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ڕەتکردەوە بەپێی خاڵی (ج) لە بڕگەی چوارەمی مادەی (١٣٨)ی دەستووری عێراق ڕەتکردنەوەی ئەو ڤیتۆیە لەلایەن پەرلەمانەوە پێویستی بە (٥/٣)ی تەواوی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، نەک ئامادەبوان کە دەکاتە (١٦٥) دەنگ لە کۆی (٢٧٥) ئەندامەکەی پەرلەمان بە پێچەوانەی ڕەتکردنەوەی ڤیتۆی یەکەمەوە، کە پێویستی بە نیسایی یاسایی (١٣٨) ئەندامو زۆرینەی سادەی (٥٠+١)ی پەرلەمانتارانی ئامادەبوو هەبوو، کە دەکاتە (٦٧) ئەندامی ئامادەبوو، گەر لیستەکانی هاوپەیمانیو ئیئتیلاف بە هەردوو بەرە، بەرەی ئیئتیلافو هاوپەیمانەکانیو ئیئتلافی دەوڵەتی یاسەوە توانیان (١٦٥) دەنگ کۆبکەنەوەو بۆ جاری دووەم ڤیتۆی هاشمی ڕەتبکەنەوە، ئەوکات یاساکە پێویست بە گەڕانەوە ناکات بۆ دەستەی سەرۆکایەتی عێراق بە مەبەستی ئیمزاکردنیو ڕەوانەی ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی دەکرێتو دوای بڵاوکردنەوەی لەو ڕۆژنامەیەدا یاساکە بەرپاو بەکاردەبێت.

### گەر (١٦٥) دەنگ کۆنەکرایەوە

لیستی هاوپەیمانی کوردستانو ئیئتیلافی شیعەش بە کوتلەی سەدرییو فەزیلەوە (١٨١) ئەندامن، کە لە ڕووی تیۆرییەوە دەتوانن ڤیتۆی دووەمی هاشمی ڕەتبکەنەوە، بەڵام بەوپێیەی کە حیزبی فەزیلەی ئیسلامیی لە دانیشتنی (١١/٢٤)دا دەنگی بە بڕگەیەکی هەموارکراوی یاسای هەڵبژاردن نەداوە، کە تایبەت بووە بە پێدانی دەنگە زیادەکان بە لیستی براوەی بەهێزو سەدرییەکانیش لە گەمەیەکی بەردەوامدان لەگەڵ ئیئتیلافو هاوپەیمانیو لیستی یەکگرتووش هەمان هەنگاوی فەزیلەی نا، تا لە ڕۆڵی لیستە بچووکەکان نەدرێتو لە پاڵ ئەوەشدا هەریەک لە لیستی بەرەی تەوافوقو عێراقییەو بەرەی دیالۆگو موستەقلون هاوڕای هاشمین لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانو بەهۆشییەوە دانیشتنی پێشووی پەرلەمانیان بەجێهێشت ئەگەری کۆکردنەوەی دەنگەکان لەلایەن دوو لیستە گەورەکەی پەرلەمانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ڤیتۆی دووەمی هاشمی کارێکی قورس دەبێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەگەری ڕێژەی ئامادە نەبوونی ئەندامانی ئەو دوو لیستە، کە لە دانیشتنی (١١/٢٤)شدا (١٣) ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی ئامادەنەبوون،

گەر هاوپەیمانیو ئیئتیلاف نەیانتوانی ئەو (١٦٥) دەنگە کۆبکەنەوە پەرلەمان ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)و دەستبەجێ کارێ پێدەکرێت بەوپێیەی یاسایەکی کار پێکراوەو پێشتر لە پەرلەمان پەسەندکراوە بەپێی ئەو یاسایەش هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمان ئەنجام دراوە، کە پشت بە سیستەمی داخراوو یەک بازنەیی دەبەستێت، کە لەلایەن ئیئتلافی دەوڵەتی یاساییەوە ڕەتدەکرێتەوە،

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش هەر پڕۆژەیاسایەک لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ جاری دووەم ڤیتۆی سەرۆکایەتی کۆماری لەسەر ڕەتکرایەوە، نابێت لەو وەرزە تەشریعیەدا تاووتوێی بکاتەوەو دەبێت لە وەرزێکی نوێدا گفتووگۆی لەسەر بکاتەوەو کێشەکە لێرەدا ئەوەیە، کە پەرلەمان وەرزی نوێی لە بەردەمدا نەماوەو بەپێی دەستوور دوا وەرزی تەشریعی پەرلەمان (٢/٢١) واتە (٤٥) ڕۆژ پێش یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی ڕابردوو کۆتایی دێت.

### قەیرانی مەرسومی کۆماریی:

گەر پەرلەمان توانی بۆ جاری دووەم ڤیتۆی هاشمی ڕەتبکاتەوەو یاساکە ڕەوانەی ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی بکات، دەبێت سەرۆکایەتی کۆمار مەرسومێک دەربکات بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنو لێرەشەوە ئەگەرەکانی دووبارە بوونەوەی هەمان کێشەی مەرسومی کۆماریی لەسێدارەدانی تاوانبارانی کەیسی ئەنفال دێتەوە کایە، کە تائێستا هاشمی ئامادەنییە ئیمزای بکاتو ئەو هەنگاوە ئەنجامنادرێت،

لەوبارەیەوە سیروان زەهاوی یاساناسو پەرلەمانتاری عێراق ئاماژەی بەوە کرد؛ کە دەرکردنی مەرسومی کۆماریی لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە، ئەگەرە نەک ماف، تا نەیکات بەراوردکردنی ئەو دوو کەیسەش جیاوازی هەیەو بەوپێیەی گوشارێکی دەرەکیو ناوخۆیی سوننەکان هەبووە پێشتر بۆ لە سێدارەنەدانی تاوانبارانی کەیسی هەڵەبجە، بەڵام ئێستا گوشارێکی نێودەوڵەتیو ناوخۆیی پێچەوانە هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

گەر هاشمی مەرسومی کۆماریی دەرنەکات، ئەگەرهەیە هەمان سیناریۆی لە سێدارەدانی سەدام ڕووبداتەوە، کە مالیکی لە بری سەرۆکایەتی کۆمار ئیمزای کردووە کارەکەش ڕۆیشتو ئەوکاتەش مشتوومڕێکی ئەو تۆی لەسەر نەکرا.

سیروان زەهاوی پێی وایە؛ گەر هاشمی مەرسومی کۆماری بۆ دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن وەک ئەرکی خۆی دەرنەکات، کەسێکی دیکە لە بری ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات، کە ئەویش نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانەو وتیشی: «دیاریکردنی لەوکاتە، یان دەرکردنی ئەو مەرسومە لە دەسەڵاتی مالیکیدا نییە وەک سەرۆک وەزیرانو گەر بیشیکات ئەو کارە دەستووری نییە، بەڵام لە ڕووی واقیعییەوە پێشتر ئەو کارە کراوە بێدەنگ بوون لێی، دەکرێت دووبارەی بکاتەوە.





## ئەگەر هەیە هەڵبژاردنی عێراق بۆ (٩/١٦) دوابخرێت

رۆژنامە

ئەگەر هەیە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (٩/١٦)ی (٢٠١٠) دوا بخرێتو ئەمریکاش ڕەزامەندیی لەسەر ئەم هەنگاوە دەربڕیوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەنگۆیەک لە نێو پەرلەمانتاراندا هەیە سەبارەت بە ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراق بۆ ماوەی (٦) مانگ لە دوا وادەی کۆتایی هاتنی تەمەنی پەرلەمان هەڵبژاردن لە (٢٠١٠/٩/١٦)دا ئەنجامبدرێت.

ئاماژەی بەوەشدا، سەرچاوی بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دواخستنی هەڵبژاردن لە نێو پەرلەمانتاراندا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقییەو پێدەچێت ئەو پێشنیازانە لەلایەن حکومەتی نوری مالکییەوە کرابێت، تا گفتووگۆی لەسەر بکرێت.

وتیشی: باڵیۆزخانەی ئەمریکاش تا هێندێکی باش لەگەڵ بیرۆکەی دواخستنی هەڵبژارندایە بۆ (٢٠١٠/٩/١٦)و بەوپێیەی داوای کردووە تەوافوقێکی تەواو لەسەر یاسای هەڵبژاردن بهێنرێتە ئاراوە بەر لەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجامبدرێت.

## ئێریک گوستافسن:

# ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان لەژێر فشارێکی ئێجگار گەورەدایە

سازدانی: شاڵاو فەتاح

١–٢

**ئێریک گوستافسن، بەڕێوەبەری پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی مافی مرۆڤ لەپەیمانگای نێودەوڵەتی بۆیاساکانی مافی مرۆڤ، ئێستا لەهەرێمی کوردستانە و لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا چەند محازەرەیەکی لەکۆلیژی یاساو رامیاری زانکۆی سلێمانی بۆ مامۆستایان و خوێندکاران وتووەتەوە. رۆژنامە بەمەبەستی زانینی بۆچونی ناوبراو لەسەر هەندێک پرسی سیاسی لەکوردستان ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ سازداوە**

**رۆژنامە: لە مونتەدای عێراقیی ساڵی (٢٠٠٨) لە واشنتۆن دی.سی وتت ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت تەنگەژەیەکی مرۆییانەیە یان کارەساتێکە، ئێستاش باوەڕت وایە؟**

* ئەوە تەنگەژەیەکی مرۆییانەیە، مەبەستم ئەوەیە عێراق لەژێر دەستی رژێمدا کارەساتێکی مرۆیی لێقەومابوو، لەژێر گەمارۆی ئابووریی نێودەوڵەتیدا کارەساتی مرۆیی بووە، بەڵام ئێستا شتەکان بەرەبەرە جێگیردەبن، زۆرێک لەو عێراقییانەی کە وڵاتیان بەجێهێشتووە یارمەتی خێزانەکانیان دەدەن لەناو عێراق، بەڵام ئێستاش ژیان بۆ هەندێک خێزان قورسە، بەڵام خۆشگوزەرانیش پەرەیسەندووە، حکومەت پارەی زۆر خەرجدەکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پارەی زۆر خەرجدەکات، ئەمەش خۆشگوزەرانییەکی جێی ئیعتیباری دروستکردووە، ئەگەر سەیری سلێمانی بکەیت دەبینیت خۆشگوزەرانیی هەیە، بینای زۆر دروستدەکرێت، گەنجی زۆر دەبینیت جلی جوانیان لەبەرکردووەو دەچن بۆ کۆلێژ، بەڵام ئەگەر بچیتە دەرەوەی شار دەبینیت کۆمەڵە خەڵکی وا هەیە کە هیچ بەشێکی لەم سامانەدا نییە، رەنجدەدەن و هیچ بوارێکیان بۆ پەروەردەو خوێندنیش نییە، ناتوانن لە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت کەڵک وەرگرن وەک ناوەندی شارەکانی وەک هەولێرو دهۆک و سلێمانی هەیانە.

**رۆژنامە: بەشی حیزبەکان لەم کارەساتەدا چییە، وەک دەزانیت حیزبەکان کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و هەربۆیە بەشدارن یان بەشیان هەیە لە خولقاندنی ئەو کارەساتەدا، رۆڵی ئەوان بە پۆزەتیف یان نێگەتیف دەبینیت؟**

* پێموایە کۆمەڵگەی عێراقی بەشێوەیەک بەیەکەوە بەستراوە کە زۆر جیاوازە لە ئەمریکا، لەبەرئەوەی ئەمریکیم، سیستمی سیاسیی ئەمریکا باش دەناسم، ئەوە قورسە کە بەراورد لەنێوان سیستمی عێراقی و ئەمریکیدا بکەیت، چونکە جیاوازیی زەبەلاح بەدی دەکەین. لە ئەمریکا چەند حیزبێک هەن، بەڵام ئەوان هەموو رەهەندەکانی ژیانی گشتیی (جەماوەر)یان داگیرنەکردووە. لە ئەمریکا کەرتی تایبەتی زۆر بەهێز هەیە، کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە کە رێکخراوە ناحکومییەکانیش دەگرێتەوە، هەموو ئەوانە چەند چالاکییەکی سیاسیی دەکەن کە بەتەواویی سەربەخۆو جیاوازە لە حیزبە سیاسییەکان. حیزب دەست بەسەر بەشێکی زۆر بچووکی ژیانی گشتییدا دەگرێت، بەڵام لێرە لە عێراق، حیزبە سیاسییەکان زۆربەی ژیانی گشتیی داگیردەکەن و بوارێکی زۆر کەم بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیی سەربەخۆ دەهێڵنەوە، ئەمەش زەرەری زۆر لە کۆمەڵگەی عێراقیی دەدات. پێموایە چەندین شت هەیە کە دەبێت رێگریی لێبکرێت بۆئەوەی عێراق گەشەبکات و خۆشگوزەرانتر بێت. پێموانییە ئەمە تەنیا کێشەی تاکەکەسێک یان پارتێک بێت، دەبێت سەرلەنوێ تەواوی «یاسای یاریی»یەکە دابرێژرێتەوە، لەبەرئەوەی حیزب دەستی بەسەر زۆر شتی گشتییدا گرتووە، ئەمەش کاریگەریی دەبێت بۆ سەر حکومەت، چونکە پارتە سیاسییەکان تەنیا هەوڵدەدەن تا بتوانن کۆنترۆڵی حکومەت بکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە حیزبێک یان تاکەکەسێک دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرێت و سەرچاوەکانی بەسەر لایەنگرەکانی خۆیدا دابەشبکات، لەبری ئەوەی خزمەتی خەڵکی پێبکات. لە ئەمریکا، بەڵێ ئێمەش کەسانێکمان هەیە پارتیزانن، بەو مانایەی بەشێوەیەکی زۆر بە حیزبەکەیانەوە بەستراون، بەڵام هەر سەرۆکێکی ئەمریکا پێویستە خزمەتی گشت خەڵکی ئەمریکا بکات، پێموانییە ئێوە لەعێراق ئەم نەریتەتان هەبێت و هێشتا زووە بۆ ئەمە، بەڵام هیوای ئەوەش هەیە کە دەستبکەن بەوەی خەڵکتان هەبێت و بەتەواویی ئیختیراقی سیاسیی نەکات.

**رۆژنامە: دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا هیچ لە مەسەلەکان دەگۆڕێت؟**

* من دەڵێم بەڵێ و نەخێر. بەڵێ، چونکە ئێوە بەتەواوەتی پێویستتان بە رکابەرێتیی هەیە، لە هەموو سیستمێکی سیاسییدا تۆ پێویستت بە ئاستێک لە رکابەریی هەیە، بەهۆیەوە مشتومڕی فراوان لەسەر چەندین بابەتی جیاواز دەکرێت و چەندین حیزبی سیاسیش دەبێت بۆ رکابەریی، ئەگەر رکابەریی نەبێت، تەنیا پارتێک یان چەند پارتێکی سیاسیی دەمێننەوەو بۆ کۆنترۆڵ و ئەوانیش تەمەڵ دەبن و کار بۆ دەنگەکانی خەڵک ناکەن، بەڵام ئەگەر رکابەرییت هەبێت، کارکردنیش بۆ دەنگەکانی خەڵک دەبێت. ئەمجۆرە لە رکابەریی زۆر تەندروستە، ئەگەر سەیری ئەمریکاش بکەیت هەمان شتە، کۆمارییەکان بۆ ماوەیەک کۆنترۆڵیان هەیەو هەندێک شتدەکەن کە خەڵک ناشاد دەکات، بۆیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دیموکراتەکان دەیبەنەوە، وەک دەبینیت ئێستا دیموکراتەکان لە کۆنگرێس و کۆشکی سپیدان، ئەم ململانێیە لەنێوان پارتە سیاسییەکاندا هەمیشە تەندروستە بۆ دیموکراسی.

**رۆژنامە: ئۆپۆزسیۆن چۆن دەتوانێت لەم بارودۆخەدا یارمەتیدەر بێت، وەک دەزانیت کێشەی کوردستان تەنیا سیاسیی نییەو چەندەها تەنگەژەی مرۆیی دیکەت هەیە؟**

* وەک پێشتر وتم دەتوانێت و ناشتوانێت، بەڵێ بۆ بوونی ململانێی سیاسیی بوو. نەخێر بۆ ئەوەیە کە بۆ هەر ئۆپۆزسیۆنێک لە عێراق زۆر زۆر گرانە بەتەواوی و بەشێوەیەکی رادیکاڵ لە پارتە سیاسییەکان جیابێتەوە. مەبەستم ئەمەیە کە ئەوان هێشتا پەیڕەوی هەمان سیستم دەکەن و دەبێت لەژێر هەمان سیستمدا کاربکەن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە حیزبە سیاسییەکان کۆنترۆڵێکی فراوانی ژیانی گشتییان کردبێت، ئۆپۆزسیۆنت هەیە کە بەدوای هەمان مۆدێل دەکەون. با گۆڕان وەک نموونەیەک وەربگرین، لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی (٢٥)ی تەمموزدا چەند کاندیدێکیان هەبوو، ئەوان توانییان (٢٥) کورسی پەرلەمان بەرنەوە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر بوو، هەرچەندە زۆرێک لە کەسایەتییەکانی گۆڕان ئەوانەن کە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەشدارییەکی دیاریان هەیە، بەڵام دەبینیت لە هەڵبژاردنەکاندا ناچارن وەک پارتی و یەکێتی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکان بدەن. پێموایە زۆر قورسە بۆ پارتێکی سیاسیی کە سەرڕاست بێت و بەتەواوی و رادیکاڵی لەو پارتە سیاسییانە جیابێت. لەبەرئەوە پێموایە ئۆپۆزسیۆن لەژێر فشارێکی ئێجگار گەورەدایە، فشارەکەش ئەوەیە کە خەڵک چاوەڕوانیی لە ئۆپۆزسیۆن هەیە. ئەوان دەڵێن، گەر من وامکرد شەقامو گەڕەکەکەی من دەنگ بەتۆ بدات، دەبێت تۆش شتێکم بدەیتەوە لەبەرامبەردا، بۆیە پێموایە ئەمە بۆ گۆڕانیش راستە، ئێستا ئەوان لە ململانێدان، گوایە ببنە بزووتنەوەیەکی سیاسیی جەماوەریی راستەقینە یان یاری بەهەمان یاسای پارتە گەورەکان بکەن.

**رۆژنامە: فشاری پارتە گەورەکان بۆ سەر ئۆپۆزسیۆن چ ئاکامێکی دەبێت، هەندێک پارتە گەورەکانی وەک پارتی و یەکێتی گۆڕان رەتدەکەنەوەو پرۆژەکانیان لە پەرلەماندا رەفزدەکرێن، ئەمە چ کاریگەرییەک دروستدەکات؟**

* دەبینیت ئەمە ئەو بەشەیە کە من پێموایە زۆر ناهەموارە، هەر ئەمەشە کە زۆر لە سیستمی سیاسیی ئەمریکا جیاوازە. پارتی و یەکێتی، بەتایبەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا مۆنۆپۆڵی هەموو ژیانی گشتییان کردووە، ئەوان کۆنترۆڵی حکومەتیان کردووە، کاتێک سەدام هێشتا لەسەر حوکم بوو، ئەوان کۆنترۆڵی رێگەی قاچاغیشیان کردبوو. کاتێک تۆ ئەم دینامیکەت دروستکرد، کاتێک ئەم کلتوورەت دروستکرد، کلتوور بەمانای چاوەڕوانیی (پێشبینی) خەڵک لە تۆ، بەڕاستی لەپڕێکدا بیگۆڕێت، هەرچەندە ئەوان لەژێر فشاردان بۆ گۆڕان و ریفۆرم، بەڵام هێشتا پرۆسەیەکی هێواش دەبێت بۆ ئەوان. دواتر تۆ گۆڕان و پارتی ئۆپۆزسیۆنی دیکەت هەیە، ئەمەش ئەو گۆڕانە پێویستتر دەکات، بەڵام هێشتا پارتی و یەکێتی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیەو هاوپەیمانن، کۆنترۆڵی حوکمیان کردووە، جیاوازیی زۆریش لەنێوان حوکم و سیاسەت و پارتە سیاسییەکاندا نییە، ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوە هیوایەک بە گەشەسەندنی ناوچەکە دەبەخشێت، هێشتا مێریتۆکراسیمان نییە، ئەگەر تۆ بەڕاستی گۆڕانت دەوێت، ئەوە دەبێت پارتە سیاسییەکان شێوازی کارکردنیان بگۆڕن، دەبێت گۆڕان و یەکێتی و پارتی کۆببنەوەو پەیمانبدەن کە شێوازی کارکردنیان بگۆڕن، ئەگەر ئەمە روونەدات، پێموایە هەر بیزنس دەبینن لە عێراق و کوردستان، تەنانەت ئەگەر گۆڕانیش زۆرینەی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، هێشتاش زۆر رەشبین دەبم بەرامبەر گۆڕانی پرۆسەکە، لەوانەیە چەند هەنگاوێکی بچووک هەبێت بە ئاراستەیەکی دروستدا، بەڵام کێشە سەرەکییەکە گۆڕینی یاسای یارییەکەیە بە گشتیی. بەبێ گۆڕینی ئەوە پێموایە هەمان شێواز دەبینیت کە پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن زۆرترین بەشی کێکەکە بەرنەوەو بەشێکی بچووکیشی بدەن بە جەماوەر، ئەمەش حوکمێکی دروست یان دیموکراتییەکی راستەقینە دروست ناکات.

**رۆژنامە: وەک لینین دەڵێت: «دەبێت چی بکرێت؟» پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاسای یارییەکە بگۆڕێت، بەتایبەت دوای ئەوەی بوونی ئۆپۆزسیۆنیش تەواوی پرۆسەکە ناگۆڕێت؟**

* پێموایە گۆڕانێکی هێواش دەبێت، پێموانییە گۆڕان لە شەوێکدا رووبدات، گۆڕانی هێواشیش لەلایەن خەڵک و هاوڵاتی ئاساییەوە دروستدەبێت. دەبێت خەڵکی ئاسایی لە حیزبەکان بکشێنەوەو بڵێن، ئێمە کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆمان دەوێت کە جیابێت لە پارتە سیاسییەکان، ئێمە یەکێتییەکمان دەوێت کە نوێنەرایەتی کرێکاران بکات نەک پارتە سیاسییەکان، خوێندنگەمان دەوێت کە کار بۆ پەروەردەکردنی خەڵک بکات نەک نوێنەرایەتی پارتێکی سیاسیی بکات، رێکخراوی خوێندکارانمان دەوێت کە سەربەخۆ بێت، رێکخراوی سەربەخۆی ناحکومیمان دەوێت، نەخۆشخانەی سەربەخۆمان دەوێت، تەنانەت بەرپرسمان دەوێت، بەرپرسی شاری سەربەخۆمان دەوێت، دەزانیت ئەوە زۆر باوە لە ویلایەتەیەکگرتووەکان، زۆر خەڵکی سەربەخۆت هەیە کە ئۆفیس بەڕێوەدەبەن و بە تەواوەتیش سەربەخۆن. دواتر دەبێت ئەوان بۆ بەرژەوەندیی گشتیی تێبکۆشن، نەک بۆ تاکەکەس یان پارتێکی سیاسیی. ماوەیەکی زۆر نییە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەی هەبوو لە تەلاری هونەر، بەرهەم ساڵح سەرۆک وەزیرانی نوێی حکومەتی هەرێم و مام جەلال و بەرپرسە گرنگەکانی دیکەی یەکێتی، پەیمان یان سوێندێکی سیاسییان مۆرکرد بۆ ئەوەی وەفادار بن بەرامبەر بە حیزب، باشە بەرهەم ساڵح دەبێت پەیمانێک بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان مۆربکات کە بەرامبەریان وەفادار بێت، ئەمەیان سەرنجڕاکێش دەبێت، دەبێت فشار بخەنە سەری بۆئەوەی ئەو کارە بکات. ئۆپۆزسیۆنیش دەتوانێت چەندین کاری سەرنجڕاکێش ئەنجامبدات، ئەگەر گۆڕان دەیەوێت بەڕاستی جیاواز بێت، ئەوا دەبێت چەند دەستپێشخەرییەک بکات، بۆ نموونە با بودجەکەی بڵاوبکاتەوە، بەڕاستی دەمەوێت ئەمە لە رۆژنامەکاندا ببینم، ئەمە باوەڕپێنەکراوە کە لە عێراقێکی دیموکراتیدا پارتە سیاسییەکان ناشەفافن و بودجەی خۆیان بۆ دەنگدەرەکانیان ئاشکرا ناکەن و لەکوێوە پاڵپشتی مادیی دەکرێن. پێموایە ئەگەر هەموو پارتێکی سیاسیی فشاری بخرێتە سەر بۆ دەرخستنی بودجەکەی، ئەوا راستەوخۆ گۆڕانێکی هەرە گەورە روودەدات لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، دەزانیت خەڵک دەیانەوێت دەنگ بە پارتێکی سیاسیی بدەن کە لەلایەن عێراقییەکانەوە پشتیوانی دارایی (فەند) بکرێت نەک ئەم وڵات و ئەو هێزی دەرەکیی، لەبەرئەوەی ئەگەر پارتێکی سیاسیی بۆ نموونە ئێران فەندی بکات، بۆ نموونە (٥٠٪)ی فەندی لەلایەن ئێرانەوە دابینبکرێت، لەپاش ئەوەی هەڵبژاردنیان بردەوە بەرامبەر کێ بەرپرسیار دەبن، هاوڵاتییانی عێراق یان ئێران؟



> **پێموایە گۆڕانێکی هێواش دەبێت، پێموانییە گۆڕان لە شەوێکدا رووبدات، گۆڕانی هێواشیش لەلایەن خەڵک و هاوڵاتی ئاساییەوە دروستدەبێت. دەبێت خەڵکی ئاسایی لە حیزبەکان بکشێنەوەو بڵێن، ئێمە کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆمان دەوێت کە جیابێت لە پارتە سیاسییەکان**

> **دەبێت بەرهەم ساڵح پەیمانی وەفاداریی بەرامبەر تەواوی خەڵکی هەرێم مۆربکات، نەک تەنها بۆئەندامانی حیزبەکەی**

## خورماو زێڕو ئاوی زمزمیان کڕیوە

# سبەینێ یەکەم وەجبەی حاجییانی کوردستان دەگەڕێنەوە

**ڕۆژنامە**

وابڕیارە سبەینێ (١٢/٢) یەکەم وەجبەی حاجیانی کورد، کە بۆ جێبەجێکردنی فەریزەی حـەج چووبوونە عەرەبستانی سعودیە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستانو لەگەڵ خۆشیاندا بە کولفەی یەک ملیۆن دۆلار خورماو ئاوی زمزم بهێنن.

وەک نەریتێکی مسولمانان لە سەردانی عەرەبستانی سعودیەو بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج، حاجییان چەندین جۆری دیاریی لە سعودیە دەکڕنو دەیبەنەوە بۆ وڵاتی خۆیانو بۆ کەسوکاریان، لەم چوارچێوەیەدا ئەمساڵ حاجییانی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان (٤٥٠٠) حاجیە، زیاتر لە (١٣٥) هەزار لیتر ئاوی زمزمو (١٠٠) تەن خورمایان کڕیوەو دەیهێننەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

خاوەن کۆمپانیاکانی حەجی هەرێمی کوردستانو بەرپرسانی حەجی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم لە سعودیە جەختیان لەوە کردەوە، کە تەنیا خەرجی ئەم بڕە ئاوو خورمایەی حاجییانی هەرێم کە لە سعودیە کڕیویانە لەگەڵ تێچوونی گواستنەوەی بۆ هەرێمی کوردستان بە رێگەی وشکایی، نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار تەکلیف دەکات.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنێکی وەزارەتی ئەوقاف، لە بەسەرکردنەوەی پرۆسەی بارکردنی خورماو ئاوی زمزم لەلایەن حاجییانی هەرێمی کوردستانەوە، بەدیارکەوتووە کە حاجییانی سنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر گرنگی بە کڕینی ئاوی زمزمو حاجییانی دهۆک زیاتر گرنگی بەکڕینی خورمای مەدینەو حاجیانی هەولێریش گرنگی بە هەردووکیان دەدەن، هەروەها حاجییانی هەولێر لەناو حاجییانی دیکەی هەرێمدا زۆرتـریـن بـڕی زێـڕی سعودییان لەشاری مەککە کڕیوە.

هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوەدەکات؛ لە چەند ڕۆژی رابردوودا بۆ گواستنەوەی ئاوی زمزمو خورما لە سعودیەوە بۆ هەرێمی کوردستان، قەرەباڵغییەکی زۆر لەبەردەم ئەو شوێنانەدا دەبینرێت، کە حاجییانی هەرێم لە شاری مەککە تیایدا نیشتەجێن.

ئەم هەڵمەتەی کڕینو بارکردنی ئاوی زمزمەو خورما پێش (٩) ڕۆژ لەتەواوبوونی سەفەری حاجییان لە کوردستان دێـت، کە بڕیارە سبەینێ (١٢/٢) یەکەم کاروانی حاجیانی هەرێمی کوردستان لە فڕۆکەخانەی جدەی سعودیەوە بگەنەوە شاری سلێمانی.



حاجیانی کورد لە سعودیە

# چوارقوڕنە، ئەو ناحیەیەی (٤٨)ساڵە تاپۆی نییە

**شاسوار مامە - ڕانیە**

ناحیەی چـوارقـوڕنـە کە سـەر بە قەزای ڕانیەیەو لە ساڵی (١٩٦١)وە کراوە بە ناحیە، تائێستا تەنها بەشێکی گەڕەکە تازەکانی تاپۆکراونو ئەوەش نیگەرانیی هاوڵاتییانی شارۆچکەکەی لێکەوتووەتەوە، چونکە بەهۆی نەبوونی تاپۆوە، دانیشتوانی ناحیەکە بێبەشن لە هەموو جۆرەکانی ئیمتیازی خانووبەرەوە.

مزەفەر مەلا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە ئاماژە بەوە دەکات تا پێش ساڵی (٢٠٠٦) هیچ گرنگی بە چوارقوڕنە نەدراوە، دواتر بەڕێوەبەرێتیی ناحیە، بە هاوکاریی شارەوانی لە سەرەتاوە دەستیانپێکردووەو بەشێکی خانووە تازەکانیان تاپۆکردووە.

مزەفەر مەلا عەبدوڵڵا وتیشی «زۆربەی زەوییەکان سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵنو کێشەمان بۆ دروست بووەو لە هەوڵداین بیانخەینەوە سەر وەزارەتـی شارەوانی بەپێی نەخشەی بنەڕەتیی چوارقوڕنە کە ئێستا تەواو بووە».

هاوڵاتییانی چـوارقـوڕنـە، بەهۆی نەبوونی تاپۆی خانووو زەوییەکانیانەوە، ناتوانن سوودمەندبن لەو ئیمتیازاتانەی کە دەدرێت بە هاوڵاتییان لە ناحیەکانی دیکەدا، وەک پێشینەی خانووبەرە، لەم ڕووەشەوە هاوڵاتییان حکومەت بە کەمتەرخەم دەزانن بەرامبەر بە ناحیەکەیان.

لەبەرامبەردا بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە باس لەوەدەکات کە لەهەوڵدان بۆ دامەزراندنی تێبینەرایەتیی خانووبەرەی چوارقوڕنە لە ئایندەدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تاپۆ لە چوارقوڕنە.

ئەم کێشانە لەکاتێکدان کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە هاوڵاتییانی قەزاو ناحیەکاندا کە کێشەی زەویو موڵکە تاپۆنەکراوەکانیان بۆ چارەسەر بکات، بەڵام (٤)مانگ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێپەڕبووەو تائێستا ئەو کێشانە چارەسەر نەکراون.

لـەلایـەکـی تـرەوە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا کە ڕۆژی (١١/٢٣) بەڕێوەچوو، گفتوگۆیکرد لەسەر چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو خانوانەی بە سەرپێچی لە سنووری شارەوانییەکاندا دروسـتـکـراون، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ دیراسەکردنێکی مەیدانیو ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر ئەو کێشانە.

شارۆچکەی چوارقوڕنە، ژمـارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە (٤٥)هـەزار کەسەو لە ساڵی (١٩٦١)ەوە کـراوە بە ناحیەو دەکەوێتە سنووری قەزای ڕانیەوە، بەڵام تائێستا تەنها گەڕەکە نوێیەکانی تاپۆکراون.

# ڕێکخراوێکی تایبەت بە ناوچە کیمیابارانکراوەکان دادەمەزرێت

**ڕۆژنامە**

بەشێک لە کەسوکاری قوربانییانو خەڵکی ناوچە کیمیابارانکراوەکانی هەرێمی کوردستانو هەڵسوڕاوانی بـواری تـاوانـی جینۆساید، ڕێکخراوێکی سەراسەریی بۆ سەرجەم ناوچە کیمیابارانکراوەکان پێکدەهێنن.

لە بەیاننامەیەکدا کە کۆپییەکی لای ڕۆژنامە پارێزراوە، دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە ئاماژە بەوەدەکەن؛ مەبەستیانە لە داهاتوودا کاری خزمەتگوزارییو بەدواداچوونی مەیدانیی بکەنو تاوانی کیمیابارانکردنیش وەک تاوانێکی نێودەوڵەتیی بۆ خزمەتی گەلی کوردستان بە دنیای دەرەوە بناسێنرێت.

هەر لەو بەیاننامەیەدا ئەو گروپە ئەرکەکانی خـۆیـان دەستنیشاندەکەن بـە کارکردنی چالاکانەتر بـۆ دەستنیشانکردنی گرفتە مرۆییەکانو کۆکردنەوەو دۆکۆمێنتکردنی هەموو ئەو کەلوپەلانەی لە قوربانییان بەجێماون یان ئەو بابەتانەی لە نووسینو لێکۆڵینەوەکاندا تۆمارکراون، لەگەڵ گرتنەبەری هەوڵی زانستیانە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەرجەم بوارەکانی زانستیو مرۆیی.

گروپەکە رایدەگەیەنن: «ئامانجمانە لەسەر ئاستی ناوچەییو نێودەوڵەتیی لەپاڵ تاوانی ئەنفالدا، بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ بکرێتە چەکی بە جینۆساید ناساندنی ئەوکردەوە کۆکوژیانەی لەساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) لەم ناوچانەدا روویاندا».

لە کۆتایی بەیاننامەکەیاندا دامەزرێنەرانی ئـەو ڕێـکـخـراوە ئـامـاژە بـەوە دەکـەن؛ لەئێستادا پشتگیریی نێوخۆییو دەرەکی بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەکەیان ئامادە دەکەنو دەڵـێـن: «لـەم ڕێگایەشەوە پەیامی ئاشتی دووپاتدەکەینەوەو هەوڵدەدەین ببینە بەشێک لە هەوڵە سەرانسەرییەکان بۆ قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانو بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لە جیهاندا».

# حکومەت، کێشەی دامەزراندنی بۆ چارەسەر ناکرێت

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

**دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان بەردەوامن لە دەربڕینی نارەزایی لەسەر دانەمەزراندنیان، لەکاتێکدا ئەمساڵیش بەهەمانشێوەی ساڵانی رابردوو، وەزارەتی پەروردەی حکومەتی هەرێم ڕووبەڕووی بێبەرنامەییو بێپلانی بووەتەوە لە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکاندا.**

لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا جارێکی تر دەرچووانی چەند پەیمانگایەک مانگرتنو خۆپیشاندانەکانیان دەستپێکردەوە، ئەمەش لەگەڵ جێبەجێ نەکردنی بەڵێنی بەرپرسەکاندا بـۆ دامـەزرانـدنـی دەرچـووانـی زانکۆو پەیمانگاکان، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی هەرێمدا، وەزارەتی پەروەردە بەبێ پلان ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی ساڵانی (٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨)ی پەیمانگاکانی مامۆستایانی دامەزراند، بەڵام دوای چەند مانگێک لە دەسپێکردنی دەوامی خوێندن، تائێستا هیچ بڕیارێک بۆ دامەزراندنی دەرچـوانـی سـاڵـی(٢٠٠٩)و پەیمانگای مامۆستایان نـەدراوەو ئەوەش وەزارەتی پـەروەردەی ڕووبـەڕووی ڕەخنە کردووەتەوە.

دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایانی چەمچەماڵ کە ژمارەیان (٣٥٠)خوێندکارە، ڕۆژی(١١/٢١) خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرێتیی پـەروەردەی چەمچەماڵ سازکرد، لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی(١١/٢٣) دەرچـووانـی پەیمانگای مامۆستایانی قەڵادزێ کە ژمارەیان (٢٨٦)خوێندکاربوو، خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان سازکردو دواتر لەگەڵ لیژنەی پـەروەردەو خوێندنی بـاڵای پەرلەماندا کۆبوونەوە.

بە وتەی ئەندامێکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان، تائێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە چارەسەری ئەو کێشەیە بکاتو لیژنەکەیان لە هەوڵدایە بۆ دامەزراندنی دەرچووان.

بە بڕوای د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکەیان بەشێوەیەکی جدی لە هەوڵدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو بەهەموو شێوەیەک داکۆکی لە داواکاریی دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان دەکەن.

د.سەباح بەرزنجی بۆ ڕۆژنامە وتی «چەند ڕۆژێک بەر لەئێستا سەرۆکی لیژنەکە پەیوەندی بە وەزیری پەروەردەو خوێندنی بـاڵاوە کـردو داوای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لێکردن، حکومەتیش بەڵێنێکی سەرەتایی بۆ دامەزراندنیان داوە».

ساڵانە بە هەزاران خوێندکاری زانکۆو پەیمانگاکان خوێندن تەواو دەکەنو پێویستیان بە دامەزراندن هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پلانێکی زانستیی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دامەزراندنیان، هەموو ساڵێک نارەزاییو خۆپیشاندانی لێدەکەوێتەوە.

ئەندامەکەی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمان وتیشی «ئێمە لەهەوڵداین بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم پلانێک دابنێت بۆ دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگاو زانکۆو هەموو خاوەن بڕوانایەک، بۆئەوەی سوودمەند بێت لە بڕوانامەکەی».

هـاوکـات دەرچـووانـی پەیمانگاکانی مـەڵـبـەنـدی مـامـۆسـتـایـان، هـۆکـاری دانەمەزراندنیان دەگەڕێننەوە بۆ خەمساردیو بێبەرنامەیی حکومەتو باس لەوەش دەکەن، کە بەردەوام دەبن لەسەر دەربڕینی نارەزایی تا دادەمەزرێنرێن.

بەهرۆز عومەر، دەرچـوووی بەشی ئینگلیزیی پەیمانگای مامۆستایانی چەمچەماڵەو تائێستا دانەمەزراوە، بۆ ڕۆژنامە وتی «ئێمە پەیمانگامان بۆ ئەوە تەواوکرد، دواڕۆژێکی روون بـۆ میللەتەکەمان دابینبکەینو دابمەزرێین، نەک ئەوەی بچینەوە ماڵەوە».

ئـەو خوێندکارە وتیشی «هـۆکـاری دانەمەزراندنمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تائێستا حکومەتی هەرێم هیچ پلانێکی نییە بۆ دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگاو زانکۆکانو زۆر خەمسادرە لە بەرامبەر داواکارییەکانمان».

لـەگـەڵ بـەردەوامـبـوونـی کێشەی دانـەمـەزرانـدنـی دەرچـووانـی پەیمانگاو زانکۆکان، بەرپرسانی وەزارەتی پەروردەش باس لە هەوڵەکانیان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

د.لـوتـفـی سـدیـق، سـەرۆکـی دیوانی وەزارەتی پـەروەردەی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «چەند مانگێگ پێش ئێستا، وەزارەتی پەروردە دەرەجاتی ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەندەی ئاگاداربین ماوەی چەند ڕۆژێکە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی لەسەر دەرەجاتی ژمارەیەک لە دەرچووان داوەو ڕەوانەی وەزارەتی دارایی کراوە، پێدەچێت دوای جەژن دەستبکرێت بە دامەزراندن».

ئاماژەی بەوەشکرد، تائێستا پەروەردەکان ئاماری دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایانیان بـۆ وەزارەت نـەنـاردووەو نـاوەکـان لە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەکانن.

حکومەتی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بۆ دانەمەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان پـاسـاوی زۆری میلاکی فەرمانبەران دەهێنێتەوە کە مووچەکانیان نزیکەی (٧٠٪)ی بودجەی هەرێم پێکدەهێنێت، لەکاتێکدا هەزاران فەرمانبەری حکومی هـەن کە تەمەنیان خانەنشینی دەیگرێتەوە، بەڵام هەر دەوام دەکەنو حکومەتیش ڕێگەیان لێ ناگرێت، جگە لەوەی هەزاران مووچەخۆر هەیە دەوام ناکەن یان دوو مووچە وەردەگرن.



ناڕەزایی خوێندکاران بۆ دامەزراندن بەردەوامە




بۆتان ئامێدی

# ڕێژەی جەماوەری سەرۆک ئۆباما

لە مانگی (٢٢)ی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٩) باراک ئۆباما وەک (٤٤)ەمین سەرۆکی ئەمریکا سوێندی یاسایی خوارد، لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەساڵی (٢٠٠٨) بەهۆی ئەجێندا میانڕەوییەکەیەوە توانی دەنگێکی زۆر کۆبکاتەوەو زۆرێک لە دەنگدەرانی ئەمریکی بۆ خۆی رابکێشێت. دوای نزیکەی ساڵێک لە ئۆفیس ئێستا جەماوەری سەرۆک ئۆباما بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو خوارەوە دێت.

بەهۆی راپرسییەکانەوە کە رای گشتیی وەردەگیرێت، خەڵکی پێشبینیو بۆچوونی خۆیان لەمەڕ کەسایەتییە سیاسییەکان دەردەبڕن، لە رێگەی میتۆدی عەشوایی دەتوانرێت رایەکی گشتیی دەستبکەوێت، هەرچەندە ناتوانرێت وەک بۆچوونی هەموو خەڵکی تەماشابکرێت. لە ئەمریکا راپرسیی لەسەر ئەدای سەرۆک بووەتە شتێکی باو و تێیدا هەندێکجار سەرۆک لە «مانگی هەنگوینی» خۆی دەبینێتەوە، کە رێژەی رازیبووان لێی لەوپەڕی بەرزیدایەو هەندێکجاریش لە بارودۆخێکی خراپدایە.

ئەنجامی راپرسییەکانیش لە ئانوساتدا ئەگەری گۆڕانی هەیە. بۆ نموونە کاتێک جۆرج بۆش وەک سەرۆک هەڵبژێردرا لەساڵی (٢٠٠١)، رێژەی جەماوەری (٦٠٪) بوو، بەڵام لە دوا مانگی بەجێهێشتنی ئۆفیس رێژەی رازیبووان لێی (٢٥٪) خۆی دەبینییەوە، بەڵام بیرمان نەچێت لەکاتی سەرۆکایەتی بۆش ئەمریکا بە رۆژانێکی سەختدا تێپەڕی، ئەوەیش پەلاماردانی بوو لەلایەن تیرۆریستانەوە لە یانزەی سێپتەمبەری (٢٠٠١)و گۆڕینی رژێمەکانی عێراقو ئەفغانستانی لێکەوتەوە. لەدوای هێرشەکان جەماوەری بۆش لە (٩٠٪) بوو، پاشان هاتە خوار بۆ (٥٥٪)، دواتر بەهۆی رزگاریی عێراقەوە بەرزبووەوە بۆ (٧٥٪)، لە مانگەکانی کۆتاییدا گەیشتە (٢٥٪) کە ئۆفیسەکەی بەجێهێشت.

جەماوەری ئۆباما لە کشانو داکشاندایە. لەکاتی سەرەتای چوونە ناو کۆشکی سپییەوە رێژەی لایەنگرانی (٦٩٪) بوو. ئێستاش بە پێی دوایین راپرسیی رۆژنامەی یو ئێس ئەی تودەی داکشاوە بۆ (٤٩٪). کێشە کاریگەرەکانیش بریتین لە مەسەلە ناوخۆییو ئابوورییەکان. سەرەڕای لەرزۆکیی ئابووریی سیاسەتی دەرەوەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لای ئەمریکییەکان.

بێگومان داکشانی جەماوەری ئۆباما بەهۆی ناخۆشحاڵی خەڵکییەوەیە لەبارەی بارودۆخی ئابووریی، هەمیشە پارتی دەسەڵاتدار هێزی لە پێشکەوتنە ئابوورییەکانەوە بەدەستدەهێنێت. لە مانگی شوباتی (٢٠٠٩) کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاری بووژاندنەوەی ئابووریی دەرکرد، کە خۆی لە (٧٨٧) ملیار دۆلار دەبینییەوە، بڕیارەکە کەمکردنەوەی باجو خەرجی خوێندنو پاراستنی تەندروستی دەگرتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەمجۆرە بڕیارە پێویستبوو بۆ چارەسەری قەیرانی ئابووریی لە ئەمریکا، بەڵام بووە هۆی بەرزبوونەوەی بێکاریی بە رێژەی (٠٢٪)و بێکاربوونی خەڵکی بەشێوەیەکی رۆژانە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی سەرمایەدارە، خەڵکی ئەمریکاش هەمیشە حەز بەوە دەکەن کە باجی کەم بدەنو حکومەت بەکەمترین شێوە تەدەخولیان بکات. سەرۆک ئۆباما بە نیازە سیستمی تەندروستی بە نیشتمانی بکات، ئەمەش زیادبوونی باجو فروانبوونی دەسەڵاتی حکومەتی لێدەکەوێتەوە، ئەمریکا وەک ئەوروپا نییە، چیان زۆر زەحمەتە بەبێ بوونی کارو سیستمی خۆشگوزەرانییەکەی جێگای متمانە نییە. هەر ئەمریکیەکی سادە پرۆژەکەی ئۆباما لەبارەی سیستمی تەندروستی بە رادیکاڵ دەزانێت، بەوەی دەرفەتە بۆ بێکاران لەسەر حیسابی کارکەران.

ئاڵۆزە پێشبینیی داهاتووی جەماوەری سەرۆک ئۆباما بکرێت.

رووداوێکی سیاسیی دەتوانێت گۆڕانێکی گەورە لە جەماوەریبوونی ئۆباما لە ئەمریکا بێنێتە کایەوەو ببێتە جێگای رەزامەندیی زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە، بەڵام راستییەکیش هەیە ئەوەیە، کە بارودۆخی ئابووریی لە ئەمریکا پێشەنگە بۆ ئەمریکیەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک لە (٢٠١٢).

## هیومان رایتس ووچ:
# پێویستە سوریا چیتر کوردەکان بێدەنگ نەکات

ڕۆژنامە

لە دوایین راپۆرتی رێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ (هیومان رایتس ووچ) دەربارەی سوریا، گرنگی بە کێشەی کورد لەو وڵاتە دەدرێتو پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتییانی کوردو حکومەتی سوریا بەتایبەت پەیوەندییە سیاسییەکان دەخرێتەڕوو. لەو راپۆرتەدا باس لە چەوساندنەوەی هاوڵاتییانی ئاسایی کوردو ئەشکەنجەدانی چالاکوانە سیاسییەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریاوە دەکرێت. هیومان رایتس وۆچ لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا پێشنیاز بۆ حکومەتی سوریا دەکات کە هەرچی زووترە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر کوردەکان بگۆڕێت، بەتایبەت کە دەبینرێت وڵاتانی دراوسێی سوریا وەک تورکیاو عێراق هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوەو کراونەتەوە بە رووی کێشەی کورددا. سارا لی ویتسۆن، بەڕێوەبەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا، (هیومان رایتس ووچ) لەم بارەیەوە دەڵێت: «لەکاتێکدا وڵاتانی دیکەی ناوچەکە وەک تورکیاو عێراق مامەڵەی خۆیان لەگەڵ کەمینە کوردەکاندا بەرەو باشتر دەکەن، کەچی سوریا بە نەگۆڕیی دەمێنێتەوە، سوریا دژایەتی هەر دەربڕینێکی سیاسییو کلتووریی کوردی دەکات».

دواتر لە هەمان راپۆرتدا باس لە چەوساندنەوەو ئەشکەنجەدانی چالاکوانە سیاسییە کوردەکان دەکرێت لەلایەن حکومەتو دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەوە، (هیومان رایتس ووچ) لێدوانی چەندین چالاکوانی لەوبارەیەوە وەرگرتووەو دۆکیۆمێنتی کردوون، (هیومان رایتس ووچ) لە نوسخەی رۆژنامەوانیی راپۆرتەکەیدا دەڵێت: «کوردەکان بە (١٠٪)ی دانیشتووانی (٢٠) ملیۆنی سوریا دەخەمڵێنرێنو بەزۆری لە باکوورو خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە دەژین، (هیومان رایتس ووچ) بۆی دەرکەوتووە کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٥)وە دەسەڵاتدارانی سوریا زیاتر لە (١٤) کۆبوونەوەی سیاسیی کوردەکانیان کپکردووەتەوە، هەندێکجار بە رێگەی ئاشتییانەو هەندێکجاریش بە توندوتیژیی. هێزە ئەمنییەکان تەنیا کۆبوونەوە سیاسییەکانی کەمینە کوردەکان یاساغ ناکەن، بەڵکو کۆبوونەوە کلتوورییەکانی وەک جەژنی نەورۆزیش یاساغ دەکرێت. لەوبارەیەوە ویتسۆن وتی: «حکومەتی سوریا مەترسیی لە گشت شتێک دەکات، تەنانەت لە لادێیەکی دووردەست کە ئاهەنگی نەورۆز بگێڕێت». دواتر لەبارەی هەڵوێستی حکومەتی سوریاوە ویتسۆن دەڵێت: «ئەگەر سوریا پەیوەندییەکی باشتری لەگەڵ کوردەکان دەوێت، ئەوا دەبێت گرنگی بە خەمە مەشروعەکانیان بدات، نەک بێدەنگیان بکات». ئەمە لەکاتێکدا سورییەکان چەندین رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پاراستنی مافی کەمینەیان مۆرکردووە.

هەر لە راپۆرتەکەی (هیومان رایتس ووچ)دا ئاماژە بە مەترسیی نەبوونی یاسای پارتە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا دەدرێت، حکومەتی سوریا لەدوای ساڵی (٢٠٠٥)وە (١٥) سیاسیی کوردی بەناوبانگی دەستگیرکردووە، (هیومان رایتس ووچ) دەنووسێت: لەبەرئەوەی یاسای حیزبەکان لە سوریادا نییە، هیچ یەکێک لە پارتە سیاسییەکان، بە پارتە کوردییەکانیشەوە مۆڵەتپێدراو نین، ئەمەش وا دەکات ئەندامانی پارتە سیاسییەکان بە کوردەکانیشەوە هەمیشە لە مەترسیی دەستگیرکردندا بن لەبەر ئەندامێتییان لە رێکخراوێکی مۆڵەتپێنەدراودا، کە بە تاوان دادەنرێت لە یاسای سزادانی سوریادا. هەر بۆ نموونە لە (١١/١٥)ی ئەمساڵدا دیمەشق بڕیاری زیندانیکردنی سێ سیاسیی ناسراوی پارتی ئازادیی کوردی بۆ ماوەی سێ ساڵ دەرکرد، بە تۆمەتی «لاوازکردنی هەستی نیشتمانیو بەهێزکردنی جیاخوازیی تائیفی» لەکاتێکدا ئەوان بانگەشەی نەهێشتنی جیاکاریی دژی کەمینە کوردەکانیان کردبوو، (١٢) لەو (٣٠) کوردەی کە دەستگیرکرابوون بە (هیومان رایتس ووچ)یان وتووە، کە ئەوان ئەشکەنجەدراون لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی سوریاوە، زۆربەشیان لە دادگای سەربازیدا حوکم درابوون، کە چەند یاسایەکی لێڵو نادیاری هەیە. یەکێک لەوانەی کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ئەشکەنجەدرابوو وتی: «ئەگەر لێکۆڵیارەکە قسەکانمی بەدڵ نەبوایە، ئەوا پاسەوانەکان دەیانبردمو بۆ ماوەی (١٠) رۆژ بەپێوە دەوەستامو دەستەکانم لەدواوە بەسترابوون، ئەگەر بەهۆی کەمخەوییەوە بکەوتمایە ئاویان پێدادەکردمو بە قامچی لێیان دەدام. دەستگیرکراوەکان تەنانەت دوای ئازادکردنیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێتو پرسیاریان لێدەکرێت، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان رێگەی چوونە دەرەوەیان لێ یاساغ دەکرێت.

# دواکەوتنی هەڵبژاردن
# ترس لەدڵی عێراقییەکاندا دروستدەکات

شاڵاو فەتاح



ڤیتۆکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان لەلایەن تارق هاشمی، جێگریی سەرۆک کۆماری عێراقەوە دەبێتە هۆی دواخستنی هەڵبژاردنو ئەمەش چەندین مەترسی بۆ سەر عێراقو هێزەکانی ئەمریکا دروستدەکات، مەترسییەکانی بۆسەر عێراق بریتین لە ترسی شڵەژانی دۆخی ئەمنیو تێکچوونی باری سیاسیی وڵات، مەترسیی هێزە دەرەکییەکانیش لە تێکچوونی پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبینرێت.

## پەککەوتنی سیاسییەکانی عێراق

رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە وتارێکی (رەنج عەلادین)دا دەربارەی دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانی عێراقو مەترسییەکانی دەنووسێت، لەپاش مشتومڕێکی زۆر، یاسای هەڵبژاردنی عێراق لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکرا، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ئەم پەسەندکردنە گەڕێنرایەوە، دوای ئەوەی تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ڤیتۆی یاساکەی کرد. هەرچەندە دەبوو سەرژمێریی هاوڵاتییانی عێراق لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا ئەنجامبدرایە، بەڵام ئەمەش وەک هەموو شتێکی دیکە لەو وڵاتەدا دواخراو ئەمەش تەنیا پەیوەندی بە کوردەکانەوە نییە، بەڵکو زۆرینەی کوردەکانو شیعەی وڵاتیش لەگەڵ پەسەندکردنی یاساکەدا بوون، بەڵام ئەو جۆرەی کورسییەکان کە دابەشکراوە، دەبێتە هۆی کەمبوونی کورسیی پارێزگا زۆرینە سوننییەکان، بەتایبەت لەنەینەوا کە جێگەی ململانێی نێوان کوردو عەرەبە. پەرلەمانتارە سوننەکان پرۆتێستی ئەو جۆرە دابەشکردنەیان لەژێر سەرکردایەتیی هاشمیدا کردو هێشتا چاوەڕێی وەڵامی لایەنەکانی دیکەی عێراقن، وەڵامەکە هەر جۆرێک بێت، ئەوان ئامادە نین کە هەمان هەڵەی ساڵی (٢٠٠٥)دووبارە بکەنەوەو بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەنو ئەم رووداوانەش پەککەوتنی تەواوی سیاسییە عێراقییەکان دەردەخات، چونکە دەکرا پێشتر چۆنێتیی دابەشکردنی کورسییەکان لە پەرلەماندا باس بکرایە. عێراقییەکان ئێستا پرسیار دەکەن، ئایا هیچ بەلایەک لەپشت ئەم فەزیحەیەوە هەیە، ئەگەر هەیە، ئەوە کێ بەرپرسیارە؟

## مەترسییە گەورەکان دەردەکەونەوە

لە راپۆرتێکی دیکەی ئەسۆشیەیتد پرێسدا (ئەی.پی) باس لە هەمان کێشەی دواکەوتنی یاسای هەڵبژاردنو مەترسییەکانی دەکرێت، لە چاوپێکەوتنێکی (ئەی.پی)دا، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، عێراقییەکانی ئاگادارکردەوە کە دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەبێتە هۆی مەترسی دروستکردن لەسەر ئاسایشی نیشتمانیو بەتوندیش رەخنەی لە تارق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمار گرت کە ڤیتۆی یاسای هەڵبژاردنی کردووە. مالیکی وتی، «بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلایەن هاشمییەوەو بەردەوامبوونی لەسەری، ئاسایشو ئابووریو دەستووری وڵات دەخاتە مەترسییەکی ئێجگار گەورەوە». مالیکی بەستنەوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای بە هەڵبژاردنەکانەوە بە بێمانا لەقەڵەمداو وتی، «بەستنەوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە هەڵبژاردنی عێراقەوە بێمانایە، هێزەکانی ئەمریکا بەپێی پلان دەکشێنەوەو لە (٢٠١١)دا بەتەواوی لەعێراقدا نامێنن». یاسای هەڵبژاردنەکان ناکۆکییە کۆنەکانی نێوان سوننەو شیعە زیندوودەکاتەوەو پەرلەمانتارە سوننەکان لەو باوەڕەدان کە ئەو گۆڕانەی کراوە لەسەر حیسابی ئەوانەو ژمارەیەکی کەم کورسی بۆ پارێزگا زۆرینە سوننییەکان دابینکراوە.

مالیکی لەبارەی گەورەبوونی کێشەکەوە وتی، «پێموایە کێشەکە گەیشتووەتە لوتکەی خۆیو ڤیتۆکەی ئەلهاشمیش لە سوودی هیچ لایەنێک نییە». ئاسۆشیەیتدپرێس ئاماژە بەوە دەکات کە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق، چاوی بڕیوەتە بەدەستهێنانەوەی پۆستەکەی خۆی.

## مەیفرۆشێکی هەولێر:

# لە ساڵێکدا بایی ٢٢ ملیۆن دۆلار بیرە کڕدراوە

قاسم خدر محەمەد



**بازاڕی خواردنەوە «کحولییەکانی» هەرێمی کوردستان بەرەو گەرموگوڕیی زیاتر دەڕۆن، بەتایبەت کە رۆژانە داواکاریی لەسەر ئەو جۆرە خواردنەوانە روو لە زیادبوونە.**

لەئێستاشدا کە بەردەوام دوکانی مەیفرۆشتنی نوێ لە سەرانسەری هەرێم دەکرێتەوە، لەهەمانکاتیشدا هەرێمی کوردستان بووەتە دەروازەیەک بۆ هەناردەکردنی ئەو خواردنەوانە بۆ ناوەڕاستو باشووری عێراقو ئێران.

لەم بارەیەوە سەنتەری گەشەپێدانی هەناردەی تورکیا لە دوا راپۆرتیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە لەساڵی (٢٠٠٨)دا عێراق زۆرترین بیرەی لە تورکیا کڕیوە. لەو راپۆرتەدا هاتووە «عێراق لەساڵی (٢٠٠٨)دا بەبڕی (٢٢) ملیۆن دۆلار بیرەی کڕیوە، کە هەمووی لەڕێی هەرێمی کوردستانەوە بووە». ئەمە لەکاتێکدایە کە لەساڵی (٢٠٠٧)دا ئەو بڕە تەنیا (١٨) ملیۆن دۆلار بووە.

شارۆچکەی عەنکاوەی پارێزگای هەولێر، بە سەنتەری خواردنەوە کحولییەکانی سەرانسەری عێراق ناسراوە، دەیان بریکاری گەورەی هاوردەکردنی خواردنەوە کحولییەکان لە تورکیاوە لەو شارۆچکەیەدا کار دەکەن، ئەمە جگەلەوەی ژمارەیەکی زۆری دوکانی مەیفرۆشتنو باڕی مۆدێرنو نوێ لە شەقامەکانیدا کراونەتەوە، کە لەلایەن خەڵکی ناوخۆو بیانییەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

سەرگۆن جۆزێف، هاوڵاتییەکی مەسیحی دانیشتووی عەنکاوەیە، ئەو کە خاوەنی دوکانێکی خواردنەوە کحولییەکانە، وتی: «سەرەڕای کرانەوەی ژمارەیەکی زۆری دوکانو باڕی نوێ، هێشتا بازاڕی مەی رۆژ بە رۆژ گەرموگوڕتر دەبێت».

سەرگۆن پێیوایە؛ باری گوزەرانی خەڵک باشتر بووەو ئێستا زیاتر لە خۆشیو سەرگەرمیی دەگەڕێن، بۆیە بەوشێوەیە روویان لە خواردنەوە کحولییەکان کردووە.

خدر شێخانی هاوڵاتییەکی ئێزدی دانیشتووی هەولێرەو خاوەنی دوکانێکی بەناوبانگی مەیفرۆشتنە لە شەقامی پزیشکانی ئەو شارە. شێخانی دەڵێت: «بازاڕ لە شوێنە کوردنشینەکان گەرمترە بە بەراورد لەگەڵ شوێنە مەسیحییەکان، چونکە ژمارەی دوکانەکان لەوێ کەمترنو کڕیارەکان زیاترن».

شێخانیو زۆربەی هاوپیشەکانی تا درەنگانی شەو دوکانەکانیان

> **بوونی هەرێم بە دەروازەی هەناردەکردنی خواردنەوە کحولییەکانی بۆ باشوورو ناوەڕاستی عێراقو ئێران، وایکردووە بازاڕی خواردنەوە کحولییەکان گەرموگوڕتر بێت**

کراوەتەوەو جمەی دێت لە کڕیارو وەک ئەم مەیفرۆشانە ئاماژەی پێدەدەن، هیچ گرفتێکی ئەمنییان نییەو بەبێ ترس کارەکەیان دەکەن.

جێی ئاماژە پێدانە لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، کاتێک هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەهێزبوون، بەشێک لە دوکانەکانی مەی فرۆشتن، بەوەی خدر شێخانیشەوە، تەقێندرانەوەو بازاڕی خواردنەوە حکولییەکان بەرەو لاوازیی رۆیشت.

شێخانی دەڵێت: «بەرەبەیانێکی ساڵی (١٩٩٨)، عەللاگەیەک (تی ئێن تی)یان خستە بەردەم دوکانەکەمو تەقاندیانەوە».

لەئێستادا بارودۆخەکە تەواو پێچەوانە بووەتەوە، لەلایەک هەڕەشەی ئیسلامییە توندڕەوەکان نەماوەو لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی هەرێم رێگەی بە کردنەوەی دوکانو باڕی مەی خواردنەوە داوە، بە مەرجێک نزیکی مزگەوتو قوتابخانە نەبێتو شوێنەکەی لەسەر شەقامە سەرەکییەکان بێت.

شێخانی کە سەرقاڵی کردنەوەی دوکانی دووەمە، گلەیی لە رۆتینیاتی حکومەت دەکاتو دەڵێت: «رۆتینی ئیداریی تاکە بەربەستە لەپێشم، چونکە بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی کردنەوەی دوکانەکەم دەبێت مۆڵەتی تەندروستی، گەشتوگوزار، شارەوانیو پارێزگاو...هتد بەدەستبێنمو ئەوەش کاتو ماندوبوونێکی زۆری دەوێت».

ئەوەی هێندەی تر بازاڕی خواردنەوە کحولییەکانی گەرموگوڕتر کردووە، ئەوەیە کە هەرێم بووەتە دەروازەی هەناردەکردنی ئەو خواردنەوانە بۆ باشوورو ناوەڕاستی عێراقو ئێران.

بازرگانانی خواردنەوە کحولییەکان ئامادەنەبوون لە گۆشەی بازرگانییەکەیان بدوێنو ئەو زانیارییانەیان بە نهێنی پاراست، بەڵام فەرمانبەرێکی حکومەت کە نەیویست ئاماژە بە ناوەکەی بکرێت ئاشکرایکرد، «لە (١٠) مانگی رابردوودا، بەبڕی (٣٨٠) ملیار دینار خواردنەوەی کحولیو جگەرە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە».

لەگەڵ گەرموگوڕبوونی رۆژبەڕۆژی ئەم بازاڕە، هاوڵاتییانو دوکاندارانی مەی فرۆشتن هانی وەبەرهێنەرە ناوخۆییو بیانییەکان دەدەن کارگەی بەرهەمهێنانی خواردنەوە کحولییەکان لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، چونکە تائێستا ئەو خواردنەوانە لە تورکیاو ئەوروپاوە هاوردەی هەرێم دەکرێن.

سەرگۆن دەڵێت: «ئەگەر کەسێک کارگەیەکی بیرەی هەبێت، وەکو ئەوە وایە بۆرییەکی نەوتی هەبێت». بە وتەی ناوبراو، کوردستان هەموو پێداویستییەکانی دروستکردنی کارگەیەکی لەوشێوەیەی تێدایە.

شێخانی هاوڕابوو لەگەڵ سەرگۆن، ئەو وتی: «بە بنیادنانی کارگە، پێشبڕکێ لە بواری کوالێتیو نرخ لەنێوان هەرێمو وڵاتانی بەرهەمهێنەر دروستدەبێت».

شێخانی کە خۆی ئێزدییە، پێی باشترە کارگەکان لەو ناوچانەی ئێزدیو مەسیحی لێ نیشتەجێن بنیادبنرێن. شیاوی وتنە زۆربەی ئەو کەسانەی لە بازاڕەکانی کحولو مەی خواردنەوە کار دەکەن، ئێزدیو مەسیحین.

هەیسەم سەبری، کە هاوڵاتییەکی مەسیحیی دانیشتووی دهۆکە، دەڵێت: «لە پارێزگای دهۆکدا زیاتر لە (١٥٠) گوندی مەسیحی نشین هەیە، کە گەورەترین کێشەیان بێکارییە». بە بڕوای هەیسەم، دانانی کارگەی خواردنەوە کحولییەکان لە ناوچەی ئەواندا، هەلی زۆری کارکردن دێنێتە ئاراوە، ئەمە جگە لەوەی «بازاڕی جوتیارە مەسیحییەکانیش کە رەزی ترێو بەرهەمی جۆیان هەیە، دەگەشێتەوە».

پێدەچێت گەورەترین کێشەی بەردەم نەبوونی ئەمجۆرە کارگانە لە هەرێمی کوردستاندا، کەمیی نرخی زەریبە بێت لەسەر بەرهەمە هاوردەکان بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە دواجار نرخی ئەو خواردنەوانە زۆر هەرزان دەبێت لە بازاڕەکانی هەرێمدا، کە نرخی بیرەیەکی هاوردە لە یەک دۆلار کەمترە.

**تێبینی: ئەم راپۆرتە لە سایتی نیقاش وەرگیراوە**

---

# ...ـالآی خراپ دەهێنرێت

گومرگی ئیبراهیم خەلیل دەروازەی هاوردەکردنی کالاّ بۆ کوردستان — فۆتۆ: رۆژنامە



ئاسان نابێت، بۆیە بەپێویستی دەزانێت میکانیزمی گونجاوی بۆ دابنرێت لە مەرکەزی شارو قەزاو ناحیەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە گەشبینە بە یاساکەو پێیوایە کاریگەریی دەبێت لە پارێزگاریی لە مافی بەکاربەر، بەوپێیەی وەک ئەو دەڵێت: «حکومەتو پەرلەمان گرنگی بە بازاڕو بەکارهێنەران دەدەنو لیژنەیەکیشیان بۆ ئەوە داناوە لە پەرلەمان، بۆیە ئومێدمان بەوەیە یاساکە دەربچێتو بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە بە بڕوای من بە کەوتنە کاری زۆر پڕۆژە چارەسەر دەکات».

لەو بارەیەشەوە لانە ئەحمەد وتی: «ئەو یاسایە کە دوای دیراسەو دەرچوونی دەبێت جێبەجێبکرێت، ئەوەی سەرپێچیشی بکات دەتوانرێت بەپێی یاساکە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێتو سزا بدرێت».

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێکردنی یاسا هەموو هاوڵاتییانو بەرپرسان وەکو یەک ناگرێتەوەو وەک تۆڕی ماسی وایە، کە ماسییە بچووکەکان دەگرێتو ماسییە گەورەکان دەیپچڕێنو رزگاریان دەبێت.

بە بڕوای محەمەد رەئوف «پێویستە یاسای پاراستنی بەکاربەر دەربچێتو خروقاتەکانیشی یاساغ بکرێت، بەڵام زۆر کەس کالاّی خراپیش دەهێننە ناوەوەو دەربازیان دەبێت لە سزا».

ئەو پسپۆڕە ئابوورییە بە گومانە لەوەی یاسای پاراستنی بەکاربەر وەک خۆی جێبەجێبکرێتو دەڵێت: «رەنگە هەندێک کەسی فەقیر بگرن، بەڵام خەڵکی دیکە هەیە کە دەسەڵاتیان هەیە بە لێشاو کالاّی خراپ دەهێننو تووشی سزای یاسایی نابن».

# لە پڕۆژەکانی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەی بازاڕ لەبەرچاو ناگیرێت

ستارە عارف

**پێوەرەکانی توێژینەوەی بازاڕ لەپێناو زانینی ژمارەی کڕیارو رکابەرێتیی لە بازاڕەکانی کوردستاندا، پێش دامەزراندنی پڕۆژە گرنگی پێنادرێت، لەکاتێکدا پێویستە پڕۆژە گەورە بێت یان بچووک خوێندنەوەیەکی چڕی ژینگەی ناوەوەو دەرەوەی بۆ بکرێت، بەتایبەتی ژینگەی دەرەوە، چونکە هۆکارە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و یاساییەکان کاریگەرییەکی سەرەکیی دەبێت لەسەر داهاتووی ئەو پڕۆژەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ سەرنەکەوتنی زۆرێک لە پڕۆژەکان.**



د.کاوە حەمە فەرەج قەرەداغی، پسپۆڕی یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە؛ «یەکێک لەو هۆکارانەی کە کاریگەریی دەبێت لەسەر سەرکەوتنی پڕۆژە، ژینگەی ئابوورییە، کە یەکێک لە بڕگەکانی ژینگەی ئابووریش توێژینەوەی بازاڕە».

ئەو پسپۆڕە ئابوورییە ئاماژە بەوە دەکات؛ توێژینەوەی بازاڕ دەریدەخات کە ئایا ئەو بازاڕە چەندە لەتوانایدایە قەبارەی بەرهەمی ئەو پڕۆژەیە بگرێتەخۆی‌و هاوڵاتییانی ئەو شوێنە چەندە شارەزایی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمەیان هەیە، تا نرخێک بدەن لەگەڵ ئەو بەرهەمەدا بگونجێت.

بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانیی رێکخراوی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان (کیدۆ) لەبارەی شێوازی نرخدانان لەسەر کاڵاکان، دەریخستووە، کە لە (٦٠٪)ی بەرهەمەکان لە بازاڕدا بەبێ دەستتێوەردانی حکومەت نرخی لەسەر دادەنرێت‌و (٢٢٪)ی حکومەت نرخی بۆ دەستنیشاندەکات‌و (٧٣٪)ی خاوەن پڕۆژەکانیش دەڵێن نرخی بەرهەمەکانمان هاوشێوەیە لەگەڵ پڕۆژەکانی دیکەداو رێژەیەکی کەم دەڵێن نرخی کاڵاکانیان بەرزترە.

حسام بەرزنجی، بەڕێوەبەری رێکخراوی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان، بۆ رۆژنامە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «ئەوانەی دەیانەوێت پڕۆژەیەک دابنێن یان بزانن بۆچی کڕیاریان نییەو کاڵاکانیان ساغنابێتەوە، دەبێت ساڵی جارێک یان دوو ساڵ جارێک توێژینەوەی بازاڕ بکەن، بۆئەوەی گەشە بە پڕۆژەکەیان بدەن».

توێژینەوەکەی رێکخراوی کیدۆ لەبارەی شارەزایی کارەوە باس لەوەدەکات «(٨٤٪)ی کەسانی بەڕێوەبەری پڕۆژە بچووکەکان بە شاگردیی فێربوون‌و (٤٪)یشیان لە رێگەی تەواوکردنی پرۆسەی خوێندنەوە کار دەکەن».

د.نەرمین مەعروف، پسپۆڕی ئابووریی لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە؛ ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەرچووی قۆناغەکانی خوێندن ناتوانن خزمەتی بازاڕی کار بکەن‌و ئەو کەسانەی خاوەنی بڕوانامەن کەمتر دێنە ناو کارە تایبەتییەکانەوە، روونیشیانکردەوە کە ئەم هۆکارانە بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە پێش دامەزراندنی پڕۆژەکان توێژینەوەی بازاڕیان بۆ نەکراوە.

بەشێکی زۆر لە خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زانستی نەبوون بە خاوەنکارو هەندێکیان سوودیان لە رووداوەکان‌و هەندێکیشیان سوودیان لە سوتفەکان وەرگرتووە، هەربۆیە زۆر بە کەمیی کار لەسەر توێژینەوەی بازاڕو جەدوای ئابووریی دەکەن.

بە بڕوای د.کاوە قەرەداغی لایەنێکی سەرەکیی توێژینەوەی نرخ لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر گرنگی بە نرخ دەدرێت‌و گرنگی بە کوالێتی نادرێت، چونکە هێشتا نەگەیشتوینەتە ئاستی تێربوون، ئەگەر بە ئەو رادەیە بگەین یان وێنەی دیکە لەو بەرهەمە لەو بازاڕەدا هەبێت، دەبێتە پێشبڕکێ لە رووی نرخەوە.

توێژینەوەکەی کیدۆ ئەوەشی دەرخستووە، کە (٦٠٪)ی پڕۆژەکان هەلی کار تەنیا بۆ یەک کەس دەڕەخسێنن، کە ئەویش تەنیا خاوەن پڕۆژەکەیەو رێژەی (٣-٦٪)ی پڕۆژەکانیش توانیویەتی هەلی کار بۆ (٢-٤) کەس پەیدابکات، لەکاتێکدا چەندێتیی بەگەڕخستنی دەستی کارو قەبارەی سەرمایە پێوەرن بۆ پڕۆژە.

بە بۆچوونی د.نەرمین مەعروف، پسپۆڕی ئابووریی، ئەمە ئەوەدەردەخات کە پڕۆژە بچووکەکان رۆڵێکی ئەوتۆ لە بەگەڕخستنی دەستی کارو کەمکردنەوەی رێژەی بێکاریی لە هەرێمدا نابینن.

ئەگەرچی دەرگای بازرگانیی هەرێمی کوردستان بە رووی کۆمپانیا بیانییەکاندا کراوەتەوە، بەڵام هێشتا وەک پێویست دەرگای بە زانستیکردنی پڕۆژەکانی هەرێمی کوردستان بە رووی زانستی نوێی ئابووریدا نەکراوەتەوە، ئەمەش رێگریی دەکات لە کوالێتییەکی باش‌و قازانجێکی زۆر لە پڕۆژەکاندا.

بەڕێوەبەری رێکخراوی گەشەپێدانی ئابووریی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ زۆر لە پڕۆژەکان کە دەستپێدەکەن ناتوانن سەرکەوتووبن‌و کڕیار بۆ خۆیان پەیدابکەن، چونکە لەپێشدا هیچ توێژینەوەیەکیان بۆ بازاڕ نەکردووە، بۆیە ئەرکی حکومەت‌و دەزگای وەبەرهێنان‌و بانکەکان‌و خاوەن پڕۆژەکان خۆیانە توێژینەوە بۆ بازاڕ بکەن، توێژینەوەی بازاڕ سەرەتای دەستکردنە بە کار.

# قۆرغکردنی بازاڕ، کۆتایی پێدێت؟

## پسپۆڕێکی ئابووریی: دوای یاسای پاراستنی بەکاربەریش، کـــ

سەنگەر جەمال

**دوو پرۆژەیاسا بۆ پارێزگاریی لە مافی بەکاربەرو رێگریی لەپاوانخوازیی دەدرێتە پەرلەمانی کوردستان، کە تێیدا رێگریی لەبەرزبوونەوەی نرخ دەکرێت، لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئاماژە بەپێویستی‌و گرنگی یاساکە دەکەن، بەڵام پسپۆڕێکی بواری ئابووریی پێیوایە، زەحمەتە ئەو یاسایە جێبەجێبکرێت.**

عەزیز ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پیشەسازیی‌و بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رونیدەکاتەوە کە دوو پرۆژەیاسایان بۆ (منافەسەو عدم ئیحتیکار، حیمایەی بەکاربەر) داوەتە پەرلەمانی کوردستان، باسی لەوەشکرد، کە وەزارەتی بازرگانی بە هاوکاریی پسپۆڕانی ناوخۆو بیانی پرۆژەیاساکەیان نووسیوەو چەند کەسێکیشیان بۆ بەشداریی خولی تایبەتمەند ناردووەتە جنێف‌و وتیشی: «دەمانەوێت لەو رێیەوە کێشەی بازاڕو هاوڵاتییان‌و بازرگان چارەسەر بکەین».

پەرلەمانی کوردستان رۆژی (١١/١٩) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ (٩) پڕۆژەیاسا کرد، کە لەنێوانیاندا پڕۆژەیاسای پاراستنی مافی بەکاربەر هەبوو، بەڵام تائێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوەو پێدەچێت لە گفتوگۆدا گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

جێگری سەرۆکی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر لە پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەکە بە گرنگ دەزانێت‌و پێیوایە پارێزگاریی لە مافی بەکاربەر دەکات، جگە لە دیاریکردنی نرخی ئەو کەلوپەلانەی دێتە هەرێمەوە، کە دەبێت بەکاربەر زانیاریی لەسەر نرخ‌و مواسەفات‌و جۆرەکەی هەبێت‌و گرێبەستی بەکاربەرو فرۆشیار پارێزراو بێت».

لانە ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر، باس لەوە دەکات، کە دوای دیراسەکردنی لیژنەکەیان‌و چاککردنی هەر تێبینی‌و سەرنجێکی لیژنەکەو حکومەت گفتوگۆی لەسەر دەکەن‌و وتی: «کارێک ناکەین مافی بازرگان بخورێت، بەڵام دەبێت مافی بەکاربەریش پارێزگاریی لێبکەین، لەبەرئەوە پڕۆژەیاساکە گفتوگۆو دیراسەی باشی دەوێت‌و گۆڕانکارییەکی پێویست هەبێت تێیدا دەکرێت».

پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن؛ لەگەڵ پەیڕەوکردنی بازاڕی ئازاددا ناتوانرێت رێ لە بەرزبوونەوەی نرخ یا دیاریکردنی نرخ بگیرێت لە بازاڕەکانداو ئەوەش بە شتێکی پێچەوانە دەبینن لەگەڵ یاساکەدا.

ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە ئاساییە ئەگەر رێگریی لە بەرزبوونەوەی نرخ بکرێت یان نرخی بەشێکی ئەو کاڵایانەی دێنە ناوەوە دیارییبکرێت، لەکاتێکدا لە کوردستان پەیڕەویی سیستمی بازاڕی ئازاد دەکەن، بەڵام «هەمووشتێک دەبێت سنووری هەبێت، بۆ نموونە بەکاربەرو بازرگانیش مافیان پارێزراوبێت، بەڵام دەبێت ئەو نرخانە گونجاوبێت بۆئەوەی هەردوولا سودمەند بن».

بەڵام د.محەمەد رەئوف، پسپۆڕی ئابووریی‌و مامۆستای زانکۆی سلێمانی، هەرچەندە ئاماژە بە باشی‌و پێویستی پڕۆژەکان دەکات، بەڵام پێیوایە مومکین نییە رێگریی لە بەرزبوونەوەی نرخ بکرێت.

د.محەمەد رەئوف دەڵێت: «ناکرێت ئەوە بخرێتە چوارچێوەکەوە، بەوپێیەی جیاوازن لە یەک، چونکە لەکاتێکدا نرخ زیادبکات رەنگە توانای بەکاربەر زیادبکات، بەڵام دەتوانرێت بەکاربەر بپارێزیت بەوەی کاڵاکانی بەشێوەیەکی عادیلانە دەستبکەوێت دوور لەوەی نرخەکان بەشێوەیەکی ئیحتیکاریی بەرزبێتەوە، ئەوە دەکرێت»، بەڵام رێگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخ بە کارێکی ئەستەم دەزانێت.

هاوڵاتییان لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی بەرزیی نرخی کاڵاکانەوە دەناڵێنن‌و نارازین لە دەستبەسەرداگرتنی بازاڕ لەلایەن هەندێک کۆمپانیاوە، کە بەشێکیان کۆمپانیای بەرپرس‌و حیزبە باڵاکانن.

عەزیز ئیبراهیم نکۆڵی لەوە ناکات کە دوای دەرچوونی یاساکە جێبەجێکردنی

## ژیانێک لە چاوەڕوانیدا

# (١٢/٣)ی هەموو ساڵێک کەمئەندامان داواکانیان دووبارەدەکەنەوە

**سەنگەر جەمال**

هەموو ساڵێک لە ڕۆژی جیهانیی کەمئەنداماندا، داواکارییەکانی کەمئەندامانی کوردستان دووبارەدەبنەوە، کە ژمارەیان لە (١٠٠) هەزار نزیکدەبێتەوە. هەموو ساڵێکو پێش هەموو هەڵبژاردنەکانیش بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکانیان پێدەدرێت، بەڵام تائێستا هەمان ئەو داوایانەیان هەیە کە (١٨)ساڵ لەمەوبەر هەیانبووە.

### ژمارەی زۆرو خزمەتی کەم

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەستدان، لە کوردستاندا نزیکەی (١٠٠) هەزار کەمئەندام هەیە کە (٤٨) هەزاریان لە سنووری پارێزگای سلێمانینو لە دهۆک زیاتر لە (١٧) هەزارو لە هەولێریش (١٥)هەزار کەمئەندام هەیە، هەروەها کەرکوک (١٣٨١٤) کەمئەندامی تێدایە.

لایەنە پەیوەندیدارەکان پێیانوایە، کوردستان بە سێ پارێزگاوە هێندەی زۆرێک لە وڵاتان کەمئەندامی تێدایە، ئەو ڕێژە زۆرەش بۆ زۆریی جەنگو کێڵگەی مینو ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی دیکە دەگەڕێتەوە، کە بەهۆیەوە بەشێک یان زیاتر لە ئەندامێکی لەشیان لەدەستداوە.

سامان حسێن، سکرتێری یەکێتیی کەمئەندامانی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٩٦)دا دامەزراوە، بڕوای وایە، ئەو ڕێژە کەمئەندامەی لە کوردستان هەیە زۆرە بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە «ڕەنگە لە زۆر وڵاتی دنیادا ئەو ژمارەیە نەبێت، ئەوەش دەریدەخات کە بەردەوام ئەم سنوورە جەنگی تێدابووەو مینرێژکراوە».

ئەو، ئاماژە بە زۆریی کێشەکانی کەمئەندامان دەکاتو پێیوایە، گرفتی ئابووریی و کۆمەڵایەتیو تەندروستییان هەیە، وتیشی «لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین، گوزەرانی کەمئەندامان باشە، چونکە تائێستا کەمئەندامان خاوەنی مووچەیەک نینو ئەوەشی کە هەیە هاوکارییەکە کە (٥٠) هەزار دینارە بۆ ئەوانەی هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە، ئەوانی دیکەش (٣٠) هەزار دیناری مانگانە هاوکارییان دەدرێتێ کە هیچیان ناتوانن ژیانی کەمئەندامان باش بکەنو هاوکارییەکە گۆڕانی لە ژیانیاندا نەکردووە».

### داواکان دووبارە دەکرێنەوە

کەمئەندامان لەو بڕوایەدان کە بەدرێژایی (٥) کابینەی ڕابردووی حکومەت داواکانیان دووبارە دەکەنەوە، وەک ئەوەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دوای چەند ڕۆژێک لە دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەت، یەکێتیی کەمئەندامان خستیانەڕوو، کە داوای زیادکردنی بڕە هاوکارییو دۆزینەوەی هەلی کارو شوێنی نیشتەجێبوونو دانانی ڕاوێژکارو نوێنەریان دەکرد لە ناوەندەکانی بڕیاردا.

سامان پێیوایە، داواکانیان شتێک نین کە حکومەت نەتوانێت جێبەجێیان بکات، هۆکاری جێبەجێنەکردنیشی لە کابینەکانی ڕابردوودا بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «کەمئەندامیی وەک هەندێک شتی دیکە نەبووەتە کێشەو قەزیە لای حکومەتی هەرێم لە کابینەکانی ڕابردوودا بە بەراورد بە کێشەی ژنان یان مامۆستایان یان پزیشکان کە بە مانگرتنو دەستهەڵگرتن لە کارەکان دەتوانن زۆر کار پەکبخەنو فشارێکی ئەوتۆ دروستبکەن بۆ ناچارکردنی حکومەتو جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان».

هەروەها باس لەوەشدەکات کە هەموو ڕێگە مەدەنییەکانیان گرتووەتەبەر بۆ داواکارییەکانیان، وەک مانگرتنو خۆپیشاندانو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، بەڵام نەبوونەتە فشارێکی ئەوتۆ بۆسەر حکومەت کە داواکانیان جێبەجێبکاتو «کێشەی کەمئەندامانی لا ببێتە قەزیە».

### زۆریی ڕێکخراوەکانیان، زیانیان زیاترە

لەگەڵ ئەوەی چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی تایبەت بە کەمئەندامان هەیە کە بەشێوەیەک لە هەرشارێکدا لە (٥) ڕێکخراو زیاتر دەبن، لە بەرامبەریشدا وەک پێویست خزمەتی توێژەکە نەکراوەو پەرشو بڵاویی ئەو ڕێکخراوانەش بە هۆکارێکی سەرەکیی گرفتەکان دادەنرێت.

سامان حسێن لەو بارەیەوە دەڵێت «بوونی ڕێژەیەکی زۆری ڕێکخراوەکان، کاریگەریی خراپی هەبووە، هەرچەندە من لەگەڵ فرە ڕێکخراوەییدام، چونکە لەو ڕێیەوە دەتوانین فشارو دەنگەکان زیادببن، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە هاوهەڵوێستو یەکدەنگ بین، ئەوەش کاریگەریی خراپی هەبووەو هۆکارێک بووە بۆ جێبەجێنەکردنی داواکانو پەرشو بڵاوییان».



کەمئەندامان لەکاتی پێشبڕکێدا

### هەرێم کار بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی ناکات

پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە (٨٦) دەوڵەت مۆریان کردووەو لە (٥٠) بڕگە پێکدێت، لە (٢٠٠٧/٣/٣٠) مۆرکراوەو هەر (٥٠) بڕگەکەش تایبەتن بە کەمئەندامان، هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە تا مردن لە بواری یاسایی، کۆمەڵایەتیو ئابووریی. کەمئەندامانی کوردستان خوازیارن لە کوردستان کار بە پەیماننامەکە بکرێتو بێتە سیستمی یاسای حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێم.

سامان حسێن، پێیوایە، وەک پێویست کار بەو پەیماننامەیە ناکرێت، بەوپێیەی وەک ئەو باسیدەکات، لە کوردستان پشتگوێخراونو ڕەچاوی ژینگەی گونجاوو تەندروستییان نەکراوەو وتی «ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە کاتێک بڕیارێک دەردەچێت لەلایەن حکومەتەوە ئیستیسنای بۆ کەمئەندامان تێدا نییە، وەک لە دامەزراندن یان دابەشکردنی زەویدا دەردەکەوێت، جگە لەوەی تایبەتمەندی کەمئەندامان لەبەرچاو ناگیرێت لە دروستکردنی شەقامو ئەو بینا گشتیو حکومییانەی کە هەن، لەکاتێکدا بە بڕیار هەیە کە دەبێت هەموو بینا گشتییەکان تایبەتمەندێتی کەمئەندامانی تێدا لەبەرچاو گیرابێت، یان زۆر شەقامی سەرەکی هەن کە تازە دروستکراون، بەڵام تایبەتمەندێتییان لەبەرچاو نەگیراوە».

### دوو ساڵە پرۆژەیاساکەیان نەدراوەتە پەرلەمان

هەرچەندە دووساڵە پرۆژەیاسایەک دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆئەوەی بدرێتە پەرلەمان، بەڵام تائێستا نەدراوەو یاسایەکی تایبەت نییە بە کەمئەندامان، ئەوەش هۆکارێکی دیکەی جێبەجێنەکردنی داواکانیانە کە بەشێکیان پێیانوایە، بەهۆی نەبوونی یاسایەکەوە بە میزاج هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

عەدنان محەمەد، وەزیری پێشووی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم لە لێدوانێکی پێشوویداو دووساڵ لەمەوبەر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، بۆ زیاتر چارەسەرکردنی کێشەو داواکارییەکانی کەمئەندامان پرۆژە یاسایەکیان ناردووەتە ئەنجومەنی وەزیران «بۆئەوەی بە پێی ڕێژەی کەمئەندامی مووچە بۆ هەر کەمئەندامێک دابین بکەنو پرۆژەکە پەیوەندی بە پاراستنی کەسێتییو لایەنی خوێندنو گواستنەوەو هاتوچۆکردنی کەمئەندامانو گەلێک شتی ترەوە هەیە کە زۆرێک لە پێداویستیو کێشەو داواکارییەکانیانی تێدا دیاریکراوە».

سامان حسێن-یش وتی «پێویستە کارەکانی کەمئەندامان بە یاسا ڕێکبخرێن، دووساڵ لەمەوبەر وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، پرۆژە یاسایەکی تێروتەسەلو گونجاوتر لەوەی ئێمەی بۆ کەمئەندامان گەڵاڵە کرد کە سەرجەم مافو ئەو لایەنانەی تێدا ڕەچاوکرابوو بۆ خزمەتی کەمئەندامان، پرۆژەیاساکە بەرزکراوەتە، بەڵام تائێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەنێردراوەتە پەرلەمان».

ئەو ئاگاداری هۆکاری نەناردنە پەرلەمانی پرۆژەیاساکە نییەو وتی «نازانین هۆکاری ئەوە چییە، ئایا دەبێتە کۆسپو بارگرانیی یان بۆیان جێبەجێ ناکرێت؟، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سەردانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانمان کردو پێیڕاگەیاندنین، کە هەرکاتێک پرۆژە یاساکەیان بگاتە دەست کاری بۆدەکەن، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە نەچووەتە پەرلەمان».

# حکومەتی هەرێم هانا بۆ مۆلیدە ئەهلییەکان دەباتەوە

**بەرهەم عومەر**

لە ڕۆژانی جەژندا، گرفتی کارەبا زۆر زیادیکردو پێشبینی ئەوەش دەکرێت لە ڕۆژانی ئایندەدا ئەو گرفتە بەردەوام بێت. هەندێک گەڕەکی شاری سلێمانی لە ڕۆژی دووەمی جەژندا، تەنیا (٧)کاتژمێر کارەبایان هەبووەو بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانیش هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ چەند هەڵەیەکی تەکنیکیو کوژاندنەوەی گشتیی کارەبا لە هەولێرەوە.

### وەزارەتێکی بێ وەزیر

ئەڤین عومەر فەرەج، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، هۆکاری بێبەرنامەیی وەزارەتی کارەبا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی وەزیر، بەوپێیەی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا، تەنیا وەزارەتی کارەبا وەزیری بۆ دەستنیشان نەکراوە، هەروەها وتی «ئەگەر لە ماڵێکدا سەرگەورە لەماڵ نەبێت، ناڕێکیی لە کاروباری ئەو ماڵەدا ڕوودەدات، وەزارەتی کارەباش دووچاری ئەو ناڕێکییە بووە».

ئەڤین پێیوابوو، زیادەڕەوییو چەتاڵکردنی کارەبا لەلایەن هاوڵاتییانەوە یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تێکچوونی بەرنامەی کارەباو زۆریی بەکارهێنانی کارەبا لەلایەن هاوڵاتییانەوە، بەهۆی ئەو شەپۆلی سەرمایەی ڕووی کردووەتە هەرێمی کوردستان، خەڵکی زیاتر ئامێری گەرمکەرەوە بەکاردەهێنن، هەر بۆیە لیژنەکەیان لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریداوە لە دوای ڕۆژانی جەژنەوە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا کۆببێتەوەو ڕێوشوێن دابنێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

### نەبوونی بەرنامەی کارەبا لە جەژندا

لە ساڵانی ڕابردوودا، سەرباری ئەوەی بڕی کارەبا کەمبوو، بەڵام وەزارەتی کارەبا لە بۆنەو یادە نیشتمانییەکاندا بەرنامەی پێدانی کارەبای خۆی ڕادەگەیاند، بەڵام ئەمساڵ ئەو بەرنامەیە نەبوو، جگە لەوەی لە ڕۆژی دووەمی جەژندا تەنیا (٧) کاتژمێر کارەبا دراوە بە هەندێک گەڕەکو شەوان کارەبا نەبووە.

ئەندازیار یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانی هۆکاری نەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ دابەشکردنی کارەبا لە ڕۆژانی جەژندا گێڕایەوە بۆ جیاوازیی سەرچاوەکانی کارەبا لە ساڵانی پێشوودا کە وێستگەی دوکانو دەربەندیخان بوو، بەڵام ئێستا وێستگەی دوکان لەژێر سیانەکردندایەو ئاستی ئاوی وێستگەی دوکان زۆر نزمەو ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت، هەر بۆیە ئێستا تەنیا پشت دەبەسترێت بە وێستگە غازییەکان کە ئێستا لە کارکردندان، بەو هۆیەشەوە بەرنامەمان نەبوو.

یاسین باسی ئەوەشیکرد، کە دووەم ڕۆژی جەژن (شەت داون- کوژاندنەوەی گشتیی) ڕوویداوە لە هەولێرەوە بۆ چەند کاتژمێرێکو چەندجارێکیش دووبارە بووەوەو هەموو یەکەکان وەستان، ئەگەر ئەوە نەبوایە، دەمانتوانی بەرنامەی دیاریکراوی خۆمان هەبێتو وەکو ڕۆژانی پێش جەژن کارەبا بدەینە هاوڵاتییان.

### حکومەت پەنا دەباتەوە بۆ مۆلیدە ئەهلییەکان

بەهۆی ئەو کێشانەی لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی کارەباوە پەیدابوون، ئێستا حکومەتی هەرێم دووبارە ناچار بووە کاتەکانی کارکردنی مۆلیدە ئەهلییەکان زیادبکاتەوە، لەکاتێکدا بەهۆی بەگەڕکەوتنی چەند وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەباوە لە هەولێرو سلێمانی، کارەبایەکی زۆرتر دابەشدەکرا بەسەر هاوڵاتییانداو مۆلیدە ئەهلییەکان کاتەکانی پێدانی کارەبایان بۆ کەمکرایەوە بۆ (٣) کاتژمێر کارەباو ئەمپێری بە (٤) هەزار دینارو بەرەو ئەوەش دەچوو کە بەتەواویی کاری مۆلیدە ئەهلییەکان ڕابگیرێت.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانی باسی لەوەکرد، کە لە پاش کۆبوونەوەیان لەگەڵ نوێنەری مۆلیدە ئەهلییەکاندا، بۆ مانگی (کانوونی یەکەم) بەرنامەیەکیان داناوەو بڕیاردرا لە سەرەتای مانگی (کانوونی یەکەم)وە مۆلیدە ئەهلییەکان ڕۆژانە (٥) کاتژمێر کاربکەن، بەرامبەر بە (٦) هەزار دینار بۆ هەر ئەمپێرێک، ئەمەش تا ڕادەیەک گرفتی کارەبا کەمدەکاتەوە.

یاسین بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، ئێستا نزیکەی (١٦) کاتژمێر کارەبا دەدەینە هاوڵاتییان، بەڵام لە چەند ڕۆژی ئایندەدا یەکەیەکی دیکەی وێستگەی گازیی چەمچەماڵ دەکەوێتەکارو لەو بڕوایەدام ئەوکاتە توانای پێدانی کارەبامان بەرزتر ببێتەوە بۆ زیاتر لە (١٨) کاتژمێرو پێدەچێت لەگەڵ بەرنامەی مۆلیدە ئەهلییەکاندا کارەبای تەواو بدرێت بە هاوڵاتییان.

هەروەها ئەو ئەندازیارە پێیوابوو، «واقیعێکی تەکنیک»ی هۆکار بووە بۆ ئەوەی پەنا ببرێتەوە بۆ مۆلیدە ئەهلییەکان، بەوپێیەی لە مانگەکانی زستانو هاویندا بەکارهێنانی کارەبا زۆر زیاد دەکاتو بەرزترین خواست تۆمار دەکرێت، ئەگەرچی وێستگە گازییەکان لە ئێستادا نزیکەی (٩٠)مێگاوات زیاتر کارەبا بەرهەمدەهێنن بە بەراورد لەگەڵ مانگەکانی پێشوودا، بەڵام لەبەر زۆر زیادبوونی خواستی کارەبا، ناتوانرێت بڕی کارەبای پێویست دابین بکرێت.

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای سلێمانی ڕایگەیاند، کێشەی کارەبای هەرێم بەشێوەیەکی ئەزەلی نامێنێتەوە، «هەر کاتێک سەرمابوو کارەبا کەمبێتەوەو کە کەشوهەوا ئاسایی بووەوە کارەباش ئاسایی ببێتەوە»، چونکە لە مانگەکانی هاویندا هەر شەش یەکەکەی وێستگەی چەمچەماڵی گازیی دەکەوێتە کارو گرفتی کارەبا بە تەواویی چارەسەردەبێت.

ئومێد ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵو گەیاندنی کارەبای هەرێم، ڕایگەیاند، کە لە ئێستادا توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمدا (٨١٠) مێگاواتە بەو بڕەشەوە کە لە بەغداوە دابیندەکرێت، بەڵام لەم وەرزی سەرمایەدا خواستی بەکارهێنانی کارەبا لەلایەن هاوڵاتییانەوە (٣)هێندەی جاران زیادیکردووە، ئەگەرچی وەزارەتەکەیان کێشەی دابینکردنی سووتەمەنی پێویستی هەیە بۆ ئیشکردنی تەواوی یەکەکانی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمدا.

# ڕێژەی مردنی ئافرەتان بە هۆی سووتانەوە بەرزدەبێتەوە

ئارام نەجیم

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجە، لە ئەمساڵدا ڕێژەی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان لە هەڵەبجە کەمیکردووە، بەڵام ڕێژەی مردنی ژنان بەهۆی سووتانەوە زیادیکردووە، لە کاتێکدا هێشتا ساڵ کۆتایی نەهاتووە.

موقەدەم ئەنوەر حاجی عومەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە بۆ ڕۆژنامە ئاشکرای کرد «ڕێژەی توندوتیژیی لە ئەمساڵدا لە هەڵەبجە (٤٠٪) کەمیکردووە، بەڵام ڕێژەی مردنی ئافرەتان بەهۆی سووتانەوە لە ئەمساڵدا (٤٥٪) زیادیکردووە».

هەمان سەرچاوە ئەوەشی خستەڕوو کە لە ساڵی ڕابردوودا (١٢٩)حاڵەتی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان تۆمارکراوە، بەڵام ئەمساڵو تا ئێستا (٧٩)حاڵەت تۆمارکراوە.

ئەو پێشێلکارییانەی لە هەڵەبجە ڕووبەڕووی ژنان بوونەتەوە بریتین لە ئیهانەپێکردن، کێشەی مۆبایل، خیانەتی هاوسەریی، دەرمانخواردن، هەڵخەڵەتاندن.

موقەدەم ئەنوەر باسی لەوەشکرد کە بەداخەوە ئەمساڵ بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، ڕێژەی مردنی ئافرەتان بەهۆی سووتانەوە زیادیکردووە بەشێوەیەک کە ئەمساڵ (١٥)حاڵەت هەبووە، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو تەنها (٩)حاڵەت تۆمارکراوە.

# ژنان ناموسی کەس نین، ناموسیان ئازادییانە

شارا عەبدولڕەحمان

تایبەت بە ڕێکخراوی ئاسودە

**بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەماوەی ڕابردوودا ئاشکراکران، لە سەرتاسەری هەرێمدا توندوتیژیی بەرامبەر ژنان ڕووی لە زیادبوون کردووەو ڕێژەکانیش سەرسوڕهێنەرن، هەرچەندە کە لەئێستادا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەبەرێتی تایبەت بە بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان هەیە.**

**ئەگەر توندوتیژیی جێندەریی بریتی بێت لە هەموو ئەو پێشێلکاریانەی کە لەسەر بنەمای مێبوون ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێت کە توندوتیژیی جێندەریی لە هەرێمی کوردستاندا فاکتەو بەردەوام ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە.**

## جۆرەکانی توندوتیژیی جێندەریی

بەپێی پێوەرە زانستییەکان توندوتیژیی لەم جۆرانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- **توندوتیژیی کۆمەڵایەتی:** ئەو توندوتیژیانەیە کە لەناو کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوەو بەشێکن لە عورفو عادەتی کۆمەڵگە. وەک بەزۆر بەشودان، گەورە بە بچووک، مارەبڕینی سەربێشکە، ژن بە ژن، بەشودان لە بری خوێن.
- **توندوتیژیی یاسایی:** ئەو توندوتیژیانەن کە لە ڕێگەی دانانی یاساوە بەڕێوەدەچێت، یاسا کۆنەکان بە گشتیی لەسەر بنەمای جیاکاریی ڕەگەزی داڕێژراون بەتایبەتی یاساکانی (باری کەسێتی، سزادان، لەشفرۆشی، ڕەگەزنامە)، ئەم یاسایانە هەندێک برگەیان تێدایە کە لە شەئنی ژنان کەمدەکاتەوەو پیاوسالاریی دەداتە پیاوانو پێشێلی مافی ژنان دەکات.
- **توندوتیژیی سیاسی:** ئەو توندوتیژیانە دەگرێتەوە کە زیاتر لەناو پارتە سیاسییەکانو دامودەزگا حکومییەکانو جێگەی بڕیاردا پەیڕەودەکرێت، کە تیایدا فەرمانبەرانی ژنان بە پارەو پۆست لە خشتە دەبرێنو پێشێلکارییان بەرامبەر دەکرێتو دەستدرێژییان دەکرێتە سەر.
- **توندوتیژیی ئابووریی:** ئەمجۆرە لە توندوتیژیی بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لە وڵاتە نامیەکاندا، چونکە ژنان کەمتر دەرفەتی کاریان بۆ ڕەخساوەو هەمیشە چاویان لە دەستی مێردو کەسوکارەکەیانە بۆ پێدانی بڕێک پارە، تا پێویستییەکانیانی پێ دابینبکەن، جگە لەوەی هەندێک جار پارە بەکاردەهێندرێت بۆ کڕینی جەستەی ئافرەتو سێکس لەگەڵکردنی.
- **توندوتیژیی خێزانی:** ئەو توندوتیژیانە دەگرێتەوە کە پیاوانی ناو خێزانێک وەک خاوەنبوونی ئارفرەتێک دەیکەن، کە تیایدا ئافرەت وەک خزمەتکارێکی خۆیان سەیردەکەنو لە ئازادییە تایبەتییەکانی بێبەشی دەکەنو لەکاتی قبووڵنەکردنیشیدا ئافرەتەکە ئەشکەنجە دەدەن.

## ئامارەکان دەدوێن

بەپێی ئامارێکی توێژینەوەو ڕاپرسیی کە لەلایەن پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان بە هاوکاریی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا ئەنجامدراوە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، (٦٠٪)ی ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوەو (٩٥٪)یان لەناو خێزاندا توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێتو (٣٣٪)یان لەناو دەزگا حکومییەکاندا.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا بەشێوازی جیاواز لەسلێمانی توندوتیژیی بەرامبەر (٢٩٨) ئافرەت کراوە.

هاوکات بەپێی ئامارەکانی بانکی زانیاریی مافی مرۆڤ لەماوەی (٩) مانگی سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩)دا لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکوک)، (١٤٢٣) ڕووداوی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە، کە زۆرترینیان لێدانو ئەشکەنجە بووە.

## فرەژنی پێشێلکارییە

لەلایەکی دیکەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٠/٢٧)دا پەرلەمان یاسای باری کەسێتی هەموارکردو مادەی تایبەت بە فرەژنی تێدا بە ڕێگەپێدراویی هێڵرایەوە، ئەمەش هەرچەندە نارەزاییەکی زۆری لە ناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا لێکەوتەوە، بەڵام یاساکە چەسپێنراو لەئێستادا فرەژنی قەدەغە نییە، بەوهۆیەشەوە لەماوەی نێوان (٢٠٠٨/١٠/٢٧- ٢٠٠٩/١٠/٢٧) بە ڕێژەیەکی بەرچاو فرەژنی زیادیکردووە بەمشێوەیە:

١- لە سلێمانی بووەتە دووهێندە.
٢- لە هەولێر بووەتە دووهێندە.
٣- لە دهۆک بووەتە سێ هێندە.
٤- لە کەرکوک بووەتە سێ هێندە.

بێگومان لەگەڵ زیادکردنی حاڵەتەکانی فرەژنیشدا کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆییو توندوتیژیی پەرەدەسەنێت، ئەمە جگە لەوەی بەوهۆیەوە ڕێژەی جیابوونەوەی ژنو مێرد زیاد دەکات.

## خەتەنەکردن توندوتیژییە

بەپێی ئەو ئامارانەی لەئێستادا لەبەردەستدایە، خەتەنەکردنی کچان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامەو حاڵەتەکانیش جێی ئاماژەن، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی وتەی شارەزایانی بواری شەرعیو تەندروستیو دەروونزانی، خەتەنەکردنی مێینە جێپەنجەی خراپ لەسەر کەسێتی ژنان دروستدەکاتو جۆرێکە لە توندوتیژیی.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی بەشی چاودێری لەساڵانی (٢٠٠٧و ٢٠٠٨)دا (٣٠٩٢٩) سی هەزارو نۆسەدو بیستو نۆ ژن لەو ژنانەی سەردانی ئەو بەشەیان کردووە، لە هەولێر خەتەنەکراون، ئەمەش وایکردووە کە بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی یونسێف هەرێمی کوردستان لەدوای ئێران کە پلەی یەکەمی لەو بوارەدا وەرگرتووە، پلەی دووەمی هەیە.

لەلایەکی دیکەوە زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خەتەنەکردنی کچان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر هەرێمی کوردستان کەوتووەو ڕێکخراوەکان وەک کارێکی نامرۆڤانە لێی دەڕوانن، لەم ڕووەوە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکە لەسەر خەتەنەکردنی کچان لە هەرێمی کوردستاندا.

## چالاکییەکان بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژیی بەرامبەر ژنان

هەموو ساڵێک لە (٢٥)ی نۆڤەمبەردا کەمپینی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بە بەشداریی زۆربەی ناوەندو ڕێکخراوە مەدەنییەکان بەڕێوەدەچێتو تیایدا مافو ئازادییەکانی ژنان دووبارەو سەدان بارە دەکرێتەوە.

لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژناندا سەرۆکی حکومەتی هەرێم پەیامێکی ئاراستەی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان کردو تێیدا هەنگاوی گرنگی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنانی بە ئەرکی حکومەت زانیو ئاماژەی بەوەکرد؛ بە هەموو جۆرێک ڕێگردەبێت لەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ژنانی کوردستان دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە لە دەستپێکی هەفتەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژناندا، لە هەولێر کۆنفرانسی بەرزڕاگرتنی (٢٥)ی نۆڤەمبەری لەژێر دروشمی (ئێمەی ژنان ناموسی کەس نین، ناموسمان ئازادیمانە)، لەلایەن ڕێکخراوی تواناسازیی لاوانەوە سازکراو مەترسیی زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان شی کرایەوەو هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەیان دووپاتکرایەوە.

هاوکات هەر ڕۆژی (١١/٢٥) لە هەولێر وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم لە پرێس کۆنفراسێکدا سەرجەم کارو چالاکییەکانی وەزارەتەکەی بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژیی دژی ژنان لەماوەی کابینەی چوارەمو پێنجەمدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو.

هەروەها وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگەی بەڕێوەبەرێتییەکانی خۆیەوە لە پارێزگاو قەزاکان بەیاننامەی تایبەتی دەرکردو ڕێنمایی دایە وتاربێژی مزگەوتەکان کە وتاری ڕۆژی هەینی تایبەت بکەن بە یەکسانی مافەکانی نێوان ژنو پیاوو لەڕێی شەریعەتەوەو مەترسیی زۆربوونی حاڵەتەکانی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان بۆ ئامادەبووان ڕوونبکەنەوە.




## پێویستە قەرەبووی ژنانی قوربانی توندوتیژیی بکرێتەوە

# دەریای عێراق‌و کەشتیی کوردی



چیا عەباس

لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگی ساڵی (١٩٦٧)ی نێوان ئیسرائیل‌و عەرەب، پانتایی ئیسرائیل نزیکەی (٤٠) کیلۆمەتر بوو. لەو جەنگەدا سەرجەم وڵاتانی عەرەبی بە هەموو سوپاو چەکو تفاق‌و زیاتر لە سەد ملیۆن عـەرەب‌و پـارەو نەوتێکی زۆرو وڵاتانی ئیسلامی‌و بەرەی ئیشتراکییەت بە یەکێتیی سۆڤیەتەوە کە زلهێزێکی ئەو سەردەمەی شـەڕی سـاردبـوو، وڵاتـانـی بێلایەن‌و سەرجەم بزووتنەوە نیشتمانیی‌و چەپەکان‌و پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمە، یان دژ بە ئیسرائیل بەشداری شەڕەکە بوون یان پشتگیرییان لە عەرەب دەکرد. لە بەرامبەردا ئیسرائیل وڵاتێکی بچوکی بە دوژمـن گەمارۆدراوو عەرەب دەیویست لە دەریادا نوقمی بکات‌و دانیشتوانی جولەکەی لە سێ ملیۆن زیاتر نەبووو نە خاوەنی نەوت‌و توانا سەربازی‌و ئابورییەکانی ئەم سەردەمەی نەبوو.

بە پێوەرەکانی زانستی سەربازیی، هێزێکی سەربازیی بچوک دەیتوانی لەو جەنگەدا ئەو پانتاییە (٤٠) کیلۆمەترەی ئیسرائیل لەماوەیەکی کورتدا بگرێت‌و ئیسرائیل بکات بە دوو لەتەوە. نەک نەتوانرا ئەوە بکرێت، بەڵکو ئەوەی روویدا بەتەواوی بە پێچەوانەوە بوو، ئیسرائیل توانی ئەو پانتاییە گەورەتر بکات‌و قوڵاییەکی ئاسایشی تر بۆ خۆی دابین بکات. هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ئیسرائیل، تەنها لە جۆری چەکەکانی‌و لە ئازایەتی‌و ژیری‌و لێهاتوویی کۆماندۆو سەربازەکانیدا نەبوو.

مۆشی دایـان، لە کاتی ئەو جەنگەدا وەزیری بەرگریی ئیسرائیل بوو، لە وەڵامی ئەو مەتەڵەدا وتویەتی: ئێمە بەرژەوەندیی باڵای خۆمان دیاری کردبوو کە بریتی بوو لە پاراستنی وڵاتەکەمان‌و ئاسایشی بە دابینکردنی قوڵاییە ستراتیژییەکانمان، بۆ ئەم مەبەستە پشتئەستوور بووین بە چەند کۆڵەکەیەکی زۆر ستراتیژی گرنگ: سیستمێکی دیموکراسی، سوپایەکی خۆبەخشی بە باوەڕو ئیمان‌و هەڵبژاردنی بێ سێ‌ودووی دۆستەکانی خۆمان لەدنیادا.

لێرەدا باس لە کێشەی عەرەب‌و جولەکە نییە، بەڵکو باس لە دیاریکردن‌و فۆرمیلەکردنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتی میللەتەکەمانە کە ئەرکی سەرەکیی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەو بۆ دابینکردنی ئامرازە ستراتیژییەکان، بۆ ئەو بەرژەوەندییە کاربکات.

## دەسەڵات‌و جوگرافیای سیاسیی نەتەوەیی

ئێستا گەرمەی باس‌و لێدوانە لەمەڕ یەکلیستیی یان فرەلیستیی، یەکهەڵوێستیی یان هاوهەڵوێستیی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عـێـراق‌و ئایندەی نـاوچـە دابـڕاوەکـان. یەکلاییکردنەوەی ئـەم بابەتە گرنگە، دەبێت لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتیماندا بدۆزینەوەو فۆرمیلەی بکەین‌و نەکرێت بە گەمەی تەکتیکی سیاسی‌و تۆڵەسەندنەوەو بەرژەوەندییە تایبەت‌و حیزبییەکان‌و هەر دەرچوونێکیش لەم یاسایە یان پشتگوێخستنێکی ئەم کرۆکە گرنگە، بەهەر هۆیەکەوە بێت یەکلاییکردنەوەکە لە بازنەیەکی تەکتیکی بێسەروبەری تەسکی لابەلاو بەتاڵدا دەخولێنێتەوەو زەرەرو زیان لە دۆزی نەتەوەییمان دەدات.

لـەم سـەردەمـەدا هۆشیاربوونەوەو چاوکردنەوەی جەماوەر لەناو میللەتدا لە گەشەکردندایە، بۆیە زۆر ئەستەمە دەسەڵاتێک خاوەنی مێژوویەکی پێچاوپێچ‌و ئـەدای کەمتەرخەم‌و خەمساردی شەش ساڵی دوای روخاندنی سەدام‌و لە هەڵبژاردن لەناو میللەتەکەی خۆیدا گەورەترین شکستی دیموکراسی بەسەردا هاتووە، تەنیا بتوانێت‌و تا ئەم ساتەش ئامادەیی پیشان نـەداوە کە وەڵامێکی دروسـت‌و واقیعییانەی ئەو یەکلاییکردنەوەیە بداتەوە.

لەگەرمەی ئەم دۆخە هەڵچووەدا، دەبێت دەسـەڵات بەئاگا بهێنرێتەوە کە پێکهاتەی جوگرافیای سیاسیی کوردستان گۆڕاوەو چاوەڕوانی گۆڕانکاریی گەورەتریش لەلایەن جەماوەرەوە دەکرێت، بۆیە ئەوەی تائێستا لە ئاستی کوردستان‌و عێراق بۆیان لوابێت گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەوان بە تەنیا یان بەیەکەوە بەپێی «رێککەوتنی شەراکەت» ناتوانن بە پشتگوێخستن‌و پەراوێزکردنی پێکهاتە رەسەنەکانی تر، هەروا بەئاسانی لە سیاسەت‌و نەهجی نەتەوەییدا بەردەوام بن.

دەسەڵاتدارانی شکستخواردوی یەکێتی هەموو توانایان خستووەتەگەڕ تا وای پیشاندەن کە بزووتنەوەی گۆڕان «زللەیەکی سیاسیی‌و رێکخراوەیی» بوو ئێستا لە نێو هۆڵی پەرلەماندا تەنیا ئۆپۆزسیۆنێکی بێخێرو بەرەکەتە بۆ هـــەواداران‌و لایەنگرانیان‌و هەروەها ئەم بزووتنەوەیە بەهەمان نەفەسی رکابەریکردن‌و ئۆپۆزسیۆن، رێگرە لەبەردەم مەسەلە نەتەوەییە «چارەنوسسازەکان» لە بەغداو کەرکوک، بۆ ئەم مەبەستەش هێرشکردنێکی راگەیاندنی نارەواو بێتام‌و چەواشەکارو تۆمەتبارکردنی خەیاڵپلاوییان بەرپاکردووە.

دەســـەڵات پێی خـۆش بێت یـان نا بزووتنەوەی گۆڕان راستییەکی سیاسیی گەورەیەو لە هەموو جومگەو بوارو شوێنێکی کوردستاندا رەگو ریشەی زۆر قایمتر دادەکوتێت‌و ئامادەش نییە لەسەر ئەو ئامانجە سازش بکات.

لەگەڵ ناکۆکی‌و ململانێکانیشدا ئەرکی سەرشانی هەمووما‌نە دەروازەکانی دیالۆگو لەیەکتر گەیشتن ئـاوەڵا بکەین، بەنیەتی گەڵاڵەکردنی چەند خاڵێکی بنەڕەتیی نەتەوەیی هاوبەش کە لە خزمەتی دۆخی میللەتەکەمانە. ئەم ئەرکە زۆر بەهاترو کاریگەرترە لە چەمکەکانی یەکلیستیی‌و فرەلیستیی‌و دواتر هاوهەڵوێستیی. ئێمە هەموو کوردین‌و با رێککەوین چی باشە بەیەکەوەو بە شێوازێکی دروست بۆ کورد بەدی بهێنرێت.

> **لەگەڵ ناکۆکی‌و ململانێکانیشدا ئەرکی سەرشانی هەمووما‌نە دەروازەکانی دیالۆگ‌و لەیەکتر گەیشتن ئاوەڵا بکەین**

دەریای سیاسیی عێراق‌و ناوچەکە زۆر گەورەو قوڵ‌و ئاڵۆزو مەترسیدارەو کەشتیی گوزەرمان تێدا ئەوەندە گەورەو قایم‌و تۆکمە نییەو ئەرکی سەرشانی هەمووما‌نە بەرەو کەناری ئارامی بەرین.

## چی باشە بکرێت؟

پێناسەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی پێویستە بە دەستەجەمعی پێناسەیەکی هاوبەش بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوایەتیمان لـەم قۆناغەدا بکەین‌و لە سنووری ئەو پێناسەیەدابەرنامەکان دابرێژرێن. ئەوخاڵانەی لایەنەکان کۆکن لەسەری دەبنە زەمینەی هاوهەڵوێستیی‌و تا هیچ لایـەن‌و کەسێک نەتوانێت لێی لابدات. ئەمە یەکەم‌و گرنگترین زامنی نەتەوەییە بۆ هاوهەڵوێستیی‌و پێوەرە بۆ لێپرسینەوەو بەدواداچوونی کارو رەفتاری نوێنەرانی کـورد لە بەغدا. کۆبوونەوەی بەڕێزان سەرۆکی هەرێم‌و جێگرەکەی لەگەڵ هەموو پارت‌و لایەن‌و قەوارە کوردستانییەکان هەنگاوێکی دروست‌و راست بوو بۆ دارشتنی بەشێک لە کۆڵەکەکانی هاوهەڵوێستیی لەمەڕ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی لەم ساتەدا.

ناکرێت پێش ئەوەی روو لە گۆڕەپانی «شەڕ» وململانێ لە بەغداو ناوچە دابڕاوەکان بکەین زەمینەو کەرەسەی هاوهەڵوێستیی نەتەوەیی خۆش‌و ئامادە نەکەین. ئەزموونی دوا شەش ساڵمان لە بەغداو ناوچە دابڕاوەکان شکستی دەسەڵاتدارانی کورد لەم بوارەدا دەخاتەڕوو.

چەسپاندن‌و گەشەپێدانی نموونەی حوکمڕانی لە کوردستان لەسەر بنەمای سیستمی سیاسی دیموکراسی‌و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و حوکمی یاساو دەستوور پشتئەستوور بەخەڵکو رەوایەتیی سەرجەم بزافی کوردایەتی‌و رەچاوکردنی بارودۆخی عێراق‌و ناوچەکە بە مەرجێک دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەبێت، کرۆکی کاری سیاسی‌و رێکخراوەیی‌و جەماوەری سەرجەم هێزو لایەنە کوردی‌و کوردستانییەکانە لەم قۆناغەدا، پێویستە دەسەڵاتداران‌و نوێنەرانی کورد لەم سەرچاوەیەوە هاوهەڵوێستیی‌و هاوکاری ئەنجام بدەن.

بۆ ئەم مەبەستەش، ناکرێت لەتاریکی‌و تەم‌و لێڵیداو تەنیا بە هاندانی سۆزی نەتەوەیی دوای دەسەڵات بکەوین‌و درێژە بەسیاسەت‌و رەفتارکردنیان بدرێت‌و سیاسەتی پاوانکردنی دەسـەڵات‌و حوکمڕانی‌و نوێنرایەتیکردن‌و داهات‌و ئایندەی کوردستان. دەسەڵاتدارانێک کە دەیان ساڵە تەنها بە پێوەرەکانی خۆیان موقەدەراتی ئەم میللەتە بەڕێوەدەبەن‌و لە ئاکامدا بەشێکی نەهامەتی‌و سەرگەردانی‌و ماڵوێرانی میللەت‌و پارچە پارچەکردنی خاکەکەی کەوتووەتە لێپرسراوێتی ئەو دەسەڵاتدارانەوە.

## کێن دوژمنەکانی کورد؟

لەدوای روخاندنی سەدامەوەو بەشداریی بـەرچـاوی نوێنەرانی کـورد لە هەرسێ کۆڵەکەی دەسەڵاتی بەغداو لە لوتکەکەیدا سـەرۆک کۆمارو چەسپاندنی بەشێک لە مافەکانی کورد لە دەستووری هەمیشەییداو لە حوکمڕانیشدا، وا چاوەڕوان دەکرێت کە نەفەسی دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ناوەند کە ئیرسێکی مێژووە بۆمان ماوەتەوە، چەند قەتماغەیەکی توندوتۆڵی لەدەستدابێت. ئێستا کە دەسـەڵات باس لەپێویستی یەکلیستیی دەکات تا دوژمنان‌و ناحەزان زەفەرمان پێ نەبەن، دەکرێت لێیان بپرسین‌و داواشیان لێبکەین، تکایە ئەو دوژمنانەمان بۆ دەستنیشان بکەن‌و ناویشیان بەرن تا میللەت بیان ناسن.

لەم سەردەمەدا سنوورەکانی نێو دۆست‌و دوژمن زۆر کاڵ‌و بەرتەسک بوونەتەوەو بەگشتی لە سیستمی دیموکراسی ناوچەکەمان لـەم سـەردەمـەدا چەمکی «دوژمـن» بۆ تێرۆریست‌و توندڕەوو رکابەرە عەقائیدی‌و ئایینی‌و مەزهەبییەکان بەکاردێت. خۆشبەختانە هاوکێشەی هاوپەیمانی‌و ململانێ‌و رکابەری سیاسی روخساری بەشێک لەو سیستمانەی ناوچەکەمانی ئارایشتکردووە، بەپێچەوانەوە دەبوا هەر سەرقاڵی شەڕکردن‌و فەوتاندنی یەکتر بوینایە.

سەبارەت بە ئێمەی کورد لە باشوری کوردستان، پێویستە درک بەوە بکەین کە ئەوانەی دوێنی بە دوژمنمان دەزانین ئەمڕۆ پارێزەرو هاوپەیمان‌و دۆستمانن، ئەو رژێم‌و لایەنە سەرسەختانەی لە منداڵیەوە وا گۆش کراوین کە دوژمن‌و داگیرکەرمانن، ئەمڕۆ بەڕاشکاوی‌و ژێربەژێریش بوونەتە بەشێکی گرنگ لە هاوکێشە نەتەوەیی‌و سیاسی‌و ئابورییەکانمان. دنیا بەگشتی بەرەو کردنەوەی زیاترو بەزاندنی سنوورە کۆنەکان دەڕوات. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت هەڵسەنگاندن‌و کۆدەی رەفتارکردنمان لە روانگای بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییەوە بە دەستەجەمعی دیاری بکەین، ئەم تایبەتمەندییە پابەندە بە فاکتۆری جیۆپۆڵیتیکی بەشەکانی کوردستانی گەورە لە ناوچەکەداو ئەمە بنەمایەکی تری پاراستنی بـەرژەوەنـدیـی نەتەوەییمان‌و زەمینەی هاوهەڵوێستیشە، نەکا هەر سەرکردەو لایەک بەئارەزوو بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتی‌و ئاینییەکان، وەک لە هەرێمەکەمان چەندینجار ئەنجام دراوە، دەست لەملان‌و چاوبازی یان شەڕومەرافەی خۆی لەگەڵ ئەو «دوژمنە مێژوویی‌و نیمچە دوژمنانەدا» بکات.

## هاوپەیمانی‌و بەرژەوەندیی نەتەوەیی

یەکێک لە هەڵە گەورەکانی دەسەڵاتدارانی کورد لە سیاسەتکردن لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراق ئەوەیە کە لەیەک کاتدا کاریان بۆ رازیکردنی هەموویان کردووەو ئاکامەکەی لاوازبوونی پێگەی نەتەوەیی خۆیان بووە. ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە کە مەسەلە چارەنووسسازەکان لە پـەراوێـزی ئەو سیاسەتی رازیکردنەدا قەتیسماو وبێئەنجام گیرساونەتەوە. رۆشنایی لە دارشتنی سیاسەتی هاوپەیمانی‌و کاریگەر مەرجێکی تری هاوهەڵوێستییەو دەبێت بەدەستەجەمعی دیاری بکرێت، نەک بۆ مەبەستی تایبەت‌و تەنها بۆ مسۆگەرکردن‌و خۆشکردنی پێگەی نوێنەرایەتی لە حکومەتی ناوەندا.

## ریزبەندیی دوژمنەکان ....؟

وەک باسم لێکرد یەکێک لە پاساوە گرنگەکانی دەسەڵات بۆ یەکلیستیی ئەوەیە کە دوژمن‌و ناحەزان نەتوانن زەفەرمان پێببەن. لێرەدا دەبێت کە لەگەڵ «لا تقربوا الصلات» بەشەکەی تریشی «وانتم سکاری» بوترێت، چونکە بە راشکاوی‌و بوێرانە ناڵێن ئەو دوژمنانە کێن‌و لە کوێن، جگە لە باسکردنێکی تەمدار، وەک شۆڤێنیزمی عەرەبی‌و نەیارو ناحەزان.

ئایا هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمارو کۆنە بەعسی‌و مسکێنی سـەدام‌و حیزبە ئیسلامییەکەیەتی؟ ئـەم زاتـە یاداشتی لەیەکگەیشتنی لەگەڵ هەر دوو سەرکردەی دەسەڵاتداری کوردستان، ئیمزا کردووەو ناشێت ئەم زاتە بە دوژمن بزانن.

ئایا ئایاد عەلاوی‌و گروپەکەیەتی؟ یەکەم سەرۆک وەزیرانی دوای روخاندنی سەدام‌و کۆنە بەعسی سەر بەباڵی حافیز ئەسەد کە سەرکردەکانی کورد لە زەمانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە لە گوڵ کەمتری پێناڵێن.

خـۆنـاشـێـت دۆسـتـە ستراتیژی‌و هاوپەیمانەکانی حوکمڕانی ئێستا لە بەغدا دوژمنمان بن؟ ئەوانیش شیعەکانی حەکیم‌و شیعەکانی جەعفەری‌و شیعەکانی سەدرو شیعەکانی مالیکی، خۆ ئەگەر ئەمانە دوژمنەکان بن، بۆ لەگەڵیاندا سەرۆکایەتیی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران‌و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقمان بەشکردووە.

تۆ بڵێی، دەسکەلاو داردەستەکانی ئێران، دۆستی دێرینی کورد، وەک سەدرو گروپە توندڕەوە بچوکەکانی تر بن؟ خۆ ئەگەر وایە، با یەخەی ئێرانی ئاغایان بگرین.

ئەگەر کۆنە بەعسییەکانی ترن لە جۆری موتڵەگو مەشهەدانی‌و ئەفسەرو کارمەندە باڵادەستەکانی سەردەمی سەدام؟ بۆ تیری گلەیی‌و نارەزایی ئاڕاستەی ئەمریکای ئاغای یەکەمی عێراق ناکەین کە پێی باشە ئەمانە بەشێک بن لەدەسەڵات لە عێراقداو زیندویان دەکاتەوەو کارئاسانییان بۆ دەکات.

نازانین کێ ماوەتەوە دوژمـن بێت؟ کۆنە بەعسییە تاوانبارەکانی ناو زیندانەکانی عێراق، راستە ئەمانە دوژمنی سەرسەختی میللەتەکەمانن، ئەی بۆچی لوتکەی دەسەڵاتی کوردی لێیان خۆشدەبن‌و داڵدەیان دەدەن تا سزای رەوای خۆیان وەرنەگرن‌و لەدەستی دادگـا دەربـازیـان دەکـەن، بـۆئـەوەی بۆ دەرەوەی وڵات رابکەن؟

بیرمان چوو گروپێک ماون کە کوردن‌و بەلیستی جیاواز لە پەرلەمانی عێراقدان، تۆ بڵێی یەکگرتووی ئیسلامی بێت؟ بە باوەڕی هەموو ئەم فراکسیۆنە سەربەخۆیە، بە دڵسۆزییەوە ئەرکە نەتەوەییەکەی خۆی لە بەغدا ئەنجام داوەو هەرچی گروپ‌و تاقمە تێرۆریستەکانیشن دوژمنی هەموو ژیانێکن لەسەرانسەری دنیادا بە کوردیشەوە.

ئەگەر وڵاتانی دراوسێشن، ئەم هەموو مەدح‌و سەناو پیاهەڵدانە بەشان‌و شەوکەتی ئەم وڵاتانەدا، کردنەوەی کوردستان بۆیان لە بوارەکانی سیاسی‌و ئابووری سەربازی‌و هەواڵگری‌و کلتووری‌و بەرزنرخاندنی سەرکردە زیندوو و مردووەکانیان لە دوژمنە سەرسەختەکانی کـورد، دەبێت هەمووی درۆی شاخدارو شانۆگەریی بێت.

کورد لەنێو ئەم هەریسەیەی عێراق‌و ناوچەکەدا دوژمنی زۆری هەیە، بەڵام پرسیار لەوەدایە کە ئەوە چەند ساڵێکە میلۆدیای ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بۆ کێ دەچرینەوە؟

راستە کورد دوژمن‌و ناحەزی هەیە، بـەڵام پاساوی ئیدیعای دەسـەڵات کە لە فرەلیستیدا دوژمنەکانمان دڵخۆش دەکەین، لە بنەڕەتەوە بەتاڵەو پێچەوانەی بەشداری‌و رەفتارو هەڵوێستەی خۆیانە کە لە حوکمڕانیدا دەیکەن‌و ئەو هاوپەیمانی‌و چاوبازییەی لەگەڵ «دوژمنان‌و ناحەزان» گرێی دەدەن‌و دەیکەن.

دوژمن‌و ناحەزەکانمان بە پێشێلکردن‌و پـەراوێـزکـردنـی بـەرژەوەنـدیـی بـاڵای نەتەوەییمان دڵخۆش دەبن‌و گەشەدەکەن‌و زەفـەرمـان پـێـدەبـەن. ئەزموونەکانی دەسەڵاتدارانی ئێستای کورد لە مێژوودا، نامۆ نین بەو جۆرە رەفتارو هەڵوێستانە.

## کێ خاوەنی عێراقە؟

لام وایە لە سیاسەتکردن لە بەغدای تەنراو بە رەنگو دەنگو تارمایی دوژمن‌و مەرگ هەموو جارێک (١+١) ٢ ناکات.

سیستمی حوکمڕانی لە بەغدا لە دوای نەمانی رژێمی سەدامەوەو بە فەرمان‌و ویستی ئەمریکاو ملکەچی زۆربەی لایەنە عێراقییەکان، لەسەر بنەمای تەوافوق بەڕێوە دەچێت‌و لەم شێوازە حوکمرانیەشدا هەر لایەنێک خاوەنی مەسەلەی خۆیەتی‌و بەگشتیش نە لایەنێک‌و نەکۆی گشتی لایەنەکانیش خۆی بە خاوەنی هەمووی نازانێت، ئەوەشی بە هاوبەشی لە بەغدا ئەنجامدراوە، هەر لایەنێک تا رادەیەکی بەرچاو مافی ڤیتۆی لەسەر هەبووەو بەپێی ئەو تەوافوقە بەشی خۆی لێبردووە، بۆیە دەستوورێک لەسەر بنەمای تەوافوق دارێـــژراوەو رەنگە چارەیەکی گونجاو (نەک باشتر) بێت بۆ رێکخستنی پەیوەندی پێکهاتەکانی عێراق‌و دابەشکردنی پارەو دەسەڵات، زەمینەی زامنکردنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمانی بەلەرزۆکی‌و تەم‌و لێڵییەوە لەخۆ گرتووە بە مادەی (١٤٠)یشەوە.

لـەم هاوکێشەیەی عێراقدا هەموو لایەکان، بە کۆنە بەعسی‌و تاونبارەکانیشەوە سـوودمـەنـدبـوون. مەسەلەکە لە هەق‌و رەوایەتی دەرچـووەو هەڵبژاردنەکانیش بەپێڕەوکردنی پرەنسیپەکانی نەتەوەیی‌و ئاینی‌و مەزهەبییەوە بـەڕێـوەچـوون‌و دیموکراتییەکەی عێراق بووەتە پیاوە خاوەن چەند رۆح‌و ئیفلیج‌و دەردەدارەکەی ناوچەکە، چونکە بەزۆر نییە زەمینەی دیموکراسییەت لەم پێکهاتە سیاسی‌و فرەڕابەرایەتی‌و نەتەوەیی‌و ئاینییەی عێراقدا کە سەدان ساڵە یەکتر تەفروتونا دەکەن بە رستەیەکی شاعیرانە بەرجەستەبێت‌و ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بێمتمانەیی‌و ناحەزی‌و دوژمنایەتی نێوان پێکهاتە دەسەڵاتدارەکانی عێراقە. لەم کەش‌وهەوا سەپێنراوەدا، هەموو دۆست‌و هاوپەیمانی یەکترن‌و لەهەمانکاتیشدا ناحەزو تەنانەت مەترسی دوژمنایەتیکردنی یەکتریان لێدەکرێت، ئەوە نییە لە لوتکەی دەسەڵاتی عێراق‌و لەناو خودی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەر کۆڵکە تێرۆریست‌و بەکرێگیراوو دزە دەدۆزرێتەوە.

نە سەرکردەکانی کوردو شیعەو سوننەو تەنانەت لە دەستی خواشدا نەماوە عێراقی ئێستا بکات بەو وڵاتـەی دەیانەوێت، بە دروشمی بریقەدار بە خەڵکی بفرۆشنەوە. عێراق خاوەنی خۆی نەبووەو نابێت، ئەو کەس‌و لایەنانەی باوەڕیان بە وەهمی وا هەیەو کـاری بـۆدەکـەن، دیسان خەونی شاعیرانەیان هەیە.

لەگەڵ ئەم راستییە تفت‌و تاڵانەدا روومان لە بەغدایە، رووکردنێک پێویستە واقیعی‌و گونجاو بێت بۆ دۆخی خۆمان، تەنها زامنیش بۆ غـەرق نەبوونمان لەو دەریا گـەورەو پڕمەترسییەدا گرێدانەوەی توندی خۆمانە بە گوریسی توندو قایمەوە بە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمانەوە.

# جەژنتان پیرۆز نەبێت



ئەلەند مەحوی

**بەرپرسان یەک وتاریان بەبێ بەڵێنبەخشینەوە بۆ هاوڵاتییان نەخوێندووەتەوە کە تیایدا دابینکردنی کارەباو سوتەمەنیو ئاو لە ئەولەویەتی بەڵێنەکانیان نەبووبێت**

جەژن پیرۆزی ئەو بەرپرسانە نابێت کە لە ژێر سایەو حکومڕانییاندا، هاوڵاتییان ناتوانن جەژنێکی پڕخۆشیو بە رووناکیو بە سەلامەتیو دوور لە ئەنفلۆنزای پەلەوەرو ئەنفلۆنزای بەراز بەسەر بەرن.

لەوەتەی خەڵکی هەرێمی کوردستان چاوی لەگەڵ حکومڕانی خۆجێیی خۆی کردووەتەوە، داوای ئاشتی لەگەڵ کارەباو سوتەمەنیو ئاو دەکات، هەر لەو کاتەشەوە بەرپرسان یەک وتاریان بەبێ بەڵێنبەخشینەوە بۆ هاوڵاتییان نەخوێندووەتەوە کە تیایدا دابینکردنی کارەباو سوتەمەنیو ئاو لە ئەولەویەتی بەڵێنەکانیان نەبووبێت، بەبێ جێبەجێکردنیان.

خەڵک مافی خۆیەتی جەژن بە خۆشیو لەگەڵ کارەباو دوور لە نەخۆشی ئەنفلۆنزاکانو لە ماڵی گەرمی خۆیانداو دوور لە تەقەمەنی تەقاندنەوە بەسەربەرن، بەڵام دەسەڵاتو حکومەت هیچ مافێکیان نییە بە هیچ پاساوێکەوە ئەو کەشوهەوایە بۆ هاوڵاتییان نەڕەخسێنن، چونکە حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بڕی (٧٨٤٧٦٦٠٠٠٠٠٠) حەوت ترلیۆنو هەشت سەدو چلو حەوت ملیارو شەش سەدو شەست ملیۆن دینار بودجەکەی بووەو بۆ ساڵی (٢٠٠٨) زیاتر لە (٩٦٢٨٧٨٣٠٠٠٠٠٠) نۆ ترلیۆنو شەش سەدو بیستو هەشت ملیارو حەوت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار بودجەکەی بووەو بۆ ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (٨٨٥٧٢٦٣٠٠٠٠٠٠) هەشت ترلیۆنو هەشت سەدو پەنجاو حەوت ملیارو دوو سەدو شەستو سێ ملیۆن دینار بودجەکەی بووە، ئەی ئەم پارە زەبەلاحە بۆچی تەرخانکراوە، بەبێ بودجەو داهاتی ساڵانی پێشووش.

سەیر لەوەدایە لە هەموو بۆنەکاندا بەرپرسانی هەرێم لە ڕاگەیاندنەکانەوە پیرۆزبایی جەژن لە خەڵکی دەکەن، وەک چۆن ئەم جەژنە د.بەرهەم، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە پێکەنینەوە بە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەڵێت، جەژنتان پیرۆز بێت، مافی ڕەوای خەڵکیشە بەو پیرۆزباییە ڕازیی نەبێتو پێی بڵێت، کاتژمێرێک کارەبامان بۆ دابینبکەو پێمان مەڵێ جەژنتان پیرۆز بێت.

ئەم بێکارەباییو نەخۆشی ئەنفلۆنزایە، لەکاتێکدایە کە ئەمڕۆ زیاتر لە دوو مانگە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووەو لیستی دەسەڵاتو کارنامەی ئەم کابینەیەش بخوێنیتەوە، دێڕێک نادۆزیتەوە پڕی نەبێت لە بەڵێنبەخشینەوە بە خەڵکی بەشمەینەتو داماوی ئەم وڵاتە، بەتایبەتیش لەبواری کارەباو سوتەمەنیو ئاسایشو تەندروستیدا.

لە ڕاستیدا بۆ هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان ڕەوایە بپرسن، پیرۆزبایی جەژنمان لێمەکەن، ئێمە کەی ئەمەمان جەژنە، جەژن بۆ ئێمە ڕۆژێکە بە هێندەی داهاتی ئەم وڵاتە خزمەتمان بکرێتو بودجەو داهاتی خاکەکەمان تاڵان نەکرێت.

جەژن بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆژێکە داهاتو سەروەتی خاکەکەی بخرێتە خزمەتیەوە، نەک بدرێت بە کارەبایەک کە ئەوەندە پرتەپرت بکات، سەلاجەو تەلەفزیۆنو کەلوپەلەکانی بسوتێنێت، وەک چۆن لە سەردەمی بەعسدا نەوتی ئەم وڵاتە دانیشتووانەکەی دەسوتاند.

alandmahwy@gmail.com

# داوا دەکرێت لە سلێمانی تاکسی نەفەرات دابنرێت

سیروان عەول

**لەماوەی ساڵێکدا زیاتر لە (٥) هەزار تاکسی هێنراوەتە هەرێمی کوردستانەوەو لە ئێستادا تەنیا لە سلێمانیدا (١) هەزارو حەوت سەد تاکسی هەیەو بڕیارە لە ساڵی داهاتووشدا (١٠) هەزار تاکسی تری بێتە هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوەی ئەم ڕێژە زۆرەی تاکسی ببێتە هۆی کەمکردنەوەی کرێی تاکسی بۆ هاوڵاتییان.**

دیار سامی مستەفا تەمەن (٣٤) ساڵ کە (١١) ساڵە کاری شۆفێری تاکسی دەکاتو ئێستا تاکسییەکی کوردستانی پێیە، کە ئەم تاکسیانە سیمای شاریان زەرد کردووە، پێیوایە «ئەم تاکسیانە سیمایەکی جوانیان بەشار بەخشیوە».

مۆدێلو ڕەنگی تاکسی لە هەرێمی کوردستاندا زۆر ڕەنگو شێوازی بەخۆیەوە بینیوە، وەک پرتەقاڵیو سپیو پرتەقاڵیو زەرد، لە ئێستاشدا تاکسی کوردستان شەقامەکانی شارەکانی کوردستانی داگیرکردووەو لەلایەن کۆمپانیای جیهانەوە بەشێوەی قیست دابەشدەکرێت.

دیار سامی دەڵێت «ئەم تاکسیانە کاریگەریی زۆرە بۆ سەر تاکسیە کۆنەکان، چونکە تا ئێمە وەستابین، خوێندکارانو فەرمانبەران هاتوچۆ بەو تاکسیە کۆنانە ناکەن».

لەگەڵ هێنانی بەلێشاوی تاکسیو سەیارەی تایبەتی شەقامەکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان قەرەباڵغییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەبێ ئەوەی تاکسیە کۆنەکان بمرێندرێن، بەجۆرێک کە لەئێستادا تاکسی زۆر کۆن لە شەقامەکاندا لەگەڵ تاکسی مۆدێل (٢٠٠٩) بە تەنیشت یەکەوە هاتوچۆ دەکەن.

فەرەیدون عەلی، تەمەن (٣٦) ساڵ کە خاوەنی تاکسییەکی ئۆپڵی مۆدیل (١٩٩٦)ەو ماوەی (١٥) ساڵە کاری تاکسی دەکات توانای ئەوەی نییە ئۆتۆمبیلەکەی بگۆڕێت بە تاکسیەکی کوردستانی مۆدێل (٢٠٠٩)، لەکاتێکدا بەشێک لە هاوڵاتیانیش ئامادەنین بە تاکسی لەشێوەی تاکسییەکەی فەرەیدون هاتوچۆ بکەن.

فەرەیدون وتی «ئێمە توانای کڕینی ئە جۆرە تاکسییەمان نییە، لەبەرئەوەی دەبێت مانگانە (٥٥٠) دۆلار قیستی مانگانە بدەمەوە، ئەو خەڵکە ئەگەر پیشەیەکی تری نەبێت، ناتوانێت بە کاری تاکسی کە ڕۆژانە (٥٠ – ٦٠) هەزاری دەستدەکەوێت ئەو بڕە پارەیە لە یەک مانگدا دەربهێنێت، بۆیە تا نرخی ئەو تاکسیانە وابێت، من هەرئەم ئۆپڵەم پێدەبێت».

ئەو شۆفێرە وتیشی «تاکسی کوردستانی سیمای شاری جوان کردووە، بەڵام هیچ حیسابێکیان بۆ ئەم تاکسیانەی ئێمە نەکردووە کە لە ئێستادا کاریگەریی بۆ سەر بازاڕی ئێمە زۆرەو خەڵک کەمتر بەم تاکسیانە هاتوچۆ دەکات».

چەند هەفتەیەک بەر لە ئێستا خاوەن تاکسییەکانی سلێمانی بەشێوازی جیاجیا نارەزاییان دەربری لە دژی هێنانی ١٠ هەزار تاکسی تر بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمە داواکاریی لەسەر کڕینی ئەو تاکسیانە کەمنەکردووەتەوەو لە ئێستادا (٣٠٠) کەس لە سلێمانی خۆیان ناونووسکردووە بۆ وەرگرتنی تاکسیی کوردستانی.

ڕێژین عوسمان، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی گروپی کۆمپانیاکانی جیهان ڕونیدەکاتەوە کە بەنیازن (٥) هەزار تاکسی بۆ هەرێمی کوردستان بهێنن، کە پێشتر بڕیاربوو (١٠) هەزار بهێنرێت، بەڵام لە ئێستادا هەر ئەوەندە داواکاریی لەسەرە.

ڕێژین دەڵێت «لەو (٥)هەزار دانەیەی کە لە ساڵی ڕابردوودا هێنراوە بۆ هەرێم کە مۆدێلی (٢٠٠٩) بوو، تەنیا (١) هەزارو حەوتسەد تاکسیمان هێنایە شاری سلێمانییەوە، ئێستاش بۆ مۆدێلی (٢٠١٠) کە دەکەوێتە ساڵی داهاتووەوە، داوای (١٠) هەزار تەکسی دیکەمانکردووە».

لەبارەی نرخی تاکسیە نوێیەکانیانەوە کە هاوڵاتیان بە گرانی دەزانن، بەڕێوەبەری گروپی کۆمپانیاکانی جیهان وتی «ئەو نرخەی کە دامانناوە نرخێکی گونجاوەو هاوڵاتییان دەتوانن بیکڕن، بۆ ساڵی داهاتووش کە مۆدێلی (٢٠١٠) دەهێنین هەمان نرخی ساڵی ڕابردووە کە بۆ هەر سەیارەیەک (١٧) هەزارو حەوت سەد دۆلارەو بەهەمان مواسەفاتی ساڵی پار دەبێت».

ئەوەی خەڵکی سلێمانی نیگەرانکردووە ئەوەیە کە جیاواز لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان تاکسی تەنیا یەک نەفەر دەگوازێتەوەو نەفەری تر ناگوازێتەوە، ئەمەش هاوڵاتیان ناچاردەکەن کە بەتەنیا کرێی تاکسی بدەن، لەکاتێکدا لە هەولێرو زۆربەی شارو وڵاتانی تر تاکسیەک چەند نەفەرێک دەگوازێتەوە لە یەک کاتدا.

بەسمە مەجید تەمەن (٤١) ساڵ کە لەیەکێک لە شەقامەکانی سلێمانی چاوەڕوانی هاتنی پاسی دەکرد وتی «ئەگەر تاکسی بە (١٠٠٠) دینار بوایە بۆ یەک نەفەر، ئەوەندە چاوەڕوانی پاسم نەدەکردو بە (٣) کەس تاکسیەکمان دەگرت.

# قوربانی، منداڵان دەترسێنێتو سامانی ئاژەڵ کەمدەکاتەوە

ئارام شێخ وەسانی
هێمن محەمەد

**جەژنی قوربان یەکێکە لە جەژنە دیارەکانی مسوڵمانان، کە لە سەرتاسەری وڵاتە ئیسلامییەکاندا دەکرێتە بۆنەیەکی ڕەسمییو بەوە دەناسرێتەوە مسوڵمانان ئاژەڵ دەکەنە قوربانیی بۆئەوەی «خوا لە گوناهەکانی ڕابردوویان خۆش بێت»، بەم هۆیەشەوە چەند ڕۆژێک پێش جەژن بازاڕی ئاژەڵفرۆشان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان گەرموگوڕییەکی یەکجار زۆری بەخۆیەوە بینیوە**



حاجی جاسم، کە ماوەی (٢٠) ساڵە لە مەیدانی ئاژەڵانی شاری هەولێر کاری کڕینو فرۆشتنی ئاژەڵ دەکات وتی: ساڵانە بەر لە چەند مانگێک لە جەژنی قوربان ئەو قەسابانەی پارەدارن ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی قوربانی دەکڕنو لە مەیدانەکانی ئاژەڵ فرۆشتن دایان دەبەستن».

بە وتەی ئەو فرۆشیارە «لە کاتی قوربانیشدا قەسابەکانی مەیدانی ئاژەڵفرۆشان نرخی ئاژەڵەکانیان بەرزدەکەنەوەو زۆربەی کڕیارەکانیش بێئاگان لە نرخو نەخۆشیو چۆنایەتی ئاژەڵەکان».

## ڕەهەندە ئایینیەکانی جەژن

لە ئایینی ئیسلامدا قوربانیکردنو حەج دوو سیمای سەرەکیی جەژنی قوربانن، مامۆستا حەیدەر عەبدوڵا دەرچووی کۆلێژی شەریعەی زانکۆی بەغدا باس لەوە دەکات جەژنی قوربان هەر لە ناوەکەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە جەژنی قوربانیکردنە. مامۆستا حەیدەر دەڵێت: «ئەم جەژنە بریتییە لە زنجیرەیەک ڕووداوی ژیانی ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ) لەدوای ئەوەی کە ئیسماعیل پێغەمبەر (د.خ) نەکرا بە قوربانیی، هەروەها بابەتی حەجو چەند ڕووداوێکی دیکە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکیی ئەم جەژنە حەجو قوربانی دوو سیمای سەرەکین».

## منداڵانو جەژنی قوربان

ئەم جەژنە جیاواز لە جەژنەکانی دیکەی منداڵان لەبەردەم مەترسییو خۆشی زیاتردا بوون، بە بڕوای توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان زۆرینەی خەڵک لە جەژنی قورباندا ئاژەڵەکان لەبەرچاوی منداڵەکانیان سەردەبڕن، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورە جێدەهێڵێت لەسەر هەستی منداڵان، مامۆستایەکی ئایینیش دەڵێت: «هیچ کێشەیەکی ئایینی لەوەدا نییە ئەگەر ئاژەڵەکە لە سەربڕینخانەکان سەرببڕدرێت».

مامۆستا عومەر سوێری، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی لە کوردستان، دەڵێت: «مەرج نییە ئاژەڵەکان لە لاکۆڵانو ماڵەکانی شاردا سەرببڕدرێن، باشتر وایە لە سەربڕینخانەکان ئەم کارە ئەنجامبدرێت، ئەگەر لە ماڵەوەش ئاژەڵ سەرببڕدرێت باشتروایە منداڵەکان دوور بخەنەوە».

عومەر سوێری وتیشی: «لەساڵێکدا یەک یان دوو ڕۆژ ئەم کارە ئەنجامدەدرێت، بەڵام بە درێژایی (٢٤) کاتژمێر تەلەفزیۆنو کەناڵە ئاسمانییەکان دەیان فیلمی ترسناک پەخشدەکەن کە هەموویان مەترسین بۆسەر دەروونی منداڵ».

بەڵام توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوەدەدات؛ ئەو بابەتە پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان هەیە تا لەبەرچاوی منداڵان قوربانیی نەکرێت.

ئەحمەد عەلی، دەرچووی کۆلێژی کۆمەڵناسی، سەبارەت بەم دیاردەیە دەڵێت: «لە ڕاستیدا ئەوە بابەتێکی گرنگەو پێویستە هەموو لایەنەکان پاڵپشت بن بەتایبەت میدیاکان بۆئەوەی ئەم هۆشیارییە بڵاوبکرێتەوە، کە لەپێش چاوی منداڵ ئاژەڵان سەر نەبڕدرێن».

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە باس لەوە دەکات، کە سەربڕین لەبەرچاوی منداڵان بەردەوام هەیە، بەڵام لە جەژنی قورباندا یەکجار زۆر دەبێتو دەگاتە لوتکە، هەندێک خەڵکیش ئاژەڵێک دەکڕێت بۆ یەک یان دوو ڕۆژ لە ماڵەوە ڕایدەگرێت، بەمەش منداڵان هۆگری ئەو ئاژەڵە دەبن، بەڵام دواتر لە پێش چاوی ئەو منداڵە سەری ئاژەڵەکە دەبڕدرێت، ئەمەش لە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژیو دەروونییەکان زیان بەو منداڵە دەگەیەنێت.

## کەمیی ئاژەڵو قوربانیی

بەهۆی وشکە ساڵییەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سامانی ئاژەڵ بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستاندا کەمبووەتەوە، بەڵام جەژنی قوربان زیاتر کاریگەریی هەیەو زۆر زیاتر سامانی ئاژەڵ بەرەو کەمیی دەبات.

ئیسماعیل مەجید، ئابووریناس، دەڵێت: «لەم جەژنەدا ڕێژەیەکی یەکجار زۆر ئاژەڵ کراوە بە قوربانیی، لەبەرامبەردا حکومەت پلانو پرۆژەی پێویستی نییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕێژە ئاژەڵە، چونکە ڕێژەکە بۆ خۆی نا هاوسەنگە، بەردەوام لە کوردستان ڕێژەی سامانی ئاژەڵی بەرهەمهاتوو کەمترە لە بەکارهاتوو».

ئەو پسپۆڕە بەپێویستی دەزانێت پێش جەژنی قوربان بە چەند مانگێک وەزارەتی کشتوکاڵ کاری بۆ ئەم بابەتە بکردایەو بەلایەنی کەمەوە هەوڵی بدایە ئاژەڵی زیندوو هاوردە بکات، بۆ زیادبوونی ڕێژەکەو بەرزنەبوونەوەی نرخەکەی.

بەپێی ئامارێک کە دەست ڕۆژنامە کەوتووە لە پارێزگای هەولێر (٧٩٨) هەزار مەڕو بزنو (٦٤) هەزار ڕەشەوڵاخ هەیە، بەڵام هاتنی جەژنی قوربان ئەم ڕێژەیە زۆر کەمتر دەکاتەوە.

ڕەمەزان نوری، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ، هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئاژەڵ دەگەڕێنێتەوە بۆ وشکەساڵیو چۆڵبوونی گوندەکانو گرانیی ئالیکو زۆریی سەربڕین.

# تاک لە سێبەری رەمزو حیزبی قائیدد



م. فەزیلە

لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەموو چەمکو بەهاو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی ناتەندروستو ناکامڵ لە دایکبوون‌وچەکەرەیان کردووە، بەجۆرێک لە جۆرەکان پێگەی عەقڵی ئادەمیزاد لە مێژوودا پێگەیەکی کرچوکاڵو لاوازبووە، ئەمەش وایکردووە کە هەمیشە ژیان لە کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی مێگەلیی بڕوات بەڕێوە، بۆیە تاک لە کۆمەڵگەدا ئەوەندەی گرنگی بە شوانەکەی داوە، ئەوەندە بەدوای دروستکردنی پێگەو بنیادە کۆمەڵایەتییەکانی خودی خۆیەوە نەبووە، بۆیە هەمیشە رەمز لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تێکەڵ بە پیرۆزییو موقەدەساتی کۆمەڵگە کراوە....

ئەم تێکەڵکردنە وایکردووە کە هەمیشە تاکی کوردی بە دوورکەوتنەوە لەو ژیانە مێگەلییە هەست بە نامۆبوون بکات، بۆ نموونە لە دەیەکانی رابردوودا ئەوەندەی خوێندنەوەو پیاهەڵدان بۆ سەرکردەو رەمزەکان کراوە، چارەکی ئەوە خوێندنەوە بۆ واقیعو رووداوەکانی ناو کۆمەڵگە نەکراوە، بۆیە هەمیشە تاک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تاکێک بووە کە سێبەری سەرکردەکان بەدوای خۆیاندا پەلکێشی ناو رووداوەکانی ناو کۆمەڵگەیان کردووە بەبێ ویستو ئیرادەی خۆی، هەمیشە تاک پێیوابووە چەمکو ئایدیاکان بەبێ رابەرو رەمز بۆش‌و بەتاڵن...

ژیان بەبێ رەمز ژیانێکی رووتکراوەیە لە بەها کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان، بۆیە تاکی کوردی وەلائێکی بێ ئەملاولای بۆ رەمز هەبووەو بەردەوام ململانێکانی ناوکۆمەڵگە لە پەناو پێگەی رەمزەکان‌و لەسەر بنەماو ویستو داواو داخوازییەکانی ئەوان سەرچاوەی گرتووە، بۆیە زۆرجار بەرژەوندیی تایبەتی رەمزەکان کارەساتی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی گەورەی لێ کەوتووەتەوە، درزو کەلێنی کۆمەڵایەتی‌و کلتووریی گەورەی دروستکردووە، لە هەموو حاڵەتەکانیش رەمزەکان وەک ماستی لە موو دەرهێنراو بەخاوێنی‌و پاکیزەیی لەناو رووداوەکان خۆیان هێناوەتە دەرەوەو ئۆباڵی هەڵەو کەماسییەکانیان یان بەشانی دەوروبەر هەڵواسیوە یان تاکی کۆمەڵگەیان پی تۆمەتبارکردووە، لەکاتی بەریەککەوتنی بەرژەوندییەکانی رەمزی کوردیدا، تاک هەمیشە قوربانییەکی هەرزان بووەو بەها ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتییەکانی ژێرپێ خراوە، رەمزی کوردی لە مێژوودا رەمزێک بووە هەرگیز قبووڵی نەرێکانی تاکی نەبووە.

بەردەوام کاری لەسەر ئەوە کردووە، کە دەنگی نارازیی ناو کۆمەڵگە سەرکوتو وێران بکاتو بە ناسروشتو ناتەندروستی لە قەڵەم بداو خوێندنەوەی سەیرو سەمەرە بۆ نەرێکانی تاک بکات. ئەم تێڕوانینەی رەمز شۆڕبووەتەوە بۆ ناو هەموو کایەکانی کۆمەڵگەو کاریگەریی نەرێنیی هەبووە لەسەر رەوتی گەشەکردنی چەمکەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگە. هەمیشە بەرژەوندیی‌و خواستەکانی سەرکردە سێبەری ترسو تۆقاندن بوون بەسەر گەشەکردنی ژیانی تاکو ئەو چەمکو بەهایانەی کە تاک لە پەراوێزیاندا گەشە بە کرانەوەو بە ئاگاهاتنەوەی دەدات. دەنگی تاک بەردەوام ئەو دەنگە بووە کە نەیتوانیوە خۆی لە تۆڕی بەرژەوەندیی‌و مۆراڵی تایبەتی رەمزو سەرکردەکان بهێنێتە دەرەوەو لەگەڵ رەوتی گەشەکردنی تەندروستی ناو کۆمەڵگەکەی بەئاسانیی رێ بکات، بۆیە لەم سەردەمی کرانەوەو دیموکراسییەدا، تاکی ئێمە تائێستاش گیرۆدەو دیلی دەستی حەزو ئارەزووەکانی رەمزی کوردییە، لە بۆتەی یارییە سەیرو سەمەرەکانی ئەواندا هەڵدەسوڕێت، ئازادیی تاک تا ئەو جێگەیە برەوی هەیە کە بەریەکدەکەوێت.

لەگەڵ بەرژەوەندیی‌و داخوازییەکانی رەمزو سەرکردەدا، لەوەبەولاوە هێڵی سوورو پیرۆزییەو تاک تێیدا رووبەڕووی سزا دەبێتەوە، بۆ نموونە لە دنیای دیموکراسیدا هەمووشتێک کراوەو شەفافەو دەرگای زانیاریی بۆ هەموو تاکێک لە کۆمەڵدا والایە، بەڵام لای ئێمە ئەمە وجوودی نییەو تاک ئازاد نییە لەوەی پرسیار بکات لە بەڕێوەچوونی پێگەو سیستمی دەسەڵات لەناو کایە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا، هەموو بەهاو دەسکەوتەکانی بە منەت بەسەردا دەفرۆشێتەوە. لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا چەمکی دەوڵەت یان دەسەڵات چەمکێکە تێکەڵ بە روحیانەتی سەرکردەوسیمبولەکان‌بووە،بۆیەجیاکردنەوەیان لە مەحاڵ مەحاڵترە. سەروەرییەکانی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە ئاوێزانبوون بە سەرکردەو حیزبی سەرکردە، بەمانایەکی دیکە ئەم مەقۆلەیە فۆرمەڵەو گشتێنراوە لەناو هەموو پێگەو مۆراڵە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوورییەکاندا وجوودێکی بەردەوامی هەیەو بەئاسانیی ناکرێت لەیەکتری دابیڕێن، بۆیە جیاکردنەوەی حیزب لە کایەکانی کۆمەڵگە یانی شەڕی بەردەوامی دیموکراسی لەنێوان رەمزو تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ئەمەش ململانێیەکی سەختو دژوارەو پێویستی بەتاکی ژیرو پشوودرێژ هەیە، بە واتایەکی دیکە ئەو واقیعەی کە رەمزو حیزبی قائید سەپاندویەتی بەسەر کۆمەڵدا، واقیعێکە لە مەفهومی دیموکراسیدا وجوودی نییە، ئەویش شەرعیەتدان بە دەسەڵاتێکە کە تیایدا سەرچاوەی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ سەرووی کۆمەڵگە یان کەس نەزانێت پێناسەی دەسەڵاتە رەهاکانی رەمز بەسەر کۆمەڵگەوە بە چ شێوازێک بکات، بەهەرحاڵ هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی دیموکراسی خوازیاری جۆرێک لە پرسپێکردنی رای خەڵکە لە مەسەلەی پرسە تایبەتییەکانی ژیانی خەڵک، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە لە درێژەی دەورانەکانی رابردوو بێبەش بووە لەم پرسە، فراوانکردنەوەی پایەی حقوقی‌و فۆرماڵی دەسەڵاتی رەمزو بەشداریی توێژگەلێکی هەرچی زیاتر لە دەسەڵات نابنە هۆی خولقاندنی زەمینەیەک کە تاکو کۆی کۆمەڵگە زۆرترین مافو داخوازییەکانیان بەرهەق‌و پارێزراوبێت یان ئازادیی فەردیی ئازادیی تاک لە دەخالەتکردن لە کاروباری کۆمەڵدا بەهیچ جۆرێک یەک شت نین. لەمەوە دەگەینە ئەو راستییە، کە شەرعییەتی دیموکراسی لە کۆمەڵدا لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە دیموکراسی لە فەرهەنگی سیاسیی خەڵکی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا هەر ئەوەیە کە فراوانکردنەوەی حقوقی فۆرماڵی‌و رێگەدان بە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بۆ بەشداریکردنی لە کایەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا هەر بەرتەسککردنەوەیەکی ئەم مەفهومەی دیموکراسی بێنرخکردن‌و پووکانەوەی تواناکانی هەڵسوڕانی ئازادانەی تاکە، بۆیە ناکرێت کۆمەڵگە، یەک خۆی بە دیموکراسی بزانێ‌و پێشگرو پاشگر لەبەردەم مەفاهیمەکانی قیتبکاتەوە. لێرەدا روونتر دەڵێم دەسەڵاتو رەمزو حیزبی قائیدی کوردی لە دەرەوەی چوارچێوەی هەرێمەکەی خۆی زۆر دیموکراسیانە مامەڵە دەکات، مودافعی واقیعی‌و سەرەکیی بێ ئەملاولای دیموکراسییە، بەڵام کاتێک دەنگێک لەناو هەرێمەوە باسی رووداوە واقیعیەکانی ناو هەرێم بکاتو لە حەقیانیەتی نادیموکراسی ئەم رەمزو حیزبی قائیدانە وردبێتەوە بەهەموو شێوەیەک دەکەونە دژایەتیکردنی جۆرەها دەستو سەرو کلکی بۆ دروستدەکەن، دەیکەن بە ئۆلگۆیەک کە لەناو کۆمەڵگە خەڵک بە حەزەرو بەجۆرێک لە جۆرەکان بەشێوازێکی سەمەرە لێی بڕوانن، بۆیە لە یەکەم نەرێی کۆمەڵگەدا لە بەرامبەر رەمزو حیزبی قائیدی کوردیدا شاهیدی ئەم جۆرە ناساندنە بووین، بەڵام خۆشبەختانە بوێریی تاک بۆ گۆڕان پێش رەمزو حیزبی قائیدی کوردی کەوتو خۆی لە هەناوی خۆیدا ئۆلگوی رووبەڕووبوونەوەی کەماسییەکانی دەسەڵاتی دروستکرد. دیارە ئەم بزووتنەوەیە لەمێژە لەناو هەناوی تاکی کوردیدا پەنگی خواردووەتەوە، بەڵام کاتێک دەرکەوت کە هۆشیاریی تاک لە کۆمەڵگەدا تارادەیەک رسکاوو بەرخوردبوو، بۆیە دەسەڵاتی کوردی لە پێگەی رەمزەکانەوە تووشی شۆکو تاسان بوو، هەرچەندە لە رێگەی تۆڕو کەناڵە جۆربەجۆرەکانیانەوە هەوڵی کپکردنەوەی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەیان دا، بەڵام نەیانتوانی ئەم بزووتنەوەیە خامۆشبکەنەوە ئەگەرچی هێشتا زووە بۆ ئەوەی تاک بتوانێ هیواو داخوازییەکانی لەسەر پێگەو هەڵسوڕانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بنیادبنێت، بەڵام ئەوە روونە کە ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت گۆڕانێک بەسەر خەسڵەتەکانی رەمزو حیزبی قائیدی کوردیدا بێنێتو بەناچاریی قبووڵی ئەوە بکەن، کە هەرێمو کۆمەڵگەی ئێمە تاپۆکەی تەنیاوتەنیا بەناوی رەمزو حیزبی قائیدەوە نییەو تاکو کۆی کۆمەڵگە وەک هەریەک لە سەرانی رەمزو حیزبی قائید مافو ئەرکو ئیمتیازیان هەیە لەناو یەک بەیەکی کایەو دامەزراوەکانی کۆمەڵدا.

> دەسەڵاتو رەمزو حیزبی قائیدی کوردی لە دەرەوەی چوارچێوەی هەرێمەکەی خۆی زۆر دیموکراسیانە مامەڵە دەکات

## راستکردنەوەی مانشێتێک کە بە زمان منەوە نووسراوە

دوای پەیوەندییەکی تەلەفونی‌و لێدوانێکی زارەکی ئێمە، سەبارەت بە بڕیاری داخستنی کۆلیژە سەربازییەکانی هەرێم، لە ژمارە (٥٥٧) رۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٤)ی رۆژنامەی (رۆژنامە) لە ل(٣)دا راپۆرتێک لەسەر وەڵامەکانی من بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە قسەکان، درێژەی لێدوانەکەم وەکو خۆی دانراون، بەڵام مانشێتەکە قسەی من نییە، داخستنی کۆلیژە سەربازییەکانی هەرێم بە فاکتەری زانستی دەزانم، نەک سیاسیی هەرچۆن لە لێدوانەکەشمدا ئاماژەم پێداوە هەروەها وتوومە؛ پێویستە کۆلیژی ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم دابمەزرێت، تاوەکو هیچ بیانوویەکی دەستووری لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بەرامبەر سیاسەتی سەربازیی هەرێمی کوردستان بەکارنەهێنرێت، بەپشت بەستنم بە هەردوو مادەی (٩ و ١٢١)ی دەستووری عێراق.

**لەگەڵ رێزمدا.. لیوا سەروەر قادر**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان رەشید - هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕی‌و ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩



# ئەركی گەنجان لە قۆناغی نوێدا

ئارێز سمكۆ (دهام)*

بە هەموو پێوەرەكانی ژیاریی‌و ژیریی كە لە هەر قۆناغێكدا بۆ كۆمەڵگەكان دەكرێت، ئەمرۆ لە گۆڕەپانی سیاسی‌و جڤاكی‌و سۆسیۆلۆژییانەی كوردستاندا قۆناغێكی نوێ هاتووەتەكایەوە، هەموو چاودێرانیش ئەمە بە روونی بەدی دەكەن، بەوەی كە دەتوانین هەموومان بەوە بڕوادەكەین، كە وێستگەیەكیترە لە خەباتی گەلەكەمان، ئەم قۆناغە نوێیەش ئاماژەیەكە بۆ گەلێك ئەركی نوێ لەسەرشانی هاوڵاتییانی، دیارە توێژی گەنجان‌و لاوانیش لەم ئەركە بەدەرنین‌و رەوتی مێژووش ناتوانێت هەڵاوێریان بكات، نەك ئەمە بەڵكو هەستیارترین توێژی كۆمەڵگان‌و یەكێكن لە جومگە سەرەكییەكانی سامانی مرۆیی وڵاتان، بۆیە ئەوانیش لەسەر شانیانە كە بازووی لێ هەڵماڵن‌و بێنە ژێر بارەكەو بە رەوتی مێژوو بڕۆن، ئەمما بە بارە باش‌و چاكییەكەیدا.

وەك بینیمان كە گەنجان‌و لاوان چەندە كاریگەرانەو مەردانە توانییان بنیادێكی سیاسیی نوێ لە هەرێمی كوردستاندا دابنێن و بە هەموو دەستەڵاتێك بڵێن ئەوە ئێمەین ئایندە دیاری دەكەین‌و بڕیار لە سەر مانەوەی، كامە هێزی ویستمانەو بۆ بەرژەوەندیی ئەزموونەكەمان باشە، دەدەین. بۆیە ئەم هۆشیارییەی كە ئەمجارە گەنجانی كوردستان لەلایان دروستبوو دڵخۆشكەرەو روونیی ئاسۆكانی داهاتووش بەرجەستە دەكاتەوە لە خۆیدا، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین كە نابێت ئەم هۆشیارییە بە ئاقاری كەفوكوڵی رووكەشانەو هوتافی سەرشەقامەكان بەتاڵ ببێتەوەو دواجار نەبێتە هێزێكی كاریگەرو بەردەوامیەت بە خۆی بدات، بۆیە ئەركی هەموو گەنجانە لەم قۆناغەدا بەبێ جیاوازی راو فیكرو بیرو باوەڕیان بەیەكەوە خەریكی دروستكردن‌و بنیادنانی گوتارێكی هاوبەشی ئەوتۆ بن، كە بەرژەوەندیی میللەتەكەمان‌و ئەزموونەكەمان لە پێش هەموو شتێكەوە ببینن‌و كاریش بكەن بۆ بە هۆشیاركردنی هاوڕێ‌و هەڤاڵەكانی خۆیان تا هەموویان بەیەكەوە هەر بە هێزێكی كاریگەر بمێنن‌و بتوانن تەرازووەكان بەلای چاكیدا ببەن‌و هەموو شتەكان بە مەحەكی بەرژەوەندییە بڵندەكان بپێون، نەك هەست‌و سۆزی رووكەشانەی كاتیی.

هاوكات ئەوەی لەسەر گەنجان پێویستە ئەوەیە كە هەست بە پێگەی خۆیان بكەن، بەوەی كە دەتوانن لە هەموو قۆناغێكدا كاریگەریی خۆیان هەبێت‌و هەردەم خۆیان زیندوو نیشانبدەن لە گۆڕەپانەكەداو بە چالاكییەكانیان ئەم زیندوێتییە نمایش بكەن‌و ئەدای ئەوكارانە بكەن كە لەسەریان ئەرك‌و پێویستە، ئەمە جگە لەوەی كە بەر لە هەموو شتێك بیر لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆمان بكەینەوە بەرامبەر بە نیشتمان‌و نەتەوەبیوونمان‌و چارەنووسی ئەم هەرێمەی كە سەدان ساڵە لە ململانێ‌و خەباتێكی نەپساوەی رۆڵەكانیدایە بەرامبەر دوژمنانمان، كە ئەمەش دەبێتە ئەركێكی مۆراڵییانە كە هەموو مرۆڤێك دەبێت پێوەی پابەند بێت، ئەمە جگە لەوەی ئێمە لەهەر قۆناغێكدا بەرامبەر بە نەوەی داهاتووشمان بەرپرسیارین بەوەی كە رۆڵببینین لە گواستنەوەو تێپەڕاندنی قۆناغەكەو سپاردنی بە ئەوانی دی، كە ئەمەش دواجار دەبێتە ئەركێكی مێژوویی مرۆڤەكان.

لەگەڵ ئەوەشدا كە هەرێمی كوردستان خاوەنی تایبەتمەندیی گەلێكە، كە بە دڵنیاییەوە ئەركەكەمان جیاوازترە، بۆیە دەبێت گەنجان‌و لاوان بەسەركەوتووانە ئەم تایبەتمەندییانە هەزم بكەن‌و تێیان بگەن، هەر بۆیەش پێموایە لەم قۆناغەدا ئەركمانە كە بەگژ ناعەدالەتیدا بچینەوەو ئەو گەندەڵییانەی كە لەلایەن ئەو لێپرسراوانەی هەست بە لێپرسراوێتیی ناكەن‌و ماڵی ئەم میللەتە بەهەدەر دەدەن، بە دەنگ بێین‌و بە بەڵگەوە بۆ رای گشتییان ئاشكرا بكەین‌و راپێچیان بكەین بۆ بەردەمی دادگا، دیارە ئەمەش بەوە دەبێت كە هەریەكێك لە ئێمە لە شوێنی خۆیەوە بە وردیی چاودێریی كارەكانی حكومەت بكات‌و هەر كەسێك گەندەڵییەكی بینی لە رێگای ئامرازەكانی راگەیاندنەوە، ئاشكرای بكەن بۆ رای گشتیی.

arezsmko@yahoo.com
* مافپەروەر

# هیچ كەسێك لە دەستی عەدالەت رزگاری نابێت!!



سەڵاح رەشید

## تۆڵە بە سەبرە
## ئەمما بە زەبرە

سەروەریی یاساو سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی دادوەریی بنەمای هەموو سیستمێكی دیموكراسی‌و سەنگی مەحەكی هەموو دامودەزگایەكی ئازادە، هەر كاتێك كێشەو دوودڵیی كەوتە سیستمی دادوەرییەوەو یاخود هەست كرا كە دادگا سەربەخۆ نییەو حیزب‌و حكومەت دەست دەخەنە ناو كاروبارییەوە، ئەو كاتە ناتوانرێت بە سیستمەكە بوترێت سیستمی ئازادو سەربەست‌و دیموكرات‌و دادپەروەر.

سەروەریی‌و سەربەخۆیی یاسا، واتا هەموو هاوڵاتییان بێ گوێدانە پلەو پایەی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌و دارایی یەكسانن بەرامبەر بە دادگاو ناونیشان‌و كەسایەتی هەموو هاوڵاتییان لەبەردەم دادگادا تەنها مەلەفەكانن.

چەند خۆشە لە وڵاتێكدا بژیت كە هەر هیچ نەبێت، لەبەردەم دادگادا تۆو خاوەن كارەكەت، تۆو لێپرسراوە سیاسی‌و سەربازییەكەت، تۆو بەڕێوەبەرەكەت‌و تۆو سەرۆكەكەت وەك یەك وابن‌و هەمان مافتان هەبێت‌و پارێزراوبێت!!

یاسا دەبێت یەك چاوی هەبێت‌و تاقە ویژدانێك‌و بەرپرسی یەكەم‌و كۆتایی بێت بەرامبەر بە هەموو رووداوێك كە بچێتە بەردەمی، لە یاسادا (كات‌و ماوە) كاریگەری لەسەر ناوەڕۆكی كێشە نابێت، پەرگرافی یاسا كۆن نابێت‌و مافیش پیر نابێت‌و عەدالەتیش سەبری ئەیوبی هەیە!

ئەلبێرتۆ فوجیمۆری كە لە ١٩٩٠دا بە سەرۆكی وڵاتی پیرۆ هەڵبژێردراو تا ساڵی ٢٠٠٠ سەرۆكی ئەو وڵاتە بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەو ساڵەدا سەرەڕای ئەوەی كە هەڵبژاردنی بردەوە، بەڵام تۆمەتباركرا بەوەی كە هەوڵی داوە دەنگی هێزی بەرامبەری بە نایاسایی بكرێت‌و ئەوەبوو هەڵبژاردنەكە بەتاڵكرایەوەو دوای هێنان‌و بردنێكی زۆرو درێژخایان، لە ٢٢ ئەیلولی ٢٠٠٧ دا فۆجیمۆری بە زیندانی لە یابانەوە هێنرایەوە بۆ پیرۆو زیندانی كرا بە تۆمەتی كوشتن‌و ئەشكەنجەو گەندەڵی‌و لەژێر سێبەری سەروەریی یاسادا، سەرۆك كۆمار ژووری بەندیخانەی بە نسیب بوو..

ئەوگوستۆ پینۆچێت، لە ١٩٧٣-١٩٩٠ سەرۆك كۆماری شیلی‌و سەرۆكی ئەنجومەنی سەربازیی ئەو وڵاتە بوو، لە كۆتایی ١٩٩٨دا بەسەردانێك وەك ئەندام پەرلەمان‌و سەرۆك كۆماری پێشوو گەیشتە لەندەن‌و لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە (مارگرێت تاچەر) پێشوازی لێكرا. لە كاتی حەوانەوەیدا لە لەندەن، دادگای ئیسپانیا داخوازییان پێشكەش بە دادگای ئینگلتەرا كرد بۆ تەسلیمكردنەوەی پینۆچێت بە دادگای ئیسپانی بەهۆی تۆمەتباركردنی بە كوشتنی بەكۆمەڵ‌و تێرۆكردن‌و لەناوبردنی هاوڵاتییانی ئیسپانی، بەهۆی ئەو داخوازییەی ئیسپانیاوە، پۆلیسی لەندەن پینۆچێتی زیندانی كرد، لەهەمانكاتدا سویسرا، فەرەنساو بەلجیكاش داخوازییان پێشكەشكرد كە تەسلیمی ئەوانیش بكرێت.

بەهۆی نەخۆشییەوە دادگای ئینگلتەرا لە نیسانی ١٩٩٩دا بڕیاریدا كە پینۆچێت بنێرێتەوە بۆ وڵاتی خۆی (شیلی)، لەوێش كەوتە بەردەم رەحمی دادگاو لە سەرەتادا هەموو حەسانەیەكی دیبلۆماسی لێسەنرایەوەو تا مردنیشی لە ٢٠٠٦/١٢/١٠ لە ماڵەكەی خۆیدا لەژێر چاودێریی پۆلیسدا دەستبەسەر بوو.

ئێریش میلكە، ناوێكی دیارە لە مێژوی ئەڵمانیای دیموكراتدا، لە ١٩٥٧ تا ١٩٨٩ وەزیری ئاسایشی ئەو وڵاتە بوو، بە واتایەكی تر بەدەسەڵاتترین كەسایەتیی ئەو وڵاتە بوو، دوای روخاندنی ئەڵمانیای دیموكرات، دادگای بەرلین لە ١٩٩٣دا میلكەی تاوانباركرد كە لە ٩ ئابی ١٩٣١داو لە ئەنجامی خۆپیشاندانداندا لەگەڵ هاوڕێیەكی دوو پۆلیسیان كوشتووە، بۆیە دادگاش میلكەی ٨٦ ساڵی پەكەوتەی بە ٦ساڵ زیندانی حوكمدا بە تاوانێك كە ٦٢ساڵ لەوەوپێش رووی دابوو.

جۆن دیمانیك، سەربازێكی ئەڵمانی بە رەگەز ئۆكرانی كە لە جەنگی جیهانی دووهەمدا سەرباز بوو و پاسەوانی چەند ئۆردوگایەكی نازییەكان بوو كە جولەكەكانی تێدا زیندانی كرابوون، دوای كۆتایی جەنگی جیهانی دووهەم، هەڵهات بۆ ئەمریكا، لەوێ لە ١٩٨٦دا دادگا داخوازییەكی ئیسرائیلی قبوڵكرد بە تەسلیمكردنەوەی جۆن دیمانیك بە دەوڵەتی ئیسرائیل‌و تاوانباركردنی بە كوشتنی جولەكە لە ئۆردوگای (تربلینكا)، ئەوە بوو دادگای ئیسرائیل بڕیاری لەسێدارەدانیدا، بەڵام لە ١٩٩٣ ئەو بڕیارەی هەڵوەشایەوەو ئەو بێتاوان دەرچوو و گەڕایەوە بۆ ئەمریكا.

لە ٢٠٠١ جۆن دیمانیك لە ئەمریكا درایەوە بە دادگا بە تاوانی كوشتی جولەكە لە چەند ئۆردوگایەكی ترداو لە ئەنجامی چەندەها پرۆسەی دادگاییكردندا، دادگا لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا بڕیاریدا كە رەگەزنامەی ئەمریكی لێوەرگرێتەوە كە لە ساڵی ١٩٥٨ وەریگرتبوو، هەمان دادگا لە ٢٤ مارتی ٢٠٠٩دا رەزامەندیی لەسەر داخوازی ئەڵمانیا دەربڕی بۆ تەسلیمكردنی جۆن دیناميك بە دادگای شاری میونخ كە لەوێ تاونبار كراوە بە هاوكاریكردن بۆ لەناوبردنی ٢٩ هەزار هاوڵاتیی جولەكە لە ئۆردوگای سۆبیبۆر.

لە ١٢ مایسی ٢٠٠٩وە جۆن دیناميك لە زینداندایە لە ئەڵمانیاو چاوەڕێی دادگایەكی سەربەست‌و ئازاد دەكات..

هاینریش بۆیرە، سەربازێكی ئەڵمانی بووە لە ئاب‌و ئەیلولی ١٩٤٤دا لە كاتی جەنگی جیهانی دووهەمدا، ٣ هاوڵاتیی هۆڵەندی كوشتووە، ئێستا پیرو نەخۆش‌و تەمەن ٨٨ ساڵە، لە تشرینی یەكەمی ٢٠٠٩دا لەبەردەم دادگای شاری ئاخنی ئەڵمانیدا دادگایی كرا بە تۆمەتی كوشتنی عەمدی سێ هاوڵاتیی هۆڵەندی.

پێشینان وتوویانە: تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە!! بۆیە غەدركردن كۆن‌و پیر دەبێت، بەڵام نامرێت‌و لەیاد ناچێتەوە.

كەم هاوڵاتی هەیە لە ناوچەی ناوەڕاست‌و عێراق‌و كوردستان كە ناوی (جاك شیراك)ی نەبیستبێت كە لە ١٩٧٧ تا ١٩٩٥ پارێزگاری شاری پاریس بووەو دوای ئەوەش تا ٢٠٠٧ سەرۆك كۆماری فەرەنسا بووە،

ئێستا جاك شیراك تۆمەتبار كراوە بەوە لە كاتێكدا كە پارێزگاری شاری پاریس بووە، دەسەڵاتەكەی بە نایاسایی بەكارهێناوەو بە دزینی ماڵی دەوڵەت لە رێگای دامەزراندنی چەند كارمەندێك لە حكومەتدا، كە لە راستیدا یان بۆ حیزبەكەی شیراك (دیگۆلییەكان) كاریان كردووە، یاخود بۆ كەسانی نزیك بە شیراك!!

جاك شیراكی ناوداری تەمەن ٧٦ ساڵ، دێننە بەردەم دادگا بە تۆمەتی بردنی پارەی دەوڵەت بۆ حیزبەكەی كە (حیزبی حاكم) بووە، ئای لەو رۆژەی لە شیراكەكانی ئێمەش دەپرسنەوە!!

ئەمانە هەندێك نموونەی زۆر كەمی زیندوون لە رۆژژمێری چەند وڵاتێكدا كە دادگا سەروەرو سەربەخۆو ئازادەو لەسەر بناغەی (هەمووكەس بەرامبەر بە دادگا یەكسانە) كاردەكەن!!

عەدالەت لە وڵاتی عەدلدا هەمیشە سەردەكەوێت، پیری‌و رەگەزنامەو ناوگۆڕین‌و خۆشاردنەوە هیچ سوودی نابێت بەرامبەر بە دادگایەكی سەربەخۆ كە بەرگریی لە بەرزترین بەهای مرۆڤایەتی دەكات.

مارتین لوتەر كینگ، پارێزەری مافی مرۆڤ‌و مافی رەشپێستەكانی ئەمریكا لە ٢٨ ئابی ١٩٦٣دا بەرامبەر بە ٢٥٠هەزار هاوڵاتیی ئەمریكی لە واشنتۆن، وتارە بەناوبانگەكەی خوێندەوە (من خەوێكم هەیە)، خەوی بەو رۆژەوە دەبینی كە هاوڵاتییانی ئەمریكی، رەشپێست‌و سپیپێستەكان بەیەكەوەو بێ جیاوازی رەنگی پێست كاربكەن‌و بە ئازادی‌و سەربەستی بژین..

هاوڵاتییانی كوردستان، ئەوانیش وەك مارتین لوتەر كینگ خەو بەو رۆژەوە دەبینن كە دەسەڵاتی دادوەریی سەروەرو ئازاد بێت، هیچ دەزگاو كەس‌و لایەنێك نەبێت لەسەرو یاساوە، دادوەر پێویستە لە هیچ كەس‌و لایەنێك فەرمان‌و رێنمایی وەرنەگرێت‌و گوێڕایەڵی هیچ گروپ‌و حیزب‌و جەماعەت‌و سەركردەیەك نەبێت، جگە لە ویژدان‌و ئەو سوێندەی وەك یاساناسێك خواردویەتی كە تەنهاوتەنها ملكەچی دەسەڵاتی دادوەردەبێت.

هەموو خەو بەو رۆژەوە دەبینین، كە هەموو ئەو كەسانەی كە بەشێوەیەك لە شێوەكان بە قەسدی زیانیان بە مافی گشتی‌و تاك گەیاندووەو یاسایان پێشێلكردووە، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەكراوە، بێنە بەردەم دادگا..

دڵنیاین، ئەو رۆژە دێت كە بەبێ گوێدانە تەمەن‌و باری تەندروستی‌و پلەو پایەی سیاسی‌و ئیداری‌و كۆمەڵایەتی، هەموو ئەو كەسانە دێنە بەردەم دادگا، كە بەرپرس بوون لە كوشتن‌و لەناوبردن‌و زیندانیكردن‌و تێرۆركردن‌و ئەشكەنجەدانی هاوڵاتییانی كوردی بێتاواندا..

رۆژێك دێت كە هەموو ئەوانەی كە هاوكاربوون‌و زەمینەخۆشكەر بوون بۆ ئەنفال‌و كیمیاباران‌و كۆمەڵكوژیی‌و لەسێدارەدان‌و رەمیكردنی رۆڵەكانی گەلەكەمان لە ناو شەقام‌و شوێنەگشتییەكانی شارەكانی كوردستانداو بە چەپڵەڕێزان كۆتاییان بە رەمیكردنەكان دەهێنا، وەك لێپرسراوە بەرزەكانیان كە ئێستا لە قەفەسی لێكۆڵینەوەدان لە بەغدا، ئەوانیش هەمان چارەنووسیان دەبێت‌و هەر لەو قەفەزانەدا ئەوانەش دەبینینەوە.

رۆژێك دێت كە هەموو ئەو بەرپرسە كۆنانە دەبینینەوە كە دەستیان بەسەر سامانی میللەت‌و گشتیدا گرت‌و خۆیان‌و كەسوكارو خانەوادەو جەماعەتەكانیان زۆر بە نایاسایی پێ دەوڵەمەندو خاوەن دەسەڵات كرد.

ئەو رۆژە دوور نییە كە مانشێتی رۆژنامەكان‌و هەواڵی یەكەمی میدیاكانی جیهانی دادگاییكردنی ئەو لێپرسراوە حكومی‌و حیزبییانە دەبێت كە پلەو پایەو ناوی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان‌و حیزبەكانیان‌و بنەماڵەكانیان بەكارهێناوەو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان لە هەموو ئاستێكدا لە پلەی یەكەمدا بوو..

ئەورۆژەسبەینێیەوهەمووئەوانەدەدرێنە دادگا كە بە ئارەزووی خۆیان هاوڵاتییانیان زیندانیی دەكردو بێسەروشوێنیان دەكردن‌و بۆ هەمیشە ونیان دەكردن، بە بیانووی سەیروسەمەرەی سیاسی‌و پێشمەرگایەتی‌و ئەمنییەوەو خۆیان كردبوو بە دادوەرو فەرمانی ئیعدامیان بۆ هاوڵاتییان دەردەكرد!!

ئەو رۆژە نزیكە كە چەند دادوەرێكی گشتیی ئازای چاونەترسی سەربەخۆی جوامێر سكاڵا لەسەر چەند كۆنە لێپرسراوێكی پیر بەرزدەكەنەوەو رایاندەكێشن بۆ بەردەم دادگا بە تۆمەتی گەندەڵی‌و دزی‌و دەستەبەسەراگرتنی ماڵی گشتی‌و زەوتكردنی ئازادیی‌و بەندكردن‌و ئەشكەنجەدان‌و تێرۆكردنی هاوڵاتییان. هەموو ئەوانە دێنە بەردەم دادگا كە باشترین‌و گەورەترین پارچە زەوی‌و جوانترین گوندو شارۆچكەو گەورەترین كارگەو جوانترین سەیرانگاو بەرزترین گردو قەشەنگترین لاپاڵ‌و گرانترین بیناو گرنگترین گەرەكیان زۆر بە ( قانونی) بۆ خۆیان‌و حیزبەكانیان تاپۆ كردووە!

ئەو رۆژە زۆر دوور نییە كە بە فەرمانی دادوەری خۆمان دەست بەسەر هەموو كۆنتۆو باڵەخانەو كارگەو خانوو و سامان‌و بەرژەوەندییەكانی ئەو كەسانە لە ناوەوەو دەرەوەی كوردستاندا دەگیرێت‌و دەگێڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتیی دەوڵەت..

ئەستێرەی گەشی هەموو كوردێك بە گشتی‌و لێپرسراوە بەشەرەفە پاك‌و شەفاف‌و خوێنەویست‌و ئازاكان لە پرۆسەی لێپرسینەوەی گەندەڵەكاندا زیاتر دەدرەوشێتەوەو ناویان نەمر دەمێنێتەوەو دەبنە جێی شانازیی میللەت.

ئای لەو رۆژە كە هەموومان دڵخۆشین‌و شانازیی بە دەسەڵاتی دادوەری ئازای سەربەخۆو هاوڵاتیبوونمانەوە دەكەین‌و هەرهەمووشمان ئامادەی بەرگریی دەبین لە وڵات‌و حكومەت‌و سیستمێك كە خەمی هەمووان وەك یەك بخوات‌و خۆی بە لێپرسراوی هەمووان بزانێت، بەدەر لە هەموو بۆچوونێك‌و ئینتیمایەكی سیاسی‌و فیكری‌و كۆمەڵایەتی.

كەس بڕوا ناكات كە چارەنووسی هیچ یەكێك لە لێپرسراوە گەندەڵ‌و دزەكانی ئێمە، لە جاك شیراك‌و فوجی مۆری‌و پینۆچێت‌و میلكە باشترو روناكتر بێت‌و ئەوانیش هیچ كاتێك لەوان گەورەترو بە دەسەڵاتترو ناودارتر نەبوون.

**ئەو رۆژە نزیكە كە چەند دادوەرێكی گشتیی ئازای چاونەترسی سەربەخۆی جوامێر، سكاڵا لەسەر چەند كۆنە لێپرسراوێكی پیر بەرزدەكەنەوەو رایاندەكێشن بۆ بەردەم دادگا**









ڕاکردن منی هەڵبژارد

"ئیسماعیل عوسمان"بە وێنە دڕاو و شکاوەکانی سەددام حوسێنەوە، لە ڕۆژێکی پشووی خوێندکارانی زانکۆی تەکنەلۆژیدا، شەقام بە شەقامی بەغدا پەی دەکا تا جێیەک بدۆزێتەوە و ئەو بەڵایە لە کۆڵی خۆی بکاتەوە کە لە ساتەوەختێکی تایبەتیدا، خۆی بە سەری خۆی هێناوە!

هەر نوێنێکی ژووری خوێندکاران وێنەیەکی سەددامی بە دیارەوە بوو. ئیسماعیل عوسمانیش لە شەوێکدا کە بە تەنها لە ژوورەکەدا بوو، لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و وێنەکانی هێنانە خوارێ و بە پێڵاوەوە چووە سەریان. داخی دڵی خۆی پێ دەرکردن و تا بەیانی لێی خەوت. کە بەیانی بە ئاگا هاتەوە پەتی سێدارە بە بەر چاوی زەینیدا جۆلانەی دەکرد. چی لەو کەرت و پارچانەی وێنە و جام و چوارچێوانە بکات؟! شوێنێ لە بەغدا نەبوو چاوی بەعس چاودێری نەکا! بە شەقامەکانی بەغدادا سووڕایەوە... ماوەیەکی زۆر سووڕایەوە تا پەنایەکی دۆزییەوە و ئەو "ئازیزە دەگمەنە!"ی لەکۆڵی خۆی کردەوە...

ئەمە چیرۆک نییە، ڕۆمانی خەیاڵکردیش نییە. ئەمە باسێکە ناوبراو لە کتێبێکدا باسی کردووە کە لە تکۆتایی ئۆکتۆبەری 2009دا، لە سوید، بە زمانی سویدی بڵاو کراوەتەوە و ڕەواجێکی باشی هەیە. ئایە ئەمەریکا لەو ڕووداوانە خەتابارە کە لە عیراقدا ڕوو دەدەن یا ئەوە سروشتی عیراق خۆیەتی و کوردیشی ڕەنگڕێژ کردووە؟

خوێندنەوەی ئەو کتێبە دیمەنێکی زندووی عیراق و سیاسەتی کوردستان دەخاتە بەر چاوی ئەو لاوانەی ئاشنایەتی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ شۆڕش و حیزبایەتی کورددا نییە و خۆشبەختانە دۆزەخی بەعسیان نەدیوە...

"ڕاکردن منی هەڵبژارد" کتێبێکە شایستەی خوێندنەوەیە و خۆشبەختانە کراوەتە کوردی و لە دەرفەتێکدا بڵاو دەکرێتەوە





سەرباری خزمەتگوزارییە پێشەنگەکانی، ئاسیاسێڵ ئەمرۆ دەسپێشخەریەکی نوێت پێشکەش دەکات.
(هێڵی گەنجان) کە هەلی سەرنجراکێش و ناوازە دەگرێتەخۆ تەنها بە ١٠ دۆلارە و بەشداربوونی مانگانەی تەنها ١ دۆلارە. لە(ماوەی گەنجان) واتە لە ١٢ شەووەوە تا 9 ی بەیانی نرخی یەک دەقیقە پەیوەندی تەنها ١ سەنتەو لەگەڵ ١٠٠ کورتەنامە SMS ی بێبەرامبەر لە مانگێکدا.
ئەمەو خزمەتگوزارییەکانی GPRS بە ڕێژەی ٨٠٪ دادەشکێت.
هەروەها دەبیتە بەشداربووی بێبەرامبەر لە هەریەک لە خزمەتگوزارییەکانی (دۆستان و بای بای)

هێڵی گەنجان!
Prepaid Line

ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە

www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١